# كارل ڤۆن كلاوزەڤتز

نوسینی

**مایكل هۆوارد**

وەرگێڕانی لەفارسییەوە

**كـەمـال رەشـید شـەریف**

٢٠٠٦

# پێڕست

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی ............................................ | ٥ |
| ١ـ سەردەمی کلاوزەڤتز.......................... | ١٥ |
| ٢ـ زەمینەی فیکری.............................. | ٣٣ |
| ٣ـ زەمینەی سەربازی ............................. | ٤٠ |
| ٤ـ زەمینەی سیاسی.................................. | ٤٤ |
| لەبواری جەنگدا.................................... | ٥٢ |
| تیۆری و پراکتیك لەجەنگدا.................... | ٥٥ |
| ئامانج و هۆکار لەجەنگدا....................... | ٨٠ |
| جەنگی سنوردار و جەنگی سەرتاپاگیر...... | ١٠٦ |
| میراتی کلاوزەڤتز............................ | ١٣٠ |

## پێشەکی

برنارد برۆدیی بیریاری ئەمریکایی بۆ مەسەلە ستراتیجییەکان بوێرانە دەربارەی کتێبی (لەبارەی جەنگ)ی کارل فۆن کلاوزەڤتزەوە وتویەتی: ((ئەم بەرهەمە، نەك تەنها لەرێزەی گرنگەکانە، بەڵکو تاقە کتێبی گرنگە دەربارەی جەنگ)). رەتکردنەوەی ئەم بۆچوونە کارێکی قورسە، چونکە هەر کەسێ هەوڵ بدا ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بەتیۆری جەنگەوە هەیە کۆبکاتەوە، تا کۆمەڵەیەك دروست بکا کە شایستەی بەراوردکردن بێ بەجەنگی پەیوەندیدار بە ئەندێشەی کۆمەڵایەتی، سیاسیو ئابوورییەوە، ئەوا بۆی دەردەکەوێ کە تا چەند رکەبەرایەتی کردنی کلاوزەڤتز کارێکی سانا نییە.

ژمارەی ئەو نوسەرانەی توانیویانە وەك ناوبراو پێ لەسنوری هۆشمەندییەکانی خۆیان، کە هەلومەرجی سنووورداری سیاسیو تەکنەلۆجیای سەردەمی خۆیان بەسەریاندا سەپاندبووی، ئەولاتر بنێن، بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن. زۆر کەس رەوشی فیکری نەوە یەك لەدوای یەکەکانی دەربارەی جەنگ وەسف کردووە، بەلاّم ژمارەیەکی ئێجگار





کەمیان بوون بەهۆکار بۆ قوڵبوونەوەمان لەم وتەیە. مەبەست ئەو کەسانەیە کە رۆچوونەتە ناو قولاّیی دیاردە لەقەکانی سەردەمی خۆیانو جەنگیان، نەك وەك پیشەیەك، بەڵکو وەك هەنگاوێکی کۆمەلاّیەتی ـ سیاسی تاوتوێ کردووەو بەکارهێنانی ئامانجدارو رەوای زەبرو زەنگیان بۆ بەدەستهێنانی مەرامی سیاسی لە هەنگاوەکانی تر جیاکردووەتەوە. لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەدار، لەنوسینی سون تسو[1] بەناونیشانی هونەری جەنگ The Art of War، کە لەوانەیە لەسەدەی چوارەمی پێش زایین دا نوسرابێ، لەبەردەستدایە. لەبەرهەمەکانی جومینی دا[2]، کە هاوچەرخی کلاوزەڤتز

---

[1] Sun Tzu (ساڵی ٥٠٠ی پ. ز. مردووە) ناوبانگی ئەم نوسەرە بۆ کتێبی بچووکی هونەری جەنگ دەگەڕێتەوە کە بۆ سوڵتانی چی (بەشێك لە شاندونگی ئێستا) نوسیبووی. ئەم کتێبە لە ١٣ بەشی کورت پێکهاتووەو بە یەکەمین بەرهەمی بواری ستراتیجیو تیۆری سەربازی دادەنرێ. لە کتێبەکەدا ئاماژە بۆ سوود وەرگرتنی دروست لەغافلگیری، جموجۆڵ، وەرچەرخانو فێڵ کراوەو ئەم کتێبە چەندین ساڵ وەك رێنوێنیکاری سوپای چین بەکار هێنراوەو لەزۆربەی جەنگە پارتیزانەکاندا ئیلهامی ماوتسی تۆنگ بووە (وەرگێڕ).

[2] Antoni Barone de Jomini (١٧٧٩ ـ ١٨٦٩) مێژوونوس، تیۆری داڕێژو جەنەراڵی سویسری. جومینی بەشداری جەنگەکانی ناپلیۆن (١٨٠٠ ـ ١٥)، روسیا دژی تورکیای عوسمانی (١٨٢٨ ـ ٢٩) ی کردووەو چەندین ساڵ خزمەتی سوپای روسیای کرد تا وەك ئەفسەری یاریدەدەری تزار نیکۆلای یەکەم دانرا. لە بەرهەمەکانی دەتوانرێ ئاماژە بۆ پوختەی هونەری جەنگ Prēcis de L’art de la guerre بکرێ. ژومنی لەسەربناغەی جەنگەکانی فردریکی گەورە کتێبێکی بەناونیشانی پەیامی ئۆپەراسیۆنە

بـوو، چـەند فەسـڵێكی دەربـارەی جـەنگ هەیـەو لـەناو نوسـینەكانی لیـدل هارتدا[٣] چەند عیبارەتێكی پەرتەوازە دەبینـرێ. هـەروەها لـە بەرهەمـەكانی فولـەری[٤] هاوچـەرخی لیـدل هـارت دا هەیـە. لەنوسـینەكانی مـاركس، ئەنگلس، لینینو تروتیسكیش دا هەندێ بابەتی سەرنج ڕاكێش لـەم بـوارەدا

---

سەربازییە گەورەكان نوسی. پاش خوێندنەوەی كتێبەكە ناپلیۆن پلەی عەقیدی بەخشییە ناوبراو. (وەرگێڕ)

[٣] Sir Basil Henry Liddle Hart (١٨٩٥ ـ ١٩٧٠) ئەفسـەری سـوپای بـەریتانیا، تیۆری دارێژی مەسەلە سەربازییەكانو مێژوونوس. لیدل هارت لـەپاریس لـەدایك بـوەو بەشـداری جـەنگی (سـم)ی كـردووە. لەسـاڵی ١٩٢٤ ـ ١٩٣٩ پـەیامنێری بڵاوكـراوەی مۆرنینگ پۆست، دەیلی تەلەگرافو لەندەن تایمز بوو. لەساڵی ١٩٤١ كتێبی مـشتومڕ هـەڵگری خـۆی بـەناوی The Strategy of indirect Approach بڵاوكـردەوە. لیـدل هارت نوسەرێكی چـالاك بـوو، لـە ناوەڕاسـتی ١٩٢٠ ەوە تـا كۆتـایی تەمـەنی درێـژەی بەچالاكییەكانی خۆی دا. (وەرگێڕ)

[٤] John Frederich Charles Fuller (١٨٧٨ ـ ١٩٦٤) جەنەراڵی سوپای بەریتانیاو تیـۆری دارێـژی مەسـەلەی سـەربازی بـوو، بەشـداری جـەنگی دووەمـی بـەریتانیا دژ بـە بویرەكـان ـ ١٨٩٩ ـ ١٩٠٢)و یەكـەمین جـەنگی جیهـانی كـردووە. پـاش بڵاوبونـەوەی كتێبـی General Ship: Its Disease and Their Cure خانەنـشین كـرا. لەسـاڵی ١٩٣٣ ـ ٣٤ هاوكـاری سـێر ئۆزوالـد مـۆزلیو گروپەكـەی بـەناوی ((یـەكێتیی فاشیستەكانی بـەریتانیا)) كـردو ماوەیـەكیش پـەیامنێری دەیلـی میلـی لەنـدەن بـوو. لەكتێبـە بەناوبانگـەكانی دەكـرێ ئامـاژە بـۆ The Second World War (١٩٤٨)و History of Western World Military (١٩٥٦) لەسێ بەرگدا بكرێ. (وەرگێڕ).





هەیـە. هـەروەك لـەناو نوسـەرە پێـشەنگەكاندا هەنـدێ بۆچـونی شـاراوەی[٥] توسـیدیدو ماكیـاڤیلی كـەم تـا زۆر هەیـە، بـەڵام توێژینـەوەی یەكلایەنـەو سیستماتیك، كەشایستەی بەراوردكردن بەكلاوزەڤتز بێ، لەبەردەستدا نییـە. شـیكارانی مەسـەلە سـەربازییەكان زیـاتر پەنـدو ئامۆژگـاری دەدەنـە هاوچەرخانو كۆكەڵانی خۆیان، نـەك داڕشـتنی ڕێو شـوێنێكی نـەگۆڕ بـۆ نەوەكانی ئایندە.

كلاوزەڤتز بەهیوایەكی لەخۆ بوردنانەوە دەیـوت كەكتێبەكـەی پـاش دوو سێ ساڵ، ناكەوێتە فەرامۆشییەوەو ((لەوانەیە زیاتر لەیەكجار سەرنجی ئـەو كەسانە رابكێشێ كە حەز بەبابەتەكانی ئەم دەكەن)).(٦٤)، بـەڵام مـەرامی سەرەكی ناوبراو بریتیی بـوو لەكۆمـەك كردنـی هاوڵاتیـانو هاوچـەرخانی خـۆی. كـلاوزە ڤتـز ئەنـدامی یەكەیـەكی ئەفسـەری سـوپای پـروس بـوو، سەرسپێردەی بنەماڵەی هۆهنتسۆلین[٦] بوو و بەچاكی پـەی بەگـرفتەكـانی ئـەم بنەماڵەیە لـەبواری سیاسەتەكـانی ئەوكات، كە لـەژێر كاریگـەری

---

[٥] Obiter dicta شێوەی كۆی Obiter dictum واتـە رادەربڕینـی ڕێككـەوتنو زمنـی وتنو رەتكردنەوە. (وەرگێڕ).

[٦] Hohenzollerns بنەماڵەی پاشـایەتی دانیـشتوی برانـدنبۆرگی پـرۆس كـە لەسـاڵی ١٤١٥ ـ ١٩١٨ حوكمڕانی ئەڵمانیای كرد. پێـشینەی نـاوی ئـەم بنەماڵەیـە بـۆ سـەدەی نۆیەمو بۆ قەڵای زۆلرن دەگەڕێتەوە. لەساڵی ١٤١٥ یـەكێ لەئەنـدامانی ئـەم بنەماڵەیـە وەك سـەرۆكی دیـوانی برانـدنبۆرگ دانـراو دوا سـەرۆك دیـوانی ئـەم بنەماڵەیـە، واتـە فردریكی سێیەم لەساڵی ١٧٠١، تاجی پاشایەتی لەسەر نـاو نـاوی فردریكـی یەكـەمی

شۆڕشی فەڕەنسادا بوو، دەبرد.

کلاوزەڤتز باوەڕی وابوو کە مەترسی هێرشی فەڕەنسا، لەلایەن هێزە ئەوروپییەکانەوە لە ١٨١٤ـ١٥ کۆنترۆڵ دەکرێ، بەڵام لەناو نابرێ. جگە لەوە ناوبراو هەوڵی تێگەیشتنی دابڕاوانەی جەنگی دەداو لەم سۆنگەیەوە دەیویست دڵنیا بێ کە پێویستە لەئاییندەدا پرۆسو هاوپەیمانەکانی بتوانن بەخێرایی زیاترو بەشێوەیەکی کاراتر دژی دوژمنی دێرین بێنە مەیدانی جەنگەوە. لەمانەش گرنگتر کلاوزەڤتز مامۆستایەکی زانکۆ، لەیەکێ لەکۆلیجەکانی زانستی سیاسی دا نەبوو، بەڵکو سەربازێکی پرۆفیشناڵ بوو کە بۆ هاوڕێبازەکانی خۆی دەینوسی. کلاوزەڤتز زۆر ووردبینانە لێکدانەوەکانی خۆی لەسەر بابەتێك چڕدەکردەوە، تا ببێتە چارەسازێ بۆ فەرماندەیەکی مەئموری نەخشەسازی جەنگێكو ئومێدێکی پتەوی بە تێڕامانەکانی ترسی مرۆڤ، کە نەیدەتوانی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ واقعییەتەکاندا هەبێو ئەو کێشانەی کە نەدەکرا بەهێنانەوەی نمونە نیشان بدرێ، هەبوو، بەهەمان شێوە بەو بنەمایانەی کە پەیوەندییان بەکێشەکەوە نەبوو. ئاشکرایە کلاوزەڤتز وەك بیرمەندێك لەهەوڵی بنەمای کێشەکەی خۆیدا بوو، هەرچەندە هەمیشە سەرگەرمی پێکەوە گرێدانی تیۆریو پراکتیك بوو، بەڵام بەئەنقەست خۆی لە لێکۆڵینەوەی سەرجەم لایەنەکانی

---

لەخۆی نا. پاشاکانی پرۆس لە ١٨٧٢ ـ ١٩١٨ بەئیمپراتۆری ئەڵمانیا ناو دەبران ..وەرگێڕ.





بابەتە تایبەتەکە، کە پەیوەندییەکی زۆریان بەجەنگی جێ مەبەستی ناوبراوەوە نەبوو، دەدزییەوە.

کلاوزەڤتز نوسیویەتی:

**((ڕێبەری کردنو بەڕێوەبردنی جەنگ پەیوەندی بەدروستکردنی تفەنگو باروت لەخەڵوزو بەرد، سۆلفەر، پۆتاسیۆم نایتریت و مسو قوڕقوشمەوە نییە، بەڵکو تایبەتمەندییەکانی خۆی لەچەکی ئامادە بۆ بەکارهێنانو کاراییەکانیدا شاردوەتەوە. ستراتیجی سود لەنەخشە وەردەگرێ، بێ ئەوەی گوێ بەلێکدانەوەی سێگۆشەیی بدا. ستراتیج کاری بەمەوە نییە کەوڵات دەبێ چۆن ڕێکبخرێو خەڵك چۆن دەبێ فێر بکرێنو بەڕێوەببرێن تا باشترین دەرەنجامی سەربازی بەدەست بێ. لەدیدی ستراتیجییەوە ئەم مەسەلانە جیاوازییان لەگەڵ دۆخە هاوشێوەکانی ناو کۆمەڵی نەتەوە ئەوروپییەکاندا نییە. . . ))**(١٤٤).

کەواتە کلاوزەڤتز جیهانگیری دەکاتە قوربانی بەرژەوەندگەریو ساکاری. هەرچۆنێ بێ ناتوانرێ بوترێ کە ناوبراو بەتەواوی ئاگای لەئاستی ئەم لەخۆبوردەییە هەبووە. کارێکی زۆر سانایە پاش دوو جەنگی جیهانی، ڕەخنە لەتیۆرییەکی جەنگی بگیرێ کەفاکتەری بنەڕەتی بەردەوامی جەنگ، واتە هەڵکەوتی ئابوری ڕەچاو نەکردبوو، بەڵام هەرچۆنێ بێ نابێ وەك چەمکێکی بوژاندنەوەی بیری کۆنەپەرستانە لەقەڵەم بدرێ. ئەو کورت بینییە تیۆرییەی لەبارەی سروشتی جەنگەوە دەکرا، وای دەخوازی تا

لەلێکۆڵینەوەی سەردەمی ناپلیۆن دا کەسێك بەئەندازەی کلاوزەڤتز، غافڵ بێ لەرۆڵی سیستمی قارەیی، لەستراتیجی ناپلیۆنو لەوانەیە لەڕوخانیشیدا، هەروەها دەربارەی هەوڵی ناپلیۆن لەسودوەرگرتن لەفاکتەری ئابوری، بەهەمان شێوەی ئامرازی لەمکۆمکردنو پاراستنی ماڵو موڵکەکانی دا. هەرچەندە غەفڵەتەکەی کلاوزە ڤتز لەهێزی دەریایی لەجەنگدا شایستەی قوڵبونەوەیە، بەڵام سەیر نییە، چونکە ئۆقیانوسەکان لەدیدی کەلتوری ناوبراودا جێگای نەبووە. لەڕاستیدا، زیاتر دەبێ لەوە سەرمان سوڕ بمێنێ پسپۆرێکی پرۆس ـ ی مەسەلە تیۆرییەکان، کە وڵاتەکەی پلەی زلهێزێکی سەربازی هەبوو، لەبەڕێوەبردنی ئابوریی دا وەك سەرکەوتنە سەربازییەکان، شارەزاییەکی قوڵی هەبوو، بەکردەوە بەشێك لەو سوپایە لەبەرچاو نەگرێ کە لەسەردەمی فردریکی گەورەوە ببوە وێردی سەرزمانی هەموو سەربازە دەوڵەتمەردو بۆرجوازییەکی پروس. لەوانەیە ئەم تاك رەهەندییە، لەسنوردارێتییەکان یان وا بەستەگییەکانی خودی کلاوزەڤتزەوە سەرچاوەی گرتبێ. ئەگەری زۆری ئەوە هەیە ناوبراو کەوتبێتە ژێر کاریگەریی جەنگە گەورەکانی ناپلیۆنەوە، کە تەمەنێکی لەپێناوی دا خەرج کردبوو، بیرۆکەیەکی تری، جگە لەوەی لەسەردا نەبوو. ئەو جەنگانەی کە ئەنجامە سەیرو کارەساتبارەکانیان وایان کرد مەسەلەی تاقەت پڕوکێنی دیاریکردنی بودجەی سەربازیو ئیداری، کەسەرجەم سوپای دێرینی پروسی پەریشان کردبوو، بکەوێتە ژێر تیشکەوە. ئەو کاتەی کار گەیشتە ئێرە، ئەو شتەی بایەخی پەیدا کرد، بریتی بوو لەبەڕێوەبردنی سەرکەوتوانەی پرۆسە





جەنگییەکان. پێشهاتەکانی ژیانی کلاوزەڤتز دەریانخست کەئەوەی دەبوایە یەکسەر پێش هەموو شتێ بایەخی پێ بدرێ، بەڕێوەبەرێتی جەنگ بوو نەك گیروگرفتی قووڵ، بەڵام لاوەکیی وەك دابینکردنی خەرجیی سوپا، تەرخانکردنی بوودجە، لۆجستیكو رێکخستنی ئیداری.

کەواتە لایەنی کەم تا رادەیەك، بایەخ نەدانی کلاوزە ڤتز بەلایەنی ئابووری جەنگ بەئەنقەست بووە. ئاشکرایە غافڵبوونی کلاوزەڤتز لەرەهەندەکەی تر، واتە تەکنەلۆجیا، لەرازی ناهۆشیارییەوەیە، هەرچەندە لەمەیان باشتر تێدەگەین. ناوبراو وەك زۆربەی هاوچەرخە خوێندەوارەکانی خۆی بەچاکی دەیزانی کە لەسەردەمێکی شۆڕشگێڕانەدا هاتوەتە دنیاوەو دەیەوێ لەپێناو باش کردن یان خراپ کردن دا، سەراپای ستراکتۆری سیاسی کۆمەڵی ئەوروپا سەرو ژێر بکا. کلاوزەڤتز وەك ئەوانی تر نەیدەتوانی ئەمە قبوڵ بکا کە لەدەروازەی گۆڕانێکی تەکنیکی گەورەدا دەژی.

سەرکردایەتیو بەڕێوەبردنی جەنگ، پێش هەموو شتێ، بەندە بەدوو فاکتەری دیاریکەرەوە: یەکەم جۆری چەکی بەردەستو دووەم چۆنێتی بارکردنو گواستنەوە. یەکەمینی ئەم دوو فاکتەرە بۆ ماوەی سەد ساڵ بەجێگیری مایەوە، بەڵام دووەمیان بۆ ماوەی هەزار ساڵ. لەرۆژگاری کلاوزەڤتزدا وەك سەردەمی تزار، کاروباری لۆجستیکی پەیوەندی بەخێراییو توانای نەفەرە پیادەکانو ئاژەڵی بارکێشەوە هەبوو.



تاكتیكەكانیش وەك سەردەمی مارلبۆرۆ[7] پەیوەندییان بەتفەنگی مەودا(٥٠) پەنجا یاردەو تۆپی مەودا (٣٠٠)سێ سەد یاردەوە هەبوو. سەرەڕای ئەوەی بەدرێژایی سەدەی پاشتر پێشكەوتنێكی فراوان روویدا (هەمان ئەو پێشكەوتنەی شیكارو لێكدانەوەكانی كلاوزە ڤتز لەبارەی جەنگەوە بەشێوەیەكی شایستە باسی لێوە كردبوو)، بەڵام چ لەمەیدانی باركردنو گواستنەوەو چ لەبارەی چەكەوە هیچ هۆیەك نەبوو تا چاوەڕێی رووداني گۆڕانێك بین كە لە دەساڵی پاش مردنی كلاوزە ڤتز (١٨٣١)، لەگەڵ پەرەسەندنی رێگای ئاسنینو بەرهەمهێنانی تفەنگی تاپڕدا دەستی پێكرد.

ئەو بەشە گەورەیەی دەربارەی جەنگ نووسرابوو و تەنها سەرنجی مێژوونوسە سەربازییەكانی رادەكێشا، تایبەتە ووردەكارییە پەیوەندیدارەكان بەمەسەلەی تەكنیكیو لۆجستیكییەوە ببوو، كە لەماوەی چەند دەیەی پاش مردنی كلاوزە ڤتزدا كۆن بوون. هەرچۆنێ بێ گرنگ ئەوەیە كە بزانین تا چەند لەوتەكانی ناوبراو پاش مردنی بەموعتەبەر لەقەڵەم دەدرێن. ئاشكرایە نەك تەنها هەندێ بابەت كە بەهۆی گۆڕانی هەلومەرجی

[7] John Churchill Marlborough (١٦٥٠ ـ ١٧٢٢) جەنەراڵی ئینگلیز كە بەشداری جەنگەكانی هۆڵەندا (١٦٧٣ ـ ٧٤)و جێنشینی ئیسپانیا (١٧٠١ ـ ١٤)ی كردو لەمێژووی سەربازی بەریتانیادا مارلبۆرۆ وەك یەكێ لە دوو یان سێ ئەفسەری هەڵبژاردەو خۆشەویست ناو دەبرێ. سەربازەكانی بە ((عەریف گیان)) ناویان دەبرد. وەرگێڕ







سەربازییەوە دوور لەتێگەیشتن دەمانەوە، بەڵكو ئەو گوتارانەی بۆ خوێنەرانی زۆرتری ئەفسەرانی سوپای پروس (كەمەبەستی كلاوزە ڤتز راهێنانیان بوو) سەرنج راكێش بوون. مەبەست لەنوسینی ئەم كتێبەش تاوتوێ كردنی هەمان بابەتە.



# ـ ١ ـ
# سەردەمی كلاوزە ڤتز

رۆژانی ژیانی پڕجۆش‌و خرۆشی كارل فۆن كلاوزە ڤتز دروست هاوجووت بوو لەگەڵ خولی شۆڕش‌و جەنگەكانی ساڵانی ١٧٩٢ ـ ١٨١٥ ی ناپلیۆن. كلاوزە ڤتز لەساڵی ١٧٨٠ چاوی بەجیهان هەڵهێنا كەنەوەی مولازمێكی یەدەكی سوپای پروسی بوو، لە ١٢ ساڵی دا كاری لەهەنگی ٣٤ی پیادەنیزام دا دەستپێكرد. لەو سەردەمەدا هەنگی ٣٤ لەلایەن یەكێ لەخزمە دوورەكانیەوە فەرماندەیی دەكرا. بنەماڵەی كلاوزە ڤتز سەربازی نەبوو، كەم تا زۆر لەریزی ئاغاكان دادەنران. باوكی رەچەڵەكێكی بۆرجوازی‌و ئەهلی زانستی هەبوو، تەنها لەخولی قەیراناویی جەنگی ٧ ساڵەی ١٧٥٦ ـ ١٧٦٣ دا، كە لەمپەری سەرەكی بۆ بەكاربردنی یەكەی ئەفسەری لەنێوان تاكەكانی چینی ناوەندا بەنابەدڵی رەچاو دەكرا، بەفەرمانی فردریكی گەورە[8] چووە خزمەتی سەربازییەوەو پاش جەنگەكەش

[8] Frederick the Great (١٧١٢ ـ ١٧٨٦) شای پروس لە (١٧٤٠ ـ ١٧٨٦). فردریكی دووەم پاشایەكی سەركوتكەر، سەربازێكی نایاب‌و رۆشنفكر بوو. باوەڕی وابوو كە پێویستە پاشا سوود لە دەسەڵاتی رەهای خۆی لەپێناو سوودگەیاندن بەهاووڵاتیانی







مەرەخەس كرا. ئاشكرایە كەمەرەخەس كردنەكەی لەسەر ئارەزووی خۆی‌و خێزانەكەی‌و یان لەبەر خاتری زیانبەركەوتنی لەشولاری نەبوو كە لەماوەی خزمەتكردنەكەدا پێوەی ئەتلایەوە، بەڵكو بەهۆی ئەمەوە بوو كەفردریك ژمارەی یەكە ئەفسەرییەكانی كەمكردەوەو تەنها ماكە بنەڕەتییەكەی، واتە دەرەبەگە خاوەن زەوییەكان (یونكرەكان)[9] ی هێشتەوە. سەرەنجام‌و سەرەڕای ئەوەی كلاوزە ڤتز بووە ئەندامی ئەو گروپە تایبەتەو تەنانەت كارامەیی چوونە ناو هەناوی بنەماڵەی پاشایەتی بەدەستهێنا، بەڵام لەرووی هەڵكەوتی كۆمەڵایەتییەوە ((نامۆ)) لەقەڵەم دەدرا. رەفتاری فردریكی سێهەم[10] و دەربارەكەی، بەڵگەی ڕاستی هەمان مەسەلەیە. كلاوزە ڤتز هەمیشە تارادەیەك مات دەهاتە پێش چاو. گۆشەگیرو ئەهلی لێكۆڵینەوەو

خۆی وەربگرێ. لایەنگری مەزهەبی نەرمی نواندن بوو، بۆیە دژی ئەشكەنجە بوو. سیستمی ئەرباب‌و رەعیەتی لەموڵكەكانی خۆیدا نەهێشت. فردریك بەشی سەرەكی باجی كۆكراوەی لەخەڵك بۆ سوپاو پێداویستییەكانی خەرج دەكرد. نامە گۆڕینەوەی لەگەڵ ڤۆلتەر هەبوو، ستایشی باخی دەكردو وانەی مۆسیقای لەكارل فیلیپی كوڕی باخەوە فێر دەبوو. ئاواز دانەر بوو و فلوتی بەچاكی دەژەنی. وەرگێڕ

[9] Junker وشەیەكی ئەڵمانییە مانای ((گەنجی ئاغاو دەرەبەگ)) دەگەیەنێ. ئەم وشەیە لەساڵی ١٥٥٤ لەزمانی ئەڵمانی دا پەرەی سەندو پاشتر بەو كەسانە وترا كە ئەشرافی خاوەن زەوی پروس بوون. وەرگێڕ

[10] Fredrick Wilhelm III (١٧٧٠ ـ ١٨٤٠) شای پروس لە ١٧٩٧ تا ١٨٤٠. وەرگێڕ

شەرمن‌و زانستخوازێکی سودمەند بوو. خۆی خۆی فێردەکردو هەرشتێك بکەوتایە بەردەستی بەپەرۆشەوە دەیخوێندەوە. ئەم مەیلە تایبەت بەبابەتی سەربازی نەبوو، بەڵکو مەیلی بۆ فەلسەفەی سیاسی، هونەرو پەروەردەو فێرکردنیش هەبوو. ئێجگار کارابوو، دەتوانرێ بوترێ لە ٢٠ساڵییەوە تامردنی لەساڵی ١٨٣١، دەربارەی سەرجەم ئەو ناونیشانانەی سەرەوە بەوردی‌و دوو دڵییەوە بابەتی نوسی. قەڵەمی بەشێوەیەکی کاتی، ئەو کاتە دەخستە سەر زەوی کەناچار بوایە بەشداری ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بکا. کۆمەڵە نوسراوەکانی تا ئێستا بەشێوەیەکی تەواوەتی چاپ نەکراون. لەپشتەوەی رواڵەتە زانایانەکەی، بلێسەیەکی بەهێزی بەرزە فڕییە سەربازییەکانی دەسوتا کەشایستەی جولین سوریل ستاندال[11] بوو. پلەو پایە خوازێکی ئێجگار غەمناك بوو، کە تەنها لەنامەکانی کلاوزەڤتز بۆ هاوسەرەکەی دا دەردەکەوێ. هەرگیز بۆ یەکێ لەپۆستە باڵاکانی سوپا دانەنرا، چونکە ئەفسەرەکانی سەروتری خۆی، لەوانەیە بەدروستی، درکیان بەوە کردبوو کەباشتر وایە لەجیهانە رۆشنبیرانەکانی خۆی دا بمێنێتەوە. بەڵام ئەگەر کەسێك بەوردی سەرنجی لێکدانەوەو شیکارەکانی ناوبراو دەربارەی ئەو توانایانەی، کە بۆ فەرماندەیی کردنی جەنگ پێویستن بداو خۆی بەفێربوونی بۆچونەکانی دەربارەی گوشارە بەتەوژمە ئەخلاقییەکان خەریك

[11] Julien Sorel قارەمانی کتێبی سوورو رەش (Le Rouge et Le Noir) بەرهەمی ماری هانری بیل ناسراو بەستاندال (١٧٨٣ـ ١٨٤٢).وەرگێڕ





بکا، کە فەرماندەکان دەبوایە بۆ وەستان‌و بەرخۆدان لەبەرامبەر دیمەنە خوێناوییەکانی جەنگ (کەهەم سروشتی بوو، هەم لەڕاستیدا پێویست بوو) فێری بن، کلاوزە ڤتز بەهەموو ئارەزوەکانی دەگەیشت. نوسینەکانی ناوبراو باس لەسروشت‌و خوی هەستکردنەکانی دەکەن، جا چ دەربارەی جەنگ‌و چ دەربارەی لێکدانەوەی ئەندێشەیەکی مەزن بێ.

کلاوزە ڤتز سەربازێك نەبوو لەپشت مێزەوە دانیشێ، یەکەمین ئەزمونی جەنگی خۆی لەتەمەنی ١٣ ساڵی دا بەدەستهێنا، ئەو کاتەی سوپای پروس لەباڵی راستی هێزە هاوپەیمانەکانی یەکەم[12] دا چووە مەیدان‌و دژی یەکەکانی کۆماری یەکەمی فەڕەنسا جەنگی‌و ناچار بەپاشەکشەی کرد. لەم شەڕانەدا سەرەتا راین‌و دواتر ڤۆژ Vosges بوون بەمەیدانی جەنگ. پێشڕەوی کردن بەدرێژایی دۆڵەکانی سنوور، ئازارەکانی هەڵگەڕان‌و داگەڕان بەسەرەو خواری‌و کوێرە رێگای کێوە جەنگەڵییەکاندا، پێویستیی ئاشنا بوونی سەربازی پیادەی بەهەلومەرجی سروشتییانەی فێری کلاوزەڤتز کردو چەندین جار ناوبراو لەکتێبەکانی تایبەت بەجەنگدا ئاماژەی پێداون.

[12] لەکۆتایی ساڵی ١٧٩٢ هێزە شۆڕشگێڕەکانی فەڕەنسا خاکی نەمسایان داگیر کردو پاش پەڕینەوە لەرووباری راین چونە ئەڵمانیاوە. لەم سەروبەندەدا ئەنجومەنی کۆنڤانسیۆن بڕیاری هەناردەی شۆڕشی پەسەند کرد. ئەم هەنگاوەو لەسێدارەدانی لویسی شانزەهەم لە ٢١ی کانونی دووەمی ١٧٩٣ دا وای کرد یەکەمین هاوپەیمانێتی بەبەشداری نەمسا، پروس، بەریتانیا، هۆڵەنداو ئیسپانیا لەدژی فەرەنسا پێکبێ. وەرگێڕ



لەپەیمانی باڵ Basel ٢٨ی ١٧٩٥ دا کۆتایی بەجەنگ هاتو پروس جارێکی تر گەڕایەوە چوارچێوەی حکومەتێکی لەرزۆک، ڕاڕاو لەق پاش ١١ ساڵی تر بەتوندو تیژییەکی تەواوەوە کەوتە سەرپێ. کلاوزەڤتز لە ٥ ساڵی سەرەتای ئەم ماوەیەدا لەبنکەیەکی شاری بچوکی نواروپین دا لەپۆتسدام خزمەتی دەکرد. سەربازی هۆشمەند، هەرگیز ماوەی دوورودرێژی دەست بەتاڵی، کەیەکێکە لەخەسڵەتەکانی خزمەتی سەربازی لەسەردەمی ئاشتی دا، بەفیڕۆ نادا. کلاوزەڤتز بەچاکی سوودی لەکتێبخانە نایابەکەی شازادە هێنریی برای فردریکی گەورە، کەدەرگاکەی لەبەردەم ئەفسەرانی هەنگەکەیدا کرابۆوە، وەرگرتو هەندێ زانستی قووڵو بەسوودی لەبواری فێرکردنو ڕاهێناندا بەدەستهێنا. دەتوانرێ بوترێ کە هاوڕێکانی لەمبارەیەوە بەهیچ کلۆجێ بەناوبراو نەگەیشتن. شایانی باسە لە ساڵی ١٨٠١ دا گوێزرایەوە بۆ بەرلین تا لە کۆلێجی جەنگ کە تازە بەسەرپەرشتی ڤۆن شارن هۆرست کرابووەوە،[١٣] بخوێنێ، ئەمەش بەجۆرێ پشوو لەقەڵەم دەدرا، سەردەمی چالاکیی کلاوزەڤتز لە ڕاستیدا لەم

[١٣] Count Gerhard Johann David Von Scharnhorst (١٧٥٥ ـ ١٨١٣) ئەفسەری سوپای هانۆڤەر (١٧٨٨). شارن هۆرست لەنوسینو بڵاوکردنەوەی کتێبی گیرفانی تایبەت بەمەسەلەی سەربازی، بۆ سوود گەیاندن بەسەربازان لەمەیدانی جەنگ دا بەشداری کرد (١٧٩٢). لەساڵی ١٨٠١ چووە خزمەتی سەربازی سوپای پروسو لەساڵی ١٨٠٢ ـ ١٨٠٤ بووە مامۆستای ئەکادیمی سەربازیو سەرپەرشتی وەلیعەهد بوو. ساڵی ١٨٠٨ بووە وەزیری جەنگو سەرۆکی ستادی سوپای پروس. لە جەنگی






کاتەوە کە تەمەنی ١٩ ساڵ بوو، دەستی پێکرد.

شارن هۆرست بەحەق وەك یەكێ لەسەرکردە گەورەکانی دامەزرێنەری ئەڵمانیا مایەی ستایش بوو، بەهەمان ئەندازە کە ناوبانگی لەجیهانی سەربازی دا هەبوو، وەك بیریارێکی دەوڵەتمەردیش دەناسرا. ناوبراو خەڵکی هانۆڤەر بوو، بەشی تۆپخانەی خوێندبوو. ئەم دوو خەسڵەتە، ناوبراوی لەئەفسەرانی یونکەری سوارە نیزامو پیادە، کە سوپای پروسیان پاوەن کردبوو، جودا دەکردەوە. سەرکەوتنی پڕ درەوشاوەی شارن هۆرست لەیەکەمین جەنگی هاوپەیمانێتی یەکەمدا، وای کرد ڕێزێکی جیهانی بۆ خۆی بەدەست بهێنێو بکرێتە یەکەمین بەڕێوەبەری کۆلیجی ئەفسەری پروس. شارن هۆرست هەر لەسەرەتای هەڵگیرسانی جەنگەکاندا، سەری لەئاکاری یەکە شۆڕشگێڕەکانی فەڕەنسا سووڕما: چۆن کەسانێکی ئاسایی، بێ ڕاهێنان، بێ نەزمو ڕێو شوێن، بێپایە، لەژێر فەرماندەیی ژمارەیەك جەنەراڵ کە بەزۆری پێشتر پلەدار بوون، بێ سیستمی تێگەیشتنی گونجاو و بێ ڕێکخستنێکی ئیداری بەرچاو، بەگشتی نەك تەنها بەرامبەر بەسەربازانی پیشەیی سوپاکانی ئەوروپا بەرگرییان کرد، بەڵکو بەکردەوە ئەم سوپایانەیان تێکشکاند؟ ڕاست بوو کەفەڕەنسا سوودی لەداهێنانی تازەو وەرچەرخاو و ناسانترالیست بۆ ڕێکخستنی سوپای پاشایەتیی پێش

ساڵی ١٨١٣ لەناوچەی لوتسن ـ ی ئەڵمانیا بریندار بوو و لە ٨ی حوزەیران مرد. وەرگێڕ





شۆڕش وەردەگرت، هەروەها ڕاست بوو کە سوپای فەڕەنسا لەڕووی پێداویستیو ڕێو شوێنی جەنگیو فێرکردنی تۆپخانەوە نایاب بوو، بەڵام هۆیەکانی سەرکەوتنی سەربازییان لەم مەسەلانە قووڵتر بوون. شارن هۆرست درکی کردبوو کەسەرکەوتنی یەکە سەربازییەکانی فەڕەنسا، گۆڕانی کۆمەڵەکەیانی لەپشتەوەیە، جگەلە لەدایکبوونی ئەندێشەی یەك نەتەوەیی فەڕەنسایی.

هەرچەندە لێکۆڵینەوە لەسەر ڕەوشە سەربازییەکانی فەڕەنسا بۆ دۆزینەوەی ڕێگای تێکشکاندنیان، پێویست دێتە بەرچاو، بەڵام وەك پێویستو بەس نەبوو، چونکە دەبوایە ستراکتۆری سیاسی فەڕەنساش تاوتوێ بکرێو ئەو زەمینە مێژووییەی کەئەم ڕەوشانەی لەدژی داهێنابوو لێك بدرێنەوە. لەم سۆنگەیەوە پرۆگرامی فێرکردنی ئەکادیمیایی جەنگ، کەجگە لەوانەی هونەری سەربازی، بابەتی کۆمەڵایەتیشی دەگرتەوەو شارن هۆرست لەسایەی پێکهێنانی گروپێکی توێژینەوەو گفتوگۆ بەناوی کۆمەڵی سەربازی، بەرنامەی ئەکادیمیاکەی دەوڵەمەند کردبوو، کەتێیدا نیشانەکانی شۆڕشی سەربازی تاوتوێ دەکران.

لەمجۆرە دەوروبەرەدا کلاوزەڤتز هەنگاوی هەڵهێناو هەرزوو وەك مورێدێکی شایستەی ستایش کردن، خۆی لەشارن هۆرست نزیك کردەوەو بیروڕاکانی لەبەر ڕۆشنایی خۆری بەخشندەکانی ناوبراو بنیاتناو بەپیت کرد. هەروەها شارن هۆرست بەلای خۆیەوە میهرو خۆشەویستی خۆی لەم گەنجە لێهاتووە نەشاردەوە. ئەو ڕێکخراوەی پێشتر ئاماژەی پێدراو لەپێناو







بەشداریکردنو گۆڕینەوەی ئەندێشەدا دامەزرابوو، لەگەڵ مردنی ناوەختی شارن هۆرست لەساڵی ١٨١٣دا، پەکی کەوت.

سەرەنجام کلاوزەڤتز پەیوەندی بەگروپی بنەڕەتی ریفۆرمخوازانی سەربازییەوە کرد. کە لەناویاندا دەکرێ ئاماژە بۆ گرولمان[١٤]، بۆین[١٥] و گنایزناو[١٦] بکرێ کە لەبیری پێکهێنانی سوپای نوێی پروسو ئاوەدانکردنەوەی دەوڵەتی پروس بوون. شایانی باسە ئەم کارە پەیوەندی بەئاییندەو چاوەڕوانییە بەپەلەکانی کلاوزەڤتزەوە هەبوو کەسەرەڕای پڕجۆشو خرۆشییەکەی، لەرادەبەر توندڕەویش دەهاتە بەرچاو. کلاوزەڤتز

---

[١٤] Karl Wilhelm Von Grolmann (١٧٧٧ ـ١٨٤٣) جەنەراڵی سوپای پروس. گرولمان ساڵی ١٨١٨ بەیارمەتی بوین دەستی بەدامەزراندنی بەشی مێژووی سەربازی کرد .وەرگێڕ

[١٥] Hermann Von Boyen (١٧٧١ ـ١٨٤٨) فیلد مارشاڵی سوپای پروس بوو. بوین باوەڕی وابوو کە سوپا ((قوتابخانەی میللەتە)): ناوبراو ساڵی ١٨١٣و ١٨٤٠ وەزیری جەنگ بوو. وەرگێڕ

[١٦] August Wilhelm Auton Von Gneisenou (١٧٦٠ ـ١٨٣١) فیلدمارشاڵی سوپای پروس بوو. هەروەها سەرۆکی ستادی بلوشر لەساڵی ١٨١٣ تا جەنگی واتەرلوی ساڵی ١٨١٥ بوو، ماوەیەکیش قایمقامی بەرلین بوو. ساڵی ١٨٣١ بۆ پارێزگاری کردن لەسنوری خۆرهەڵاتی پروس (پاش راپەڕینەکەی پۆڵەندا) لەوسنورە دانرا، لەم ئەرکەدا کلاوس ڤیتس سەرۆکی ئەرکانی ئەم بوو و هەردووکیان بەنەخۆشی پەتا مردن. گنایزناو ئەفسەرێکی ئازاو هۆشمەندو فەرماندەیەکی نیشتمان پەروەرو لەلایەنگرانی جیددی یەکێتی ئەڵمانیا بوو. وەرگێڕ




لەساڵی ١٨٠٣ وەك خوێندکاری نایابی پۆلەکەی دەرچوو، کرا بەئەفسەری یاریدەدەری شازادە ئۆگۆستی کوڕی شازادە فردیناند کەعەقیدی فەخری هەنگەکەی ئەوبوو. لەکۆتایی هەمان ساڵدا لەماڵی خانەخوێیەکەیدا، دڵی چووە ماری کچی کۆنت فۆن برۆل. کەکچێکی جوانو خوێندەوار بوو، شاژنە لویز زۆر حەزی پێ دەکرد. نارەزایی خێزانی ماری بەم پەیوەندە ناهاوتایەو ئەركو فەرمانی خزمەتی سەربازی، ماوەی ٧ ساڵ ئاهەنگی گواستنەوەیانی دواخستو سەرەنجام کاری هەردوو دولبەر ببوە نامەنوسینی دوورو درێژو شۆڕەنگێزو ئاشکراکردنی، کەتێیدا زۆر بیروڕای کلاوزەڤتز نەشونمای کرد.

ماری پاش مێردکردنی بەکلاوزەڤتز، بەوپەڕی مەیلەوە کاری پاکنوس کردنی دەستنوسەکانی هاوسەرەکەی گرتە ئەستۆ. پاش مردنی هاوسەرەکەیشی، هەم بەرهەمەکانی دادەڕشتنەوەو هەم چاودێری چاپکردنی بەشی هەرە گەورەی نوسینەکانی مێردەکەی کرد. ئەم کۆمەڵەیە لە١٨٣٢ ـ ١٨٣٤ بڵاوبووەوەو هێشتا وەك جاران بۆ ئارەزوومەندانی بەرهەمەکانی لەبەردەستدا بوون.

کلاوزەڤتز لەماوەی دوو ساڵی پاشتردا، واتە لە ١٨٠٣ ـ ١٨٠٥ تەنانەت چرکەیەکیش دەستی لەنوسین هەڵنەگرتو سەرگەرمی لێکدانەوەو شیکردنەوەی بۆچونەکانی خۆی بوو. جگە لەوە ناوبراو پاش بیست ساڵ بۆچونی لێبڕاوی خۆی لەکاتی نوسینی کتێبێك دەربارەی جەنگ لەسەر کاغەز تۆمار کرد. پاش ساڵی ١٨٠٦، ئەو






کاتەی جەنگ لە گەڵ فەرەنسا هاتە پێش، فردریك ویلهالمی سێهەم بۆ خۆپارێزی بەجیددی هەوڵی دا تا خۆی لەم جەنگە بپارێزێ، بەڵام کلاوزەڤتز وەك زۆربەی ئەفسەرە گەنجو نیشتمانپەروەرەکانی تر، بە پەرۆشەوە تەماشای ئاییندەی دەکرد. فەرماندەیی گوردانێك درایە دەست شازادە ئاگۆستی گەورەیو کلاوزەڤتز لەگەڵ ناوبراو بەرەو مەیدانی جەنگی ئۆرشتات کەوتەڕێو هەر لەوێ یەکەمین ئەزموونی گەورەی خۆی لەشەڕ بەرەوشی ناپلیۆن بەدەستهێناو پاشەکشەیەکی گەورەی بەدواوە بوو. ئەزموونێکی تاڵو تێکشکێنەر کەجیاوازی لەگەڵ رێپێوانی سەربازیانەی بێهودەو مانۆڕە سەربازییەکانی سەردەمی فیدرالیدا هەبوو، بەسەختی دەیتوانی هەردووکیان بەشێوازی یەك هەنگاوی جەنگی لەگەڵ یەکتر بەراورد بکا. کلاوزەڤتزو شازادە ئاگۆست سەرەنجام کەوتنە ئابڵوقەی دوژمنەوەو بەدیل گیران. ئەو کاتەی شارن هۆرستو هاورێکانی ساڵی پاشتر لە شەڕی ئایلاڤ[١٧] ، کە دەیانویست ئابڕوی لە دەستچووی سوپای پروس بگێڕنەوە، کلاوزەڤتز لە فەرەنسا لەگەڵ فەرماندەی دەرباری

[١٧] Eylau یان پرۆسێسی ئایلاڤ شارێکی پروسی خۆرهەڵاتی جاران. بەدرێژایی کانونی یەکەمو شوباتی ١٨٠٧ چەندین جەنگ لەنێوان لەشکری فەرەنسا لەلایێكو پروس روسیا لەلاییێکی تر رووی دا کە بەچەند جەنگێك لە ٨ی شوبات لەئایلاڤ بەشێوەیەکی کاتی کۆتایی هات. وەرگێڕ

خۆی، لایەنی کەم بەهۆی ئازاری دووری وڵاتەوە، ڕۆژگارێکی تاڵی بەسەر دەبردو پاش مۆرکردنی پەیمانی تیلزیت[18] لەساڵی ١٨٠٨ گەڕانەوە نیشتمان. ئەم ئەزموونە تاڵە گڕی نیشتمان پەروەرانەی کلاوزەڤتز ـ ی بەتینترکردو ڕقی لەهەموو شتێکی فەڕەنسایی دەکرد.

پاش ڕزگاربوونی لەدیلی، کلاوزەڤتز دووبارە پەیوەندی بەشارن هۆرستەوە لەکونیگزبیرگ کرد، دوور لەبەرلین کە لەژێر دەسەڵاتی فەڕەنسادا بوو، خەریکی ڕێکخستنەوەی سوپای پروس بوو. لەماوەی چوار ساڵی پاشتردا کلاوزەڤتز بەشداری ڕێکخستنەوەی دووبارەی یەکە سەربازییەکانی سوپای پروسی کردو هەر شتێك کەختورەی بەمێشکیدا بکردایە، یەکسەر تۆماری کرد (لەتاکتیکە لاوەکییەکانەوە بگرە تا بابەتە پەیوەندیدارەکان بەئەمەکداری سیاسی). ئەو کاتەی لەبەهاری ١٨١٢ دا پاشا، واتە ئەو کەسەی کلاوزەڤتز بەرگی سەربازی سوپای ئەوی لەبەر کردبوو و گومان لەراستگۆیی بۆ ئەوی نەبوو، لەگەڵ فەڕەنسای دوژمن بەرەسمی هاوپەیمانێتی کرد. ئەم هەنگاوە کلاوس ڤیتسی بەرادەیەك تووڕە کرد، کەگوتاری دووەم،

---

[18] Tilsit شارێکی پروسی خۆرهەلات. ڕۆژی ٧ی تەمووزی ١٨٠٧ لەنێوان ئەلەکساندەری یەکەمو ناپلیۆنی یەکەم دا پەیمانی ئاشتی بەناوی ئەم شارەوە مۆرکرا. بەپێی پەیمانێکی تر کە پاش ٢ ڕۆژ، لە ٩ی تەمووزدا ئیمزا کرا، فردریك ویلهالمی سێهەم سەرجەم ناوچەکانی پروسی ڕۆژئاوای ڕووباری ئالبی بەناپلیۆن دا. وەرگێڕ





واتە ئەمەکداری سیاسی بەلایەوە بووە مەعمایەكو ئەم هەنگاوەی پێ قبوڵ نەکرا، بۆیە لەگەڵ نزیکەی ٣٠ ئەفسەری تر دەستیان لەپۆستەکانیان هەڵگرت. کەچی جارێکی تر دووری لەهاوسەرەکەی قبوڵ کردو تەنها لەبەر ئەوەی فەڕەنساو سوپا لایەنگرەکانی پەلاماری ئیمپراتۆری روسیایان دابوو، چووە خزمەت ئەلەکساندەری یەکەمەوە.[19]

ئەگەرچی کلاوزەڤتز زمانی روسی نەدەزانی، بەڵام لەکاروباری جیاجیای راوێژکردن لەئەرکانی سوپادا کارێکی بۆ خۆی دۆزیبووەوە. لەشەڕی برۆدینۆ[20] دا دووەمین ئەزموونی گەورەی جەنگی خۆی بەدەستهێناو بەچاوی خۆی پاشەکشەی کارەساتباری سوپای فەڕەنساو پەڕینەوەی لەروباری بیرزینابینیو لێکدانەوەیەکی ترسناکی دەربارەی نووسی. لەکانوونی یەکەمی ١٨١٢ دا بە ناوبژیوانی کلاوزەڤتز، یۆرك فۆن ڤارتنبیرگ[21] ـ ی

---

[19] Alexander (١٧٧٧ ـ ١٨٢٥) ئیمپراتۆری روسیا (١٨٠١ ـ ١٨٢٥). وەرگێڕ

[20] Battle of Borodino یان Battle of Moscow برودینۆ شارێکە لەدووری ١١٠کم لەمۆسکۆ. لەم شارەدا شەڕێکی خوێناویو چارەنوسساز لەسەعات ٦ی بەیانیی ٧ی ئۆکتۆبەری ١٨١٢ هەڵگیرساو لەمێژوودا بەخوێناویترین جەنگی یەك ڕۆژە بەناوبانگەو تۆلستۆی بەجەنگو ئاشتیو چایکۆفسکی بە ((ئوڤرتور ١٨١٢)) بیرەوەری ئەم جەنگەیان تۆمار کردووە. وەرگێڕ

[21] Count Johann David Ludwig Yorck Von Wartenburg (١٧٥٩ ـ ١٨٣٠) فیلدمارشاڵی سوپای پروس بوو. ڕۆڵێکی گەورەی لەبنیاتنانەوەی سوپای پروس هەبوو. فەرماندەیی یەکەکانی سوپای گەورەی پروسی لەجەنگەکانی دژ بە روسیا دەکرد.

فەرماندەی هێزەکانی پروس، کە لەژێر فەرمانی ناپلیۆندا خزمەتی دەکرد، بڕیاری مێژوویی خۆی داو لەتوروگن خۆی دا بەدەستەوەو لەگەڵ یەکەکانی خۆی پەیوەندی بەروسەکانەوە کرد. ئەو کاتەی یۆرك سەنتەری بەرخۆدانی نەتەوەیی پروسەکانی لەکونیگز دامەزراند، کلاوزەڤتز خەریکی ڕێکخستنەوەو چەکدارکردنی خەڵك بوو.

لەبەهاری ١٨١٣ دا و پاش ئەوەی سەرەنجام شای پروس لەخێری ناپلیۆن نائومێد بوو، کلاوزەڤتز گەڕایەوە بەرلین‌و دووبارە پەیوەندی بە شارن هۆرستەوە کردو یارمەتی دا بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی سوپای نوێ. ڕێنوێنی کردنی لەخۆبوردوانەو پەرۆشانەی هاوولاتیانی هۆهنزولرن، کە بەم دواییە بیریان بۆ ئەوە چوو بوو خۆیان بەئەڵمانی لەقەڵەم بدەن، بەشێك بوو لەو چالاکییانەی کلاوزەڤتزو شارن هۆرست لەو کاتەدا ئەنجامیاندا.

کاتێك جەنگ لە ١٨١٣ هەڵگیرسا، کلاوزەڤتز لەگەڵ سوپادا خۆی گەیاندە بەرەکانی شەڕ، بەڵام ئەگەر چی زۆر پێویستیان بەپلەی فەرماندەییەکەی هەبوو، کەچی بەرهەڵستکاری دانانی کرا، چونکە پاشا بەهۆی ئەو ڕەفتارانەی پێشویەوە کە بەخائینانە لەقەڵەمی دەدا، لێی نەدەبووری. سەرەنجام پاش یەك ساڵ، ئینجا شا

---

بەڵام بەفیتی کلاوس ڤیتس لە جەنگ کردن دژی روس سارد بوەوە. پاش پەیمانی کالیش Kalisz و هاوپەیمانێتی روسیاو پروس لەلایەن فردریك ویلهالمەوە عەفوکرا. وەرگێڕ





مۆڵەتی دا بگەڕێتەوە خزمەتکردن. لەبەرئەوەی کلاوزەڤتز بەرگی ئەفسەری روسی پۆشیبوو، وەك ڕاوێژکاری مارشاڵ بلوشیر[٢٢] ی فەرماندەی سوپای پروس بەشداری جەنگی لیپزیکی کرد. ساڵی ١٨١٤ ئەو کاتەی بواری پێدرا بگەڕێتەوە ناو سوپای پروس، فەرماندەیی یەکەیەکی ئاسایی بەناوی ((دەستەی ئەڵمانی)) پێ سپێردرا، کە لەباکوری ئەڵمانیا جێگیر کرابوو، لەمەیدانی سەرەکی جەنگی دژی فەرەنساوە دوور بوو. تاکو ساڵی ١٨١٥ کە بەپلەی سەرۆکی ئەرکانی سوپای سێهەمی جەنەراڵ فۆن تیلمان[٢٣] دانرا، مۆڵەتی پەیوەندی کردن بەئەرکانی سوپای پروسی پێ نەدرا. ئەم هێزە لەکۆتایی باڵی چەپی سوپا هاوپەیمانەکان لەبەلجیکا جێگیر کرابوو، ئەو کاتەی ناپلیۆن بەمەبەستی ڕیشە کێش کردن ویستی پێش واتەرلو لەسەنتەری کۆبوونەوەی هاوپەیمانانەدا، ڕێگایەکی خۆقووتارکردن بدۆزێتەوە، لەجەنگێکی بەرخۆردان لەدژی هێزێکی

---

[٢٢] Gebhard Leberecht Von Blucher (١٧٤٢ ـ ١٨١٩) ناسراو بەهێرشبەری پیر (Alt Vorwärts) فیلدمارشالی سوپای پروس‌و ئەندامی سوارە نیزامی سوپای سوید لەسەرەتای ساڵی ١٧٥٧ تا پێش دەسگیرکردنی لەدەوروبەری فریدلند (١٧٦٠) سێ جار لەجەنگ دژی پروس بەشداری کردو پاشان بیرکردنەوەی گۆڕاو پەیوەندی بەسوپای پروسەوە کرد. سەربازییەکی زبرو کەم خوێنەوار بوو، بەڵام ئێجگار بەهێزو ئازا بوو. وەرگێڕ

[٢٣] Johann Adolf Thielman (١٧٦٥ ـ ١٨٢٤) جەنەراڵی سوپای پروس. وەرگێڕ.





دوو هێــزی خــۆی بەفەرمانــدەیی مارشــاڵ گروشــی[24] بــەرگری کــرد. هەرچــەندە رۆڵــی چــاوەڕوان نــەکراوی ســوپای ســێهەم لەســەرکەتنی هاوپەیمانانــدا، بەبــەراورد لەگــەڵ هێــزی بەشــەڕهاتووی ژێــر فــەرمانی ڤــەلینگتون[25] یــان بلوشــەر بەرچــاو بــوو، بــەڵام کلاوزەڤتــز دیــسانەوە هەســـتی بـــەلاوازی کـــردو بەشـــداری راوەدونـــانی فەرەنـــسییە تێکـشکاوەکانی نــەکردو ئارەزووەکــانی بــۆ بەدەســتهێنانی ســەرکەوتنی پڕ لەشانازیی مەیدانی جەنگ تارادەیەك نەهاتەدی.

شارن هۆرست مردبوو، بەڵام ئاگوست فـۆن گنایزنـاو جێگـای ئـەوی، چ لەپلەی رێبەری کردنی باڵی پێـشکەوتووی ریفۆرمخوازی سـوپای پـروس و چ لەپلەی مامۆستای گەورەی کلاوزەڤتز دا پـڕ کردبـووەوەو خـۆی یـەکێ بـوو لەئەفـسەرانی ناپروسـی (چـونکە لـەدایکبووی ساکـسۆنی بـوو) لـەدەزگای پاشـایەتی دا. گنـایز نـاو کـرا بەفەرمانـدەی گـشتی هێـزە پروسـییەکانی رۆژئاواو کلاوزەڤتز بووە سەرۆکی ئەرکانی ناوبراو. سنووری سەرفەرماندەیی ئەمان لەمامینتس، بەهۆی مـەیلی ناسیۆنالستییانەوە ناوبانگی لەبەرلینـدا پەیدا کرد، ئەمـەش لەسایەی سەربەخۆیی فیکریی ترسناکی ئەمانـەوە بـوو،

[24] Emmanuel Marquis of Grouchy (١٧٦٦ــ ١٨٤٧) مارشــاڵی ســوپای فەرەنسا. وەرگێڕ.

[25] Arthur Wellesley Wellington (١٧٦٩ ـ١٨٥٢) ناسراو بەدۆکی (نازناوێکی دەرەبەگایەتی ئەوروپاییە) ئاسنین، فیلد مارشاڵی سوپای بەریتانیا. وەرگێڕ







نـەك بـەهۆی توندڕۆییانـەوە، سـەرەتا گنایزنـاوو پاشـان لەسـاڵی ١٨١٣ کلاوزەڤتـز بـۆ بـەرلین بـانگ کـران، واتـە ئـەو شـوێنەی پاشـا دەیتـوانی هـەردووکیان بخاتـە ژێـر چـاودێرییەوە. لـەم سـەروبەندەدا کـاری بەڕێوەبـەری ((خوێندنگەی گشتیی جەنگ)) یان بۆ کلاوزەڤتز دۆزییەوە، بەڵام توانـایی ئەم لێرە بۆ کاریگەری دانان لەسەر رەوشی بیرکردنـەوەی سیاسـیو تەنانـەت سەربازیی ئەفسەرانی سوپای پروس کەم بوو، چونکە ئەرکـەکانی کلاوزەڤتـز تەنها ئیداری بوون. پاش بەرهەڵستکاری کردنی یەکەمین پێشنیازی تایبەت بەریفۆرم، بەجارێ کۆڵی داو هەوڵی تری نەدا. ماوەی ١٢ ساڵ کـەس کـاری بەکاریـەوە نـەبوو، سـەرگەرمی لێکۆڵینـەوە بـوو دەربـارەی جەنگـەکانی ناپلیۆنو ژمارەیەك دەستنووسی بۆ لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیری خۆی لـەژێر ناوی (لەبارەی جەنگەوە) ئامادە کرد کەبناغەکەی لەسەرەتای ساڵی ١٨١٦ دا داڕشتبوو. ئەم رەشنووسانە تا ساڵی ١٨٣٠، کە کلاوزەڤتز یەکەمجار کـرا بەفەرمانـدەی ناوەنـدی گـەورەی تۆپخانـە، لەبرسـلو و پاشـان (ئـەو دەمـەی هاوکات لەپاریسو لەپۆڵەندا یاخیبوون سەری هەڵداو ئەگەری سـەرهەڵدانی جەنگێکی نوێ دەکرا (کرا بەسەرۆکی ئەرکانی سەرۆکە کۆنەکەی گنایزناو) ـ کە وا فەرماندەی سوپای پروس بوو ـ تەواو نـەکران. ئەگـەر چـی مەترسـیی جەنگ نەما، بەڵام لەبری ئەوە فاکتەرێکی ترسـناکتر سـەری هەڵـدا بـەناوی پەتاو لەخۆرهەڵاتەوە هێرشی دەستپێکرد. دوا ئەرکی کلاوزەڤتز بریتی بـوو لەبەرقـەرارکردنی کەمـەر بەنـدێکی تەندروسـتی بـۆ بـەرگرتن لەتەنینـەوەی نەخۆشی بۆ ئەڵمانیا، بەڵام لەمەیدانی ستراتیجی دا نەك تەنها نەیتوانی بەر




بەم کێشەیە بگرێ، بەڵکو خۆیشی کەوتە داوی نەخۆشییەکەوەو پاش ٢٤ سەعات لە ١٦ی نۆڤەمبەری ١٨٣١ دا لەبرسلو مرد، کە لەم کاتەدا تەمەنی ٥١ ساڵ بوو.

سەرەڕای پەرۆشیی کلاوزەڤتز، هەرگیز نەیتوانی پلەی فەرماندەیی سەربەخۆ بەدەست بهێنێ، بەڵام وەك زۆربەی ئەفسەرانی هاوتەمەنی خۆی بەخت یاوەری بوو لەبینینی ژمارەیەك شەڕو شۆڕ، کە بەزۆری لەڕووی فرەجۆرییەوە بێ وێنە لەقەڵەم دەدران. ئەو سوپایەی کلاوزەڤتز لەساڵی ١٧٩٢ چووە ریزەکانیەوە، بریتی بوو لەهێزێکی بچووکی هاوشێوەی یەکەیەکی پیشەیی سەر بەفردریکی گەورە، بەڵام ناوبراو لەساڵی ١٨١٣ تا ١٨١٥ لەسوپایەکدا خزمەتی کرد (بۆ رەخساندنی ئەم سوپایە ئێجگار هەوڵی دابوو) کە بەرێکخراوێکی گەورەی نەتەوەیی لەقەڵەم دەدراو لەسەر بناغەی خزمەتی لەخۆرازیی توندو تیژ بەڕێوەدەچوو. ئەزمونی سەرەتایی کلاوزەڤتز بریتی بوو لەبەرەی جەنگەکانو تاکتیکی گەمارۆدانی دوژمن کە لەسەدەی ١٩ دا باوبوو. کلاوزەڤتز پێش تەمەنی ٤٠ ساڵی بەشداری ژمارەیەك جەنگی مێژوویی گەورەی کردو بەچاوی خۆی بینیبووی چۆن لەشکرەکانی ناپلیۆن پاش برینی رێگاکان لەئەوروپاوە بۆ مۆسکۆ، لەسایەی خۆراگرییەکی کەمی روسەوە پاشەکشەیان کردبوو. ئەمانە سەرجەم ئەنجامی ئۆپەراسیۆنی سەربازی بوون، بەڵام بەلای کەسێکی ئێجگار گەنجی وەك






کلاوزەڤتزەوە بەتەواوی ئاشکرا بوو کە لەپێناو روونکردنەوەی سەرکەوتن یان تێکشکانی ئۆپەراسیۆن دا نەدەبوایە لەمەیدانی جەنگدا، کاری گەڕان ئەنجام بدرێ. لێکدانەوەو شیکاری سەربازی (ئەگەر بڕیار بێ بۆ نەوەکانی ئاییندە بەهایەکی پراکتیکی هەبێ) دەبوایە لەهەموو کاتێکی تری رابردوو قوڵتر بنوسرێتەوە.

## - ٢-
# زەمینەی فیکری

پێش سەردەمی کلاوزەڤتز کەمتەرخەمی بۆ سوودوەرگرتن لەبنەما زانستییەکان بۆ ڕێبەریکردنو بەڕێوەبردنی جەنگ نەدەکراو بەدرێژایی سەدەی هەژدەهەم (سەدەیەك کەجیهان، زیاتر لەجاران نهێنییەکانی خۆی لەبەرامبەر لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا ئاشکرا کردو عەقڵ وەك پێوەری داوەری مرۆڤ بووە ئەلتەرناتیڤی نەریتو خورافات پەرستی). لەسەر ئاستێکی فراوان نەدەکرا قبوڵ بکرێ کەسەرکردایەتی جەنگ بەکارێکی هەڵنەسەنگێنراو بێ سوود لەقەڵەم بدرێ.

شازادە موریس ساکسونیی[٢٦] جەنەراڵی مەزنی سەدەی هەژدەهەم نووسیویەتی: ((هەموو زانستێك بنەماو یاسای خۆی هەیەو تەنها جەنگە،

---

[٢٦] Prince Maruice of Saxony (١٦٩٦ ـ ١٧٥٠) لەساڵی ١٧٢٠ چووە خزمەتی حکومەتی فەرەنساوەو لەجەنگەکانی جێنشینی نەمسادا (١٧٤١) ناوبانگی پەیدا کرد. کتێبی (تێڕوانینی من) کە ساڵی ١٧٥٧ بڵاوکرایەوە یەکێکە لەکتێبە کلاسیکییەکانی تایبەت بەهونەری جەنگ. وەرگێڕ





کەهیچ یەك لەم دووانەی نییە)). سەربازی پرۆفیشناڵ، لەبەر چەند هۆیەك کەدواتر باسیان دەکەین، بەتوندی بەدەست ئەم کەموکوڕییانەوە پەژارەیان دەخوارد، بەڵام بیریارانی ((عاقڵی)) مەدەنی، بەپێچەوانەوە ئەفسوسیان لەمە هەڵدەکێشا کەهێشتا جەنگ وەك یادگارێکی سەردەمی دڕندانەیەتی لەئارادایە. ئەم بیروباوەڕە سەرتاسەری ئەورووپای گرتبووەوە، بەڵام بەتایبەتی لەپرووسدا لەبەر دووهۆ پشتگیری زیاتری هەبوو:

یەکەم لەئەزموونی جەنگی ٧ ساڵەی (١٧٥٦ ـ ١٧٦٣) دوە سەرچاوەی گرتبوو. چونکە قەڵەمڕەوی پرووس بەرکەوتبوو. ئەم پێشهاتە لەناو رووناکبیرانی پرووس دا بێزارییەکی قووڵی دژ بەجەنگ دروست کردبوو، کتومت هەمان هەلومەرجی فەرەنساو بەریتانیای پاش یەکەمین جەنگی جیهان. جگە لەوە فردریکی گەورە هیچ هەنگاوێکی بۆ پەکخستنی ئەم ئەندێشەیە نەناو لەراستیدا ناوبراو سەرجەم تەمەنی لەجەنگدا بردە سەر، دووەم، ئەوە بوو کەفردریك هوشیارانە گەڕایەوە سەر سیاسەتی میلیتاریزمی پاشترو چینی مام ناوەندی بێبەش کرد لەخزمەتکردن لەیەکەکانی ئەفسەریو وەرگرتنی بەرپرسێتی سەربازی، ئەم کەسانەی سەرپشك کرد تا خەریکی پارەو پول دەرهێنان بن، چونکە حکومەتی پرووس لەبەر هەژاریی قووڵی سەرچاوەی سروشتیو لەپێناو پاراستنی هەڵکەوتی خۆی لەئەورووپادا، پێویستییەکی زۆری بەمە هەبوو، لەم سۆنگەیەوە بیرۆکەکە لەناو چینی مام ناوەندی پرووسی دا پتەو بوو، جەنگەکانی پاشا هیچ پەیوەندییەکی بەمانەوە نەما. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە

هەنگاوێکی بچووك بوو لەرەخساندنی ئەم بیروباوەڕەدا کە: لێپرسراوێتی جەنگەکان لەئەستۆی پاشاو دەرەبەگایەتی بالادەستەو ئەگەر ئەمان نەبن، هەرگیز ئەمجۆرە جەنگانە روونادەن، ئەمانۆئیل کانت لەناو ژمارەیەکی زۆر نووسەری پروس دا تەنها کەسێك بوو کە لەساڵی ١٧٨٠ بەدواوە ئەم باسەی وروژاند کە:

ئەگەر بەڕێوەبردنی کاروباری حکومەتەکان بەدەستی کەسانی عاقڵ بسپێردرێ، لەوانەیە ئاشتییەکی هەمیشەیی باڵ بەسەر جیهاندا بکێشێ.

ئەم بۆچوونە زاڵ بوو بەسەر زانکۆی پروس‌و ناوەندە روناکبیرییەکاندا، تا ئەوەی کارەساتی یینا[٢٧] بووە مایەی هوشیاری سیاسییان‌و بناغەی بۆ بزاڤێکی ناسیۆنالیستی نوێ دارِشت، کەئەنجامی گرنگی لێکەوتەوە.

ئاشکرایە نووسەرانی پیشەیی مەسەلە سەربازییەکان، هیچ پشکێکیان لەم بیروڕایانەدا نەبوو. وردە وردە ئەم بیروباوەڕە پەرەی سەند کەئەگەر بەڕێوەبردنی کاروباری جەنگ بەکەسانی شارەزا بسپێردرێ، ئەوا لەسایەی کارامەیی‌و میانڕەوی ئەماندا، بەکردەوە رێ لەخوێنڕشتن دەگیرێ. بیریارانی سەربازی لەهەوڵی دۆزینەوەی بنەمای عەقڵانی پشت ئەستوور بەداتای مکوم‌و قابیلی ئەژمارکردن بوون، کە بەهۆیەوە بتوانرێ بەڕێوەبردنی

---

[٢٧] Jana مەبەست شەڕی یینای ١٤ی ئۆکتۆبەری ١٨٠٦ ی نێوان فەرەنساو پروس بوو کە بووە هۆی تێکشکانێکی پڕ لەپەژارەی سوپای پروس. پروس لەم جەنگەدا ١٢٠ هەزار کوژراو و ١٥٠ هەزار بریینداری هەبوو. وەرگێڕ





جەنگ بۆ ئاستی لقێکی زانستە سروشتییەکان داگیرێ‌و ئەمان لەبیری هەنگاوێکی عەقلانی بوون کە رۆڵی شانس‌و نالێبڕاوێتی بەتەواوی بسڕێتەوە. بەلای ژمارەیەکیانەوە ئەم داتانە بەهۆی نەخشەکێشان‌و پێوەرە جوگرافییەکانەوە دەست دەکەوت‌و بۆ هەندێکی تریان بەهۆی لێکدانەوەی پێداویستی لۆجستیکی‌و بەرنامەی رێپێوان‌و سەرەنجام گروپێکی تر هەم لەرێگای داتای پەیوەندیدار بەکۆنتاکی سیستماتیکی هێڵەکانی لۆجستیکی لەگەڵ بەرەکانی جەنگ یان هێزە چەکدارەکان لەگەڵ بنکەکانیان، ئەمانە هەموو باوەڕیان بەم گوتەیەی هێنری لویدی (١٧٢٠ ـ ١٧٨٣) سەربازی بەکرێگیراوی خەڵکی وێلز هەبوو کە:

((هەر کەسێ درک بەم شتانە بکا دەتوانێ دەست بەئۆپەراسیۆنی سەربازی بکاو بەوردەکاری ماتماتیکی درێژە بەجەنگ بدا، بێ ئەوەی پێویست بکا تەنانەت تاقە گورزێکیش بسرەوێنێ)).

ئەم گەڕان‌و پشکنینە لەپێناو بەکاربردنی ڕاستییە زانستییەکان لەکاروباری سەربازیدا ئەو کاتە هاتە بەر کە بیریارانی سەربازی حەزیان بەزەمینەکانی تری چالاکی مرۆڤ دەکرد، کە خۆی لەخستنە ژێر پرسیاری سەرجەم بیرۆکەی ڕاستیی زانستییەوە دەستی پێدەکرد (جیهانێکی نیوتنی کە ڕاستییە بابەتییەکەی بەهۆی هێزەکان‌و پێوەری بەتەواوی دوور



لەبەردەستی مرۆڤەوە بەڕێوە دەبرێن. ئەم باوەڕەی فەیلەسوفە ئینگلیزییەکان ـ بریکلی[28] و هیوم[29] ـ کە ((مرۆڤەکان بە کەمتەرخەمی فێری زانست نابن و نایبینن، بەڵکو زیاتر لە پرۆسەی بینیندا زانست دەخوڵقێنن و بە هەستپێکردنی خۆیان جیهان فۆرمەڵە بەندی دەکەن)) لە ئەڵمانیادا بەقوڵی ڕیشەی داکوتا بوو ـ کلاوزەڤتز پێویستی بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی کانتی ((هاوچەرخی خۆی)) نەبوو (هیچ بەڵگەیەکیش لەبەردەست نییە کەبەرهەمەکانی کانتی خوێندبێتەوە) تا ئەم بیروباوەڕانەی، کەبناغەی فەلسەفەی کانتی پێکدەهێنا، ئاشنا بێ. هەروەها کلاوزەڤتز حەزی بەرەواجی سەرلەنوێی فەلسەفەی بوژاوەی هلنی دەکرد کە بەوپەڕی هێزەوە کاریگەری لەسەر کارەکانی هیگلی گەنج دانابوو، وەك جیاوازییە سوکراتییەکانی نێوان ئایداڵو ڕواڵەتەکانی، یان لەنێوان چەمکی ڕەهاو دەست پێڕانەگەیشتوو کارکردی ناتەواو بەرامبەری لەجیهانی واقعیدا.

کلاوزەڤتزی گەنج دەبوایە بەم بیروڕایانەوە ڕووی لەهەرکوێ بکردبایە ڕەواجی پێبدایە، لەوانە لەساتە وەختی خوێندن لەنواروپین لەسالآنی ١٧٩٠ و لەکۆلیجی جەنگ، ئەو کاتەی کیزەڤیتە فەلسەفەی کانتی لێکدەدایەوە، جگە لەو ناوەندە روناکبیرییانەی بەرلیندا کەرێگای دەکەوتە بەریان.

[28] George Berkeley (١٦٨٥ ـ ١٧٥٣) فەیلەسوفو ڕۆماننوسی ئایرلەندایی ـ ئینگلیزی. وەرگێڕ

[29] David Hume (١٧١١ ـ ١٧٧٦) فەیلەسوفو مێژوونوسی سکوتلەندی. وەرگێڕ






پەرۆشی فێربوونی کلاوزەڤتز وای کرد ئاشنای بیروباوەڕی ژمارەیەك نووسەری وەك پتسالوتسی[30] بێ کەباوەڕی وابوو فێرکردن خۆی لەفێربوونی زانست دا نابینێتەوە، بەڵکو پێویستە سوود لەفێرکردن بۆ پەرەپێدانی کەسایەتی مرۆڤ وەربگیردرێ. لێکۆڵینەوەکانی پستالوتسی لەبواری هونەر، فێری کرد کەهونەرمەند لەسایەی فێربوونو بەکارهێنانی کۆمەڵێك یاسادا کەپەیڕەویان دەکا بەئاسانی سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ، بەڵکو تەنها ئەو بنەمایانە بایەخیان هەیە کە لەرەفتاری واقعی هونەرمەندانی گەورەوە سەرچاوەیان گرتووەو بەشێوەی داهێنانو تێگەیشتنەکانی نەوەی نوێ یارمەتی زیاتر تێگەیشتنی بابەتە جێ مەبەستەکانیان دەدەن.

هەموو هونەرو ئەندێشەیەك بریتییە لەکارێکی داهێنەرانە، نەك لاسایی کردنەوەو وەرگرتن. وەك خودی کلاوزەڤتز وتویەتی: ئەندێشە واتە هونەر. ئەمجۆرە بەکاربردنە لەگەڵ هێزی تایبەت، لەبارەی بەڕێوەبردنی جەنگیشەوە ڕاست دەهاتەوە. کلاوزەڤتز لەرووی زیرەکییەوە زۆر لێکچووی منداڵێکی سەردەمی خۆی بوو، بەلای ئەمەوە جەنگ کارێکی وانەبوو کەیاسای زانستی حوکمی بکا، بەڵکو بریتییە لەبەریەککەوتنی ئیرادەکان یان هێزە ئەخلاقییەکان. فەرماندەی سەرکەوتوو ئەو کەسە نییە کەیاسای یارییەکە بزانێ، بەڵکو ئەو کەسە بوو کە لەسایەی زرنگی خۆیەوە یاسای یارییەکانی

[30] Johanan Heinrich Pestalozzi (١٧٤٦ـ ١٨٢٧) بیریارو چاکسازی کاروباری فێرکردن، خەڵکی سویسرا. وەرگێڕ





دەخولقاند. ئەو دوودڵیو مەترسییانەی وایان دەکرد جەنگ قابیلی پێشبینی کردنو کۆنترۆڵکردن نەبێ، ئەو ڕێگرانە نەبوون کەرەچاو نەکرێن، بەڵکو ئەو دەرفەتانە بوون کەدەبوایە بقۆزرێنەوەو سوودیان لێ وەرگیرایە. لەوانەیە هەلومەرجی کات جەنگ تا ئاستی گوتارێکی پووچو پڕ تەشریفات داگرێ، بەڵام جەنگ لەبنەڕەتدا بەتەواوی شتێکی تر بوو. ناپلیۆن چارەی هەمووانی دەربارەی جەنگ کردەوەو کلاوزەڤتز خۆی بۆ لێکدانەوەی تەرخان کرد.







## -٣-

## زەمینەی سەربازی

ئەو ڕێکخراوە سوپاییەی کلاوزەڤتز پەیوەندی پێوەکرد، لەلایەن فردریکی گەورەوە داڕێژرابوو، تا نابودبوونی ئەم سوپایە لەساڵی ١٨٠٦، هیچ یەکێ لەسەرکردەکانی بەڵگەیەکیان بۆ گۆڕینی ڕێکخراوەکانی نەدۆزییەوە. کاروباری ئەم سوپایە بەتەواوی هاوجووتی تەشریفاتو ڕێوڕەسمەکانی جەنگی سەدەی هەژدەهەم بوو. ئەم تەشریفاتو ڕێو رەسمانە لەسایەی مەیلی ئەو یەکانەی بەشدارییان تێدا دەکرد، دیاری دەکران کە لەکۆدا دوو تایبەتمەندێتی دیاری هەبوو. بەپلەی یەکەم، ڕێکخستنیان بەجۆرێك بوو کە لەمەیدانی جەنگدا بتوانن لایەنی زۆری دەسڕێژ ئاراستەی دوژمن بکەن. لەو کاتەدا تەنانەت ئەگەر چی، بوونی سوارە نیزام بەپێویست دەهاتە بەرچاو، کەچی ڕۆڵێکی تارادەیەك لاوەکی هەبوو. چونکە لەراستیدا سوارە نیزام لەسایەی دەسڕێژی سیستماتیکی خۆیو پشتیوانی هەرچی زیاتری تۆپخانەوە بەبراوەی جەنگ دادەنرا. ئاشکرایە کە ڕۆڵی تۆپخانە، لەجەنگێکدا کەسوودی لەتاکتیکی گەمارۆدان وەردەگرت، شێوازی سەرەتایی خۆی پاراستبوو. تەنانەت ئەگەر سوپا لەڕووی خۆراكو ئالیکی





ئەسپەوە خۆبژێو بووایە، بەڵام بەهۆی پێویستیی هەمیشەیی بۆ کەلوپەلو لۆجستیك، لەڕووی ناچارییەوە بەوابەستەی هێڵەکانی لۆجستیکی خۆیەوە دەمایەوە، ئەگەر چی سوپا دەیتوانی ئەو کاتانەی لەجموجوڵدا بێ، پێداویستییەکانی خۆی لەناوچەکانی دەوروبەرەوە دەستەبەر بکا، بەڵام لەساتە وەختی پشو(بۆ هەر ماوەیەك بوایە) ئەوا پشتی بەسەرچاوە لۆجستیکییە بنەڕەتییەکانی خۆی دەبەست. هەرچۆنێ بێ ئەگەری کەم هەبوو کە ئەفسەرەکان ڕێگا بەتاکەکان بدەن بەئارەزووی خۆیان گەشتووگوزار بکەن، چونکە ئەم تاکانە لەگوندەکانەوە بۆ خزمەتکردنی سەربازی کۆکرابوونەوە، یان بەبێگاری گیرابوونو لەوانەبوو سوود لەم هەلانە وەرگرنو بەجارێ ڕابکەن.

هاتوچۆی یەکەکانی سوپا لەژمارەیەکی دیاریکراو جادەوبانەوە ئەنجام دەدرا کە بۆ گواستنەوەی باری قەبەی لۆجستیکی ئەم یەکانە گونجاو بوونو زۆربەی ئەم جادانە بەهۆی بورجی چاودێرییەوە پارێزگاری دەکرانو تەنها پاش داگیرکردنو نەهێشتنی هەڕەشە لەسەریان، ئەگەری پێشڕەوی کردن هەبوو. ئامادەکردنی ئالیکی ئاژەڵی بارکێشو ئەسپی یەکەی سوارە نیزام، بەکردەوە تایبەت بوو بە(٦)مانگی ساڵ، واتە لەمانگی ئایارەوە تا ئۆکتۆبەر. بۆئەوەی لایەنی زۆر سوود لەمەودای هێزی فیشەکی تفەنگ وەربگیردرێ لەجەنگدا، لەڕووی ناچارییەوە سوود لەتاکتیکی هێڵ وەردەگیرا. ریزبەندی تاکەکان، لەهێڵی درێژو پێکەوە تەنراوو تەقەکردن لەمەودایەکی نزیکەوە، مەیدانی جەنگیان هەمیشە دەگۆڕی بەقەتڵگایەكو







فەرماندەی یەکە سیستماتیكو پڕ خەرجییەکان، هێندەی بلوایە، سەرپێچییان لەجێبەجێکردنیدا دەکرد. سەیر نییە کە جۆری جەنگی مەبەست، دەبوایە پێشتر لەشێوەی مانۆڕێکی تەواودا بۆ پسپۆرانی سەربازی نمایش بکرایە. بێگومان باشتر وا بوو ئەم مانۆڕە لەناو خاکی دوژمندا فەرماندەیی بکرێ، بەڵام دابینکردنی خۆراکی پێویست لەناوچەکانی دەوروبەرەوە، وردە وردە لەئاستی ئیمکاناتی فەرماندەو تواناکانی کەم دەکردەوە.

ئەمە هەمان ئەو ڕێنماییە بوو کە کلاوزەڤتز هەوڵی بنبڕکردنی دا. یەکێ لەیەکەمین بەرهەمی بڵاوکراوەی کلاوزەڤتز بۆ ڕەخنەگرتن لەدیتریش فون بلوی[٣١] تیۆری داڕێژەری ئەو سەردەمە تەرخان کرا. فون بلۆ لەنووسینەکانی دا بەناونیشانی ڕۆحی سیستمی نوێی جەنگ لەساڵی ١٧٧٩و ستراتیجی نایابو پراکتیك لەساڵی ١٨٠٤، دەستیکرد بەلێکدانەوەی ستراتیجییەك کە بەشێوەیەکی گشتی پشتی بەپێویستییەکانی سیستمی لۆجستیکی

---

[٣١] Dietrich Adam Heinrich Bülow (١٧٥٧ــ ١٨٠٧) تیۆریستو ئەفسەری سوپای ئەڵمانیا. لەساڵی ١٧٧٣ لەسوپای ئەڵمانیادا خزمەتی کردو پاش خانەنشین کردنی لەساڵی ١٧٨٩ دەستی بەنووسین لەبواری سەربازی دا کردو سەرجەم ١٦ کتێبی نووسی. ڕەخنەی توندگرتن لەهەلومەرجی سوپای پروس وای کرد لەبەهاری ١٨٠٧ ـەوە تاکو مردن لەزیندانی (ریگا) بەند بکرێ. زۆربەی بۆچوونەکانی ، پچڕ پچڕو پەیوەندییان بەیەکەوە نییە. لەزانستی سیاسەتدا سوود لەهەندێ بیروباوەڕی ئەم کەسە لەبارەی هێزی حکومەتەوە وەردەگیرێ. وەرگێڕ




دەبەستو گوێزانەوەی تاکەکانی پێوە بەند بوو. لەڕاستیدا فۆن بلو ستراتیجی بە زانستی گوێزانەوەی سەربازی لەمەودای گوللە تۆپی هەردوولای ناکۆکدا)) دەبینی، ئەمەش ناکۆك بوو لەگەڵ ئەو تاکتیکەی کە زانستی گوێزانەوەی سەربازی لە بوونی دوژمندا دەبینییەوە فۆن بلو دەیووت.((ستراتیجییەکی بەتەواوی زیرەکانە، پێویستیی لێهاتویی تاکتیکی کەم دەکاتەوەو بەجارێ کۆتایی بەجەنگ دەهێنێ)). ئەمە هەمان ئەو شتە بوو، کە کلاوزەڤتز گەنج بەپڕوپووچ لەقەڵەمی دەداو ڕەتی دەکردەوە، کلاوزەڤتز دەیوت: ((ستراتیجی بێ جەنگو جەنگ کردن، واتای هیچ دەبەخشێ، چونکە جەنگ ئامرازی کاری ستراتیجییەو هۆکارێکە کەسوودی لێ وەردەگرێ)). مەبەستی جەنگ وەك سەرجەم کارە ڕەنگینەکانی تر ئەمە بوو کە ((سوود لەتواناکانی بەردەست بۆ گەیشتن بەئامانجی پێشتر دیاریکراو وەرگرێ)). لەم سۆنگەیەوە چەمکی ستراتیجی بەلای کلاوزەڤتزەوە بریتی بوو لە: (( پێکەوە گرێدانی پێکدادانە سەربازییە لەیەك جیاجیاکان لەیەك کۆمەڵەدا بۆ گەیشتن بە ئامانجی کۆتایی جەنگ)). کلاوزەڤتز پێش ئەمەو لەتەمەنی ٢٥ ساڵی دا دوو بنەمای پێشنیار کردبوو کەپێشینانی خۆی فەرامۆشیان کردبوو: مانۆری سەربازی بێ سوود دەبێ، ئەگەر بۆ شەڕە بنەڕەتییەکە بەرنامەڕێژی نەکرابێ. جەنگ سوودی نابێ، ئەگەر بۆ خزمەتکردنی ئامانجی کۆتایی شەڕەکە بەرنامەڕێژی نەکرا بێ.






## - ٤ -

# زەمینەی سیاسی

ئامانجی کۆتایی هەموو شەڕێك، هەرچییەك بێ مەسەلەیەکی سیاسییە، ئەمەش هەمان خاڵە کە کلاوزەڤتز لەبیرکردنەوەکانی خۆی، کە لەساڵی ١٨٠٤ خستیە سەر کاغەز، باسی لێوە کردووە. ناوبراو لەمبارەیەوە، بەشێوەیەکی وردو راشکاوانەو بەوپەڕی هۆشمەندیو ناسکییەوە، کە بەتەواوی جیاوازی لەگەڵ نووسینەکانی پاشتری دا هەیە، بەئاشکرا نووسیویەتی:

**((ئامانجی سیاسیی جەنگ دەکرێ دوو شت بێ: یان نابودکردنی دوژمنو کۆتایی هێنان بەمانەوەی وەک دەوڵەتێک، یان سەپاندنی مەرجەکانی ئاشتی)).**

ئەو کاتەی کلاوزەڤتز ئەم بابەتەی لەسەر کاغەز نووسی، نەیدەزانی ناپلیۆن پاش دوو ساڵ جەنگێکی وێرانکارانە بۆ رووخاندنی حکومەتی پروس هەڵدەگیرسێنێ. بەڵام لەماوەی ١٢ ساڵ ژیانی رابردووی دا، بینیبووی کە کەش و هەوای جەنگ بەتەواوی گۆڕاوە. بینیبووی کە هێزە

شۆڕشگێڕەکانی فەڕەنسا، وڵاتە نزمەکانیان[٣٢] داگیر کردبوو، لەنێوان ساڵانی ١٧٩٢ و ١٧٩٥ دا هەڕەشەیان خستبووە سەر راین. هێرشی ناپلیۆن بۆ سەر ئیتالیاو هەردو جەنگە درەوشاوەکەی بینیبوو. لەجەنگەکانی ساڵانی ١٧٩٦ ـ ١٧٩٧و ١٧٩٩ودا، بەپێچەوانەی دەیەکانی پێشووەوە، شۆرو شەوقێك بۆ ژمارەیەك ئامانجی ئێجگار پڕ بەهاتر لەمەرامی سنوردار، لەئارادا بوو. وەك پێشتر باسکرا، نەك کلاوزەڤتز، بەڵکو شارن هۆرستی مامۆستای، سەرەتا بۆی دەرکەوت کەسەرکەوتنە سەربازییەکانی فەڕەنسا چەند قەرزاری گۆڕانی سیاسییە لەفەڕەنسادا، سەرەتای ساڵی ١٧٩٧ شارن هۆرست لەلێکدانەوەی هۆی سەرکەوتنی فەڕەنساو تێکشکانی هاوپەیماناندا نووسیبووی:

**((ئەو بەدبەختییە یەك لەدوای یەکانەی دوچاری هێزی وڵاتە هاوپەیمانەکان لەجەنگەکانی شۆڕشی فەرەنسادا بوو، پەیوەندییەکی نزیکیان بە هەلومەرجی ناوخۆیی ئەم وڵاتانەو هەلومەرجی گەلی فەڕەنساوە هەبوو)).**

هێزە شۆڕشگێڕەکانی فەڕەنسا دەیانتوانی بەوپەڕی سەرفرازییەوە سەرجەم یاسا سەربازییەکان پێشێل بکەن، چونکە سیاسەتمەدارەکان هەموکۆتو بەندێکی باوی سیاسیو ئابوورییان

[٣٢] Low Countries مەبەست سنوری وڵاتانی بەلجیکا، هۆڵەنداو لۆکسمبۆرگە. وەرگێڕ





خستبوەلاوە. هێزی مرۆیی فەڕەنسا لەکەسانی زۆر راهێنراو وپڕخەرج پێکنەدەهات، بەڵکو بریتی بوون لەخۆبەخشانی نیشتیمان پەروەر، جگەلەوە دەستیان بەسەربازگیریەکی فراوان کردبوو کەخزمەتکردنیان تارادەیەك بەخۆرایی بوو. سەربازە فەڕەنسیەکان بەئازادی کاریان دەکردو ئەگەر بکوژرانایە، ئەوا ژمارەیەکی زۆرتر جێگەیانیان پڕدەکردەوە. لەبەرئەوەی دەربارەی تاکتیکی هێڵ رانەهێنرابوو، بۆتارومارکردنو دواتر سەرکەوتن بەسەر هێزێك کەلەروی ژمارەوە تاڕادەیەك زۆرتر بوو، سوود لەکۆمەڵێکی دەستدرێژکەری خۆڕاگرو ستونی هێرشبەری ژمارە زۆر وەردەگیرا، ناپلیۆن ئەم دەستە دەستە خۆڕاگرە پیاوە نیزامانەی بەیەکەی تۆپخانە تەیار کردبوو، کەڕێژەکەیان هەمیشەروی لەزیادبوون دەکردو سوارە نیزامی راهێنراوی ئامادە دەکرد کەبەبێ بەزەییانە راوەدوی دوژمن دەکەوتن.

ئەوە هەمان ئامرازی تۆقێنەر بوو کە ناپلیۆن بەهۆیەوە ئەوروپای داگیرکرد، بەڵام حکومەتێك دەیتوانی لاسایی ئەو رەوشە بکاتەوە کە بتوانێ بەردەوام پارەو سەرباز ڕەوانەی مەیدانی جەنگ بکا، هەروەها لەلایەن خەڵکانێکەوە، پشتیوانی بکرێ کە خۆیان لەگەڵ ئامانجەکانیدا هەماهەنگ کردبێو خۆبەخشانە خۆیان بکەنە قوربانی خواستەکانی ئەم حکومەتە. لەڕاستیدا خەڵکی فەڕەنسا

ببوون بەیەك نەتەوە. ئایا دەكرا بەشێوەی فەرەنسیەكان، بەهۆی سەرنگون كردنی یەكەكانی سیستمی پاشایەتیو داهێنانی دیكتاتۆری لەسەر بنەمای راپرسی گشتی[٣٣] و بەرقەراركردنی حكومەتی ترس، نەتەوەیەك بۆخەلك پێكبهێنری؟ ئەگەر نا، ئەی كەواتە دەرمانی باشتر بۆخودی نەخۆشییەكەی نەبوو.

ئەمە هەمان مەسەلە بوو كە هەستی كلاوس ڤیتسی لەسەرجەم قۆناغەكانی ژیانی ئەكتیڤیدا بەخۆوە خەریك كردبوو، هەروەها بەهەمان ئەو ئەندازەیەی كە شەخسیو ویژدانی بوو، گشتیو دابڕاویش بوو. ناوبراو سالی ١٨٠٦ ئەم مەسەلەیەی وەك بابەتێكی گشتی لەكۆبونەوەی كۆمەلەی سەربازیدا خستەبەر باسو لێكۆلینەوەو بابەتەكە گۆڕا بۆروداوێكی ناخۆش. كارەساتی ییناەك تەنها دەرێخست سوپای پرۆس هاوشانی فەرەنسا نییە، بەلكو سەلماندی كە خەلكی بن دەسەلاتی بنەمالەی هورهنزولرندان بێ بایەخانە بیردەكەنەوە و پێیان وایە ئەم شكستە هیچ پەیوەندییەكی بەمانەوە نییەو تەنها بەتێكشكانێك بۆ سوپای پاشایەتی دادەنرێ. كلاوزەڤتز ئەوكاتەی لە فەرەنسا دەست بەسەربوو، بیری لە

---

[٣٣] Plebiscite كۆماری یەكەمی فەرەنساو دواتر ناپلیۆن سودی لەم رەوشە وەك ئامرازێك بۆپاراستنی خەلك لەپێناو بەیاسایی نیشاندانی مەسەلەی داگیركردنی خاكەكەیان وەرگرت ـ وەرگێر.





ستی پڕ لە سوكایەتی نەتەوەكەی خۆی دەكردەوەو بەم جۆرە بۆدەزگیرانەكەی نوسیویوتی:

**"من بەقامچی ئەم ئاژەلە تەمبەلە ناچاردەكەم ببزوێو فێری دەكەم تازنجیری دیلی بپچڕێ. ئینجا بەدوور لەترس رێگا بەخۆی دەدا راپەڕێ. دەبێ لەسەرانسەری ئەلمانیادا پڕوپاگەندە بۆكارێ بكەم كەوەك ژەهر ئەوهێزە وێرانكەرە تاعونییە بنبڕبكا كە رۆحی نەتەوە دەڕزێنێ".**

ئەوكێشەیەی دوچاری پروس ببوو، تەنها ریفۆرمی كاروباری سەربازی یان سیاسی نەبوو، بەلكو بریتی بوو لەنوێسازییەكی ئەخلاقی.

ئایا ئەم نوێ سازییە ئەخلاقییە لەگەل پاراستنی پاشایەتی رەهادا سازگاربوو؟

ئەوەش بنەمالەیەك كە بەگومانێكی خراپی قوول تەماشای ئەمجۆرە بیروباوەڕە لیبڕالەی دەكرد؟ ئەوەندەی پەیوەندی بەكلاوزەڤتزەوە هەبوو، هیچ دودلییەكی لەخۆ نیشان نەداو بەگەرموگوڕی جاران پشتگیری لەبنەمالەی پاشایەتیەكان كرد، بەلام سیستمی پاشایەتی وەك پێشتر بینرا، متمانەی بەناوبراوو ئەوانەی وەك ئەو بیریان دەكردەوە، نەما. رێگای چارەسەر بەلای كلاوزەڤتزو هاوڕێكانیەوە بۆئایندە ئەوەبوو كە دەبوایە بنەمالەی پاشایەتی پێش ئەوەی بەهۆی هەستی ناسیۆنالستیەوە بخرێتە لاوە، خۆی لوتكەی




رەوتەكەی بگرێو هاوشان بەم ڕەوتە بەرەو پێشەوە بجوڵێو ئەم پێشبینییانە تارادەیەك لەنێوان سالآنی ١٨١٣ تا ١٨١٥ رەچاوكرا، بەڵام پاش ئەمە هەستی ناسیۆنالستیو پاشایەتی خوازی جارێكی تر لێك دوركەوتنەوەو حكومەتی پاشایاتی ئەمجارە بەرەوشێكی بێ وێنە كەوتە سەركوتكردنی هەستی ناسیۆنالستی. لەبەرئەمە كێشەی سیاسی لەئەڵمانیا بێ چارەسەر مایەوەو سوپاش دوچاری چارەنوسێكی هاوشێوە بوەوە.

ئەوە شتێكی گرنگ نەبوو كە ئەگەر جەنگە شۆڕشگێرانەكان وەك دیاردەیەكی بێ ئەلتەرناتیڤ لەقەڵەم دەدران، بەڵام هیچ خاوەن عەقڵێكی ژیر نەیدەتوانی قبوڵ بكا كە لەبنەڕەتەوە وانەبوون. كلاوزەڤتز هەرگیز ئەمەی قبوڵ نەدەكردو (لەوانەیە لەكۆتایی دەیەی ١٨٢٠)دا نوسیویەتی:

"جەنگ بەدەر لەپەیمانە دەستوپێ گیرەكان بوو، ئەم پەیمانانەی لەتوڕەیی خۆیدا نابود دەكرد. ئەمە لەڕاستیدا قەرزداری بەشداریكردنی نوێی خەڵك لەمجۆرە كارە مەزنانەی حكومەتدا بوو. هاوبەشی ئەمان بەش بەحاڵی خۆی لەسەرێكەوە لەوكاریگەریەوە سەرچاوەی گرتبوو كە شۆڕش لەسەر هەلومەرجی ناوخۆیی هەموو دەوڵەتێك بەجێی دەهێشتو لەسەرێكی ترەوە،لەبەرخاتری ئەوەمەترسییە بوو كە فەڕەنسا لەسەر هەریەكە لەمانە دروستی كردبوو".






ئایا ئەم كێشەیە لەئایندەشدا هەمیشە بەهەمان شێوە دەمێنێتەوە؟ ئایا لەمەوپاش جەنگەكانی ئەوروپا پشت بەسەرجەم سەرچاوە حكومەتییەكان دەبەستن‌و سەرەنجام جەنگ تەنها لەسەر ئەومەسەلە گرنگانە هەڵدەگیرسێ كە خەڵك بەرامبەریان هەستیارن؟ یان دیسانەوە سەردەمی جیابوونەوەی وردە وردەی حكومەت و خەڵك دەبینین؟ وەڵامدانەوەی ئەمجۆرە پرسیارانە ئاسان نییەو ئێمە دواهەمین كەسانێكین كە جورئەتی ئەنجامدانی ئەم كارە بەخۆ دەدەین. بەڵام خوێنەر هاودەنگمان دەبێ ئەگەر بڵێین: ئەوكاتەی قەڵاكان روخان (كە لەڕووی عەقڵییەوە كارێكی رەچاونەكراوە لەلایەن مرۆڤەوە بكرێ) دووبارە دروستكردنەوەیان كارێكی سانانییە. لایەنی كەم ئەوكاتەی بەرژەوەندی سەرەكی لەمەترسیدایە، دوژمنایەتی یەكتر كردن بەهەمان ئەو شێوەیە خۆی نیشان دەدا كە ئێمە لە ڕۆژگاری خۆماندا دەیبینین.(٥٩٣)

كەواتا جەنگەكانی ناپلیۆن، بەوجۆرەی كلاوزەڤتز تێگەیشتبوو، لەوانەیە نەتوانرێ ببێتە نمونەی جەنگەكانی ئایندەو ئەوسوپایانەی توانای روبەرو بونەوەی ئەوجەنگانەیان نەبوو، لەوانەبوو جارێكی تر تێكبشكێن، وەك چۆن

نەمساییەکان لەئۆستەر لیتسو[34] ئەڵمانەکان لەبینا بەچاوی خۆیان بینییان .

کلاوزەڤتز دەیوت :

**((ئەگەر بۆ بەشداری سەرکەوتوانە لەمجۆرە جەنگانە ، پێویستی بەگۆڕانێکی سیاسی بکردایە، ئەوا ئەمە ئەو بەهایە بوو کەهەموو نەتەوەیەکی بەویقار دەبوایە خۆی بۆدانی ئامادە بکا)).**

---

[34] Austerlitz مەبەست ئەوشەڕەیە کە٢ ی دیسەمبەری ١٨٠٥ لەنێوان سوپای فەڕەنسا بەسەرکردایەتی ناپلیۆنو سوپاکانی هەریەکە لە روسیاو نەمسا بەسەرکردایەتی کوتوزوف رویدا.





## لەبواری جەنگدا

ئەوکاتەی کلاوزەڤتز لەساڵی ١٨١٨ بوە بەڕێوبەری کۆلێجی جەنگ، تەمەنی تەنها ٣٨ ساڵ بوو، بەڵام خاوەن ئەزمونێکی ٢٥ ساڵەی گشتیو فرەڕەنگ بوو، بەجۆرێ سەدان لاپەڕە یاداشتی دەربارەی لایەنە جیاجیاکانی جەنگی لەهەگبەدا هەڵگرتبوو. کلاوزەڤتز زۆر پێشترو بەئومێدەی بتوانێ پوختەیەکی نایابی یاداشتەکانی دەربارەی ستراتیجی بۆ خوێنەرانی بواری هونەر ئامادە بکات، دەستی بەتێکهەڵکێش کردنیان کردبوو، بەڵام خۆی لەم بارەیەوە راشکاوانە دەڵێ:

سروشتی من کە هەمیشە بەرەو کرانەوەو شێواز بەخشین دەمبات کاری خۆی کرد. هەرچی زیاتر شتم دەنوسیو شارەزایەکی زیاترم دەربارەی لێکدانەوەو شیکردنەوە کردن پەیدا دەکرد، زیاتر دەگەڕامەوە سەر لێکۆڵینەوەی گشتگیرتر. سەرەنجام فەسڵێك دەچووە سەر فەسڵەکەی پێشوو. لەکۆتاییدا بڕیارم دا چاو بەهەموویاندا بخشێنمەوەو پەیوەستی بابەتیانەی مەسەلەکان لەوتارە سەرەتاییەکاندا بەهێزبکەم. لەوانەیە لەوتارەکانی پاشتردا چەندین شیکار تێکهەڵکێش کرابنو کۆبەندێك بەدەستەوە بدەن کە فۆڕمێکی مەعقول بەسەرجەم بەرهەمەکە دەبەخشێ. . . (٦٣)





كلاوزەڤتز هەرگیز نەیتوانی ئەم كارە ئەنجام بداو پاش ١٢ ساڵ لە بەجێهێشتنی كۆلیج بەم شێوەیەی نووسی:

**دەستنوسی تایبەت بەرێبەری كردن و بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنە گەورەكان كەپاش مردنی من ئاشكرادەبێ بەشێوەی ئێستای هێندە دەركەوتەی نابێ، بەڵام كۆمەڵەیەكە كەتیۆری جەنگی لێ هەڵهێنجراوە**.(٧٠)

پێداچوونەوە، پاكنوسكردن، زیادكردنی بابەتی نوێ و نوسینی لێكۆڵینەوەی سەرەكی دەربارەی زۆربەی جەنگەكانی ناپلیۆن ١٢ساڵی خایاند. ساڵی ١٨٢٧ ئەوكاتەی پرۆژەی گشتی ٦ بەرگ لە ٨ كتێبی ئایندەی خۆی تەواوكردبوو، بیری بۆئەوە دەچوو كەرەوشی هەماهەنگ كردنی بیروڕاكانی دۆزیوەتەوە. بێگومان ئەم بیرو باوەڕە تازە نەبوو، چونكە كلاوزەڤتز لەیەكەمین وتاری خۆیدا (نزیكەی چارەكە سەدەیەك پێش) ئاماژەی بۆ ئەم بابەتە كردبوو، واتە ئەوكاتەی جەختی لەسەر ئەولەویەتی سیاسی لەبڕیاردان دەربارەی ئامانجی جەنگ دەكردەوەو سروشتی دوانەی جەنگی لێك دایەوە. لەبەر هەمان هۆی پێشوو، جەنگی (تەواو) و جەنگی (سنوردار)ی لێدەكەوتەوە. كلاوزەڤتز پاش بەلێبڕاوانە هەڵبژاردنی ناونیشانی بنەڕەتی ئەم بەشەی كارەكەی، دەستی كرد بەپێداچونەوەی سەرجەم دەستنوسەكانی تایبەت بەمە، فەسڵی یەكەمی بەئارەزووی دڵی خۆی تەواوكرد. بەڵام تەنانەت ئەوكاتانەش كەسەرگەرمی پاكنوسی كردنیان بوو، تیۆریەكی تر ختورەی بەمێشكیدا كرد: ڕێنوێنی سیاسی حكومەت،







تایبەتمەندێتییە پیشەییەكانی سوپاو كاردانەوەی خەڵك وەك یەك (سێ كوچكەی بەرجەستە) هەموان ڕۆڵی گرنگ و یەكسانیان هەیە. كلاوزەڤتز لەبارەی بیروباوەڕو لێكچواندنەوە مێشكێكی ئێجگار هەستیاری هەبوو. وردبینی ناوبراو لەلێكۆڵینەوەدا بەڕادەیەك ناسك بوو كەتەنانەت ئەگەر بیتوانیبایە پێداچونەوەی خۆی تەواوبكا، وا نەدەهاتە بەرچاو كەبۆ هەمیشە لێی ڕازییە. لەم سۆنگەیەوە هەرچەندە تەمەنی بەسەر دەبرد، بۆ نەوەكانی ئایندە تەنها (كۆمەڵەیەك كەتیۆری جەنگی لێ دەرهێنراوە) بەمیرات ماوەتەوە، ئەمەش بانگەشەیەكە هێشتا مەعقول دێتەبەر چاو.

خوێنەری بەویژدان، ئەوەی هەڵپەی تێگەیشتنی ڕاستی بكا، ئەم ڕاستیە قبوڵ دەكا كە (ناوەڕۆكە) نارێكوپێكەكەی، لەڕاستیدا بەری چەندین ساڵەی بیركردنەوەی ناوبراو دەربارەی جەنگ و لێكۆڵینەوەی بەردەوامی بوو. لەوانەیە ئەم جۆرە خوێنەرە تەنانەت ئەم بابەتانە بەباوەڕێكی ئەوتۆ لەقەڵەم بدا، بەجۆرێ ببێتە مایەی شۆڕشێك لەتیۆری جەنگدا. (٧٠)

ئەمانە هەمان ئەوبیروباوەڕانەن كە لەلاپەڕەكانی پاشتردا باسیان لێوە دەكەین.





# تیۆری‌و پراکتیك لەجەنگدا

یەکەمین مەسەلەیەك کەدەبوایە کلاوزەڤتز وەڵامی بداتەوە ئەمەبوو: لەبنەڕەتەوە چۆن تیۆری دەربارەی جەنگ هەڵدەهێنجرێ؟ چونکە ئەم کارە مەسەلەیەکی سادەی جەنگی بەرژەوەند خوازانەی بەدەر لەناسکی نەبووکە سەرجەم سەربازەکان بەفیترەت قبوڵیان کردبێ، بیروباوەڕێك کە بەتیۆری کردنی کارێکی ناژیرییە، یان تەواوی ئەوکێشە سەربازیانەی لایەنی هونەری یان نییە، بەهۆی تێکەڵەیەك لەشەهامەت‌و عەقڵی سەلیمەوە دەکرێ چارەسەرو یەکلایی بکرێنەوە.

لەڕاستیدا کلاوزەڤتز زۆر مەیلی لەسەر ئەم بۆچونە بوو لەنوسینەکانیدا (وەك تێبینی دەکرێ) تاڕادەیەك ڕاستییەکەی نیشانداوە. مەسەلەی گرنگتر بریتی بوو لەلێکدانەوەی ئەمەی کە بۆسەرجەم تیۆریەکانی پێشووی سەردەمی رۆژگاری ناوبراو، ئەگەر نەڵێین گومڕاکەر بوون، ئەوا تا ئەندازەیەك کاڵ‌و کرچ بوون‌و سەرباری پێشینەی نائومێدکەریان، ئەگەری ئەمە هەبوو بەردەوام بەڕاستی لەقەڵەم بدرێت.

جگە لەپۆلێنکەرانی بیرەوەرییەکان‌و گێڕانەوە مێژووییەکان، ئەونوسراوانەی لەبواری مێژوودا دەیاننوسی، تا ئەو سەردەمە دەکرانە سێ







تاقمەوە. گروپێکی زۆر تەنها خەریکی مەسەلە زانستییەکانی تایبەت بەچەك، لۆجستیك، ڕاهێنان‌و کۆکردنەوەی هێزبوون کە بەوتەی کلاوزەڤتز بەهەمان ئەندازەی پیشەی شمشێر دروستکردن لەگەڵ هونەری شمشێربازیدا شارەزاییان لەهونەری لەشکرێکیشیدا هەبوو. ئەم دەستەیە سەرنجێکی کورتبینانەی بۆ وردەکاری یەکان هەبوو، کە کلاوزەڤتز بەئاشکرا ئەم دۆخەی لەناو ژمارەیەکی زۆری ئەفسەرانی گەورەی سوپای پرۆسیدا بینیبوو بەتوندی خۆی لێ دوور ڕادەگرت.

کلاوزەڤتز دەنوسێ:

هەنگاوی سەربازی بەشێوەیەکی گشتی پێویستی بەهەبوونی ئەزمونی ئێجگار زۆرو لێهاتویی، لەگەڵ هێزێکی بەتەواوی تەیار هەیە. ئەم فاکتەرانە پێش بەدەستهێنانی ئامانجی سەرەکی خۆی لەجەنگدا، پاش چەندسەرکەوتنی گەورە تێکەڵاوی یەکتر دەبن، وەک چوونەسەریەکی چۆمەکان‌و پێکهێنانی رووبار پێش ئەوەی سەر بەدەریا بسپێرن، ئەوکەسەی بیبەوێ ئەمانە کۆنترۆڵ بکا، دەبوایە تەنها خۆی لەو چالاکیانە نزیک بکاتەوە کەخۆیان بەرەو ئۆقیانوسی بەرفراوانی جەنگ سەرەوخوار دەکەنەوە. . . .

تەنها ئەم مەسەلەیە ئاشکرادەکات کەبۆچی لەجەنگدا کەسانی سادەوبێ پلەوپایە بەزۆری بۆپلەکانی باڵاهەڵدەکشێن‌و هەندێ جار دەبنە فەرماندەی نایاب. کەسانێ کەپێشینەی چالاکیی بەتەواوی جیاوازیان هەبووە. لەڕاستیدا فەرماندەی نایاب هەرگیز



**لەناو ئەفسەرە زاناو شکۆمەندەکاندا دەرناکەوێ، بەڵکو بەزۆری بریتین لەوکەسانەی کەهەلومەرجی ژیانیان دەرفەتی خوێندنی باڵای بۆ نەڕەخساندون.** (١٤٤)

کلاوزەڤتز بەچاوی سوك تەماشای ئەوئەفسەرانەی دەکرد کە بەنابەدڵی ئەوانیان فێری زانست کردووەو بەمەلابەزێن Gelenrteو فەزل فرۆش ناوی دەبردن‌و بەگوێ درێژی ئەو حەمالانەی لەقەڵەم دەدان، کە بەهەردوو دەست خۆیان بەوپلە ژێردەستییەیانەوە چەسپاندوە، هەرچۆنێ بێ کێشەکە لەسەر ئەمە بوو کە زانیارییە بەتەواوی لەیەك دابڕاوەکانیان، لەهونەری بنەڕەتی فەرماندەییدا، بەسەفتەیەکی درۆزنانە کۆتایی دەهات کە سیمای جیاکەرەوەی دووەمین توێژی نوسەران بوو. هەمان ئەو دژە ئەخلاقییانەی بەجارێ ڕەتدەکردەوە گوایە(سەرجەم بیروباوەڕی تیۆری سەلێنراوی تایبەت بەمەی کە جەنگ کارکردی سروشتی مرۆڤ بووەو بەپێی تواناکانی پەنای بۆبردووە.(١٤٥)

بەگوێرەی ئەم ڕێبازە فیکرییە(بنەما ئەخلاقیەکانی جەنگ) بوونی دەرەکی نەبوو، هەمووشتێك بەندبوو بەلێهاتووی تاکەوە کە نەشایستەی لاسایی کردنەوەو نەلەرێگای ئەزمونەوە دەست دەکەوتن، دەرکەوتنی پۆناپارت یان فردریك هەمان ئەندازەی دەرکەوتنی شکسپیر یان مۆرتسارت چاوەڕوان نەکراو بوون. ئەمانە بەبوونەوەرێکی ئیستسنایی‌و شاز لەقەڵەم دەدران‌و هەوڵدان بۆ پەی بردن بەرازی سەرکەوتنیان بەکات






بەفیڕۆدان دادەنرا (زیاتر ناوەڕۆکی ئەم ڕەوشەی بیرکردنەوە لە نوسینەکانی جۆرج ڤۆن بیرنهۆرست دا بەناوی هەندێ تێبینی لەسەر هونەری جەنگ، کە لەساڵی ١٧٩٧ بلاوکراوەتەوە، هاتووە).

هەرچەندە کلاوزەڤتز تاڕادەیەك هاوسۆزی لەگەڵ ئەم بۆچونە هەبوو، بەڵام بە (زێدەڕۆ ئامێز) لەقەڵەمی دەداو پەرۆشی خۆی بۆ ڕێبازی پڕ لایەنگری سێهەم نیشان دەدا، ڕێبازێك کەنوسەرەکانی باوەڕیان بەلێکۆڵینەوەی جەنگ وەك زانست‌و دۆخێکی بنەڕەتی نەگۆڕ لە بەڕێوەبردنیدا هەبوو، کلاوزەڤتز ئەگەری بەکارهێنانی ئەم رەوشەی بۆ مەیدانێکی سنورداری جەنگ‌و بەشێوەی گەمارۆدان پەسەند دەکرد کەتێیدا ژمارەیەکی زۆر لەفاکتەری قابیل بەئەژمارکردن هەبوو، لەوانەی ئاستی مەودای وێرانکاری چەکەکان، موحاسەبەی مەیدانی مەودای بینین، گۆشەکانی تەقاندنیش، لۆجستیکی پێویستی سەربازگەکان لەچەند رەهەندێکی دیاریکراووماوەی کاتی مەتەرێزلێدان‌و تەواوکردنی سەنگەرەکان. بەڵام هێنری لویدو ئەوانەی پاش ئەو، وەك دەزانین، هەوڵیاندا ئەم فاکتەرە قابیل حسابکردنانە بۆ گشت بوارەکانی فەرماندەیی کردنی جەنگ پەرەپێ بدەن. بەڕای کلاوزەڤتز بیروباوەڕی ئەوان لەکۆدا بەرەو گومڕاهی برابوو.

ڕەنگە زێدەڕۆترین (هەرچەندە نەك ناسراوترین) نوسەر دیتریش فۆن بولو بووبێ کەپێشتر ئاشنایمان لەگەڵ کارەکەیدا پەیداکرد. بیروباوەڕەکانی لەگەڵ گرنگیدان بەفاکتەری لۆجیستك وایکرد وادانێت رازی سەرکەوتنی





ئۆپەراسیۆنەکان لەدڵنیابوون بەوەیە گۆشەی پێکهێنراو بەهۆی هێڵەکانی هێرشەوە، بۆ داگیرکردنی ناوچەی جێ مەبەست، لەکۆتایی هێڵی بەرگری کردنی بنەڕەتیەوە کە سوپا لەوێوە ئۆپەراسیۆنەکانی دەستپێکردوە، نابێ لە ٩٠ پلەکەمتربێت.

ئەم وێناکردنە پاڵی پێوەنا پەنا بۆزنجیرەیەك لێکدانەوەی ئاڵۆزببا. یەکێ لە لایەنگرە سەرسەختەکانی ئەمجۆرە تیۆرییە بریتی بوو لەئەنتۆنی دوژمنی کەهاوچەرخو رکەبەری کلاوزەڤتز بوو. ناوبراو هەمان ئەوشیکارەی مەسەلە سەربازیەکان بووکەتێگەیشتنو هەستی ڕەوانی نوسینی تاکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم وای لێکرد ببێتە یەکێ لەناسراوترین نوسەرانی بواری سەربازی لەدەرەوەی ئەڵمانیادا.

"ژومنی" باوەڕی وابوو رەوشێکی هاوبەش لەبەدەستهێنانی سەرکەوتنی سەربازی ناپلیۆنو فردریکی گەورەدا هەبووەو دەتوانرێ ڕەوشەکە بەم شێوەیە پوخت بکرێتەوە:

(ناردنی یەك لەدوای یەکێ هێزی یەکێ لەهەردولا بۆخاڵە هەستیارەکانی مەیدانی جەنگو ئەگەر لوا دژی هێڵەکانی پەیوەندی دوژمن، جگە لەپاراستنی هێڵەکانی هاتوچۆی خۆی) بەمشێوەیە دەتوانرێ ئامانج، کەناوبراو بەپێشکەوتوتری (هێڵەکانی ناوخۆیی) ناوی دەبردو (لەوکاتەوە رەواجی پەیداکرد) بەباشترین شێوە بهێنرێتە دی.







کلاوزەڤتز هیچ بەهایەکی بۆ ئەمجۆرە کۆبەندیانە دانەدەنا، ئەمیش نەك لەبەرئەوەی لەڕادەبەدەر ساویلکە بوون، بەڵکولەبەر ئەمەی گەوهەری جەنگیان رەچاو نەدەکرد:

**ئەوان پشتیان بەهەندێ بەهای نەگۆڕ دەبەست، بەڵام لە جەنگدا هەمووشتێ نالیبڕاوەو دەبێ لێکدانەوەکان پشت بەبڕە گۆڕاوەکان ببەستن.**

**ئەوان لێکۆڵینەوەو پشکنین بەتایبەت لەسۆنگەی بڕە ماددییەکانەوە دەبینن، کەچی سەرجەم ئۆپەڕاسیۆنە سەربازییەکان بریتین لەتێکەڵەیەکی هێزی ڕەوانیو توانای ماددی.**

**ئەوان تەنها تویێژینەوەی تاك رەهەندی ئۆپەراسیۆنەکان ئەنجام دەدەن، لەکاتێکدا جەنگ لەئۆپەراسیۆنی بەرامبەرو یەك لەدوای یەکی بەشەڕهاتوەکان پێکدێ.** (١٣٦)

کلاوزەڤتز باوەڕی وابوو هەموو تیۆرییەك ئەگەر توخمە پێکەوە گرێدراوەکانی وەك: نالێبڕاوەیی تەواوی زانیاریەکان، بایەخی فاکتەرە ئەخلاقیەکان (جەخت کردن لەسەر هەردوکیان)و قابیلی پێشبینی بوونی کاردانەوەی دوژمن لەبەرچاو نەگرێ، ئەوا بایەخی نابێت پەیبردن بەمەرامو کاردانەوەی دوژمن مەحاڵە، بەتایبەتی ئەوکاتەی هێزێکی دەسڕۆی کاریگەری سیاسی لەسەر کارنەبێ تابڕیاری پێویست لەبارەی سوپاکەی خۆیەوە بگرێتە بەر لەو سۆنگەیەوە لەوپەڕی گرتنە بەری ڕێو شوێنەکاندا



دەتوانرێ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەگەرەکان بکرێ و لەئەنجامدانی ئەم کارەدا هەمیشە فاکتەری هەبونی شانس رۆڵی لەقەزاوەت کردنی هەموکەسێکدا هەیە. تەنانەت شایستە ترین جەنەراڵ لەوانەی کەبوێریان دەنواندو پێیان لەسەر داوەری کردنی خۆیان دادەگرت، وەك قوماربازێك لەقەڵەم دەدران چونکە هیچ تیۆریەك ناتوانێ لەساتە وەختی قەیراناویدا بەمانە بڵێ کەپێویستە چی بکەن.

بەلای کلاوزەڤتزەوە یەکێ لەبەڵگە بەبایەخەکانی هێزی ئەخلاقی ئەمەبوو:

(ئەگەر نالێبڕاوەیی لەتایەکی تەرازوودا هەبوو، ئەوا دەبێ بوێریو متمانە بەخۆ لەتاکەی تردا دانێ، تاهاوسەنگی دروست بێ). بەلام هۆیەکی سیاسی تریش هەبوو، واتە هەمان ئەوشتەی کە سەرجەم تیۆری دارێژەران لێی خافڵبوون: جەنگ مەترسیدار بوو، مەترسیدار بەرادەیەك کە هەرکەسێ بەشداری تێدا نەکردبایە نەیدەتوانی وێنای بکا کە لەچ شتێك دەچێ. کلاوزەڤتز لەوتارێکی کورتو زیندودا نوسیویەتی:

**چۆنییە کە لەجەنگدا "رۆناکی عەقڵ بە شێوەیەکی تەواوی جیاواز لەبنەماکانی ئەندێشەی زانستیو ئەکادیمی دەشکێتەوە".(١١٣)**

هەرچەندە جەنگ سنوری نالێبڕاوێتیو شانش بوو، لەوەش زیاتر سنوری کارەساتو پەرێشانی، لاوازیو ترس، بەلام ستراکتۆری هەمویان گۆڕان بۆ






توخمێك کە کلاوزەڤتز ناوی (ململانێ)ی لێنا. مەیدانێك کەسەرجەم ئۆپەراسیونە سەربازیەکان لێرەدا روویان دەدا.(١١٩-١٢١)

لەجەنگدا هەمووشتێك ئێجگار سانایە، بەلام ساناترین شت ئێجگار نادیارە... وردە رووداوی بێشومار(ئەوانەی کە هەرگیز ناتوانی بەدروستی پێشبینیان بکەی) ئاوێتەی یەکتر دەبنو ئاستی گشتی ئۆپەراسیۆنەکان دادەگرن. لەم رووەوە هەمیشە ناتوانرێ ئامانجی مەبەست بپێکێندرێ...

مەکینەی سەربازی.... لەراستیدا ئێجگار سادەیەو بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ئێجگار ئاسانن، بەومەرجەی بەدابڕاوی تەماشای هیچ یەکێ لەپارچەکانی ئەم بەشە نەکەین، هەموو بەشێك لەچەند یەکەیەك پێکدێ کەهەریەکەیان خاوەن هێزی ناکۆکی شاراوەی خۆیەتی... فەوجێك لەتاك پێکدێو بێ پلەوپایەترینیان لەوانەیە هەلی ئەمە پەیدا بکا کە کارەکان پەك بخا یان بەرێرەوێکی هەڵەدا بیبا.

ئەم مەیلە خۆڕسکە بەرێرەوی بەهەڵەدا بردنی کارەکان، کە فاکتەری دەرەکی دەبوە مایەی بەتەوژمکردنی (فاکتەری ناسراو نیگەرانکەری هەموو سوپاکان بوو، کە لەسوپای بەریتانیا بە(یاسای مۆرفی[٣٥]) بەناوبانگە تەنانەت کەمتر لەفاکتەرەکانی تر قابیلی کۆنترۆڵکردن بوو- دروست وەك دۆخی با.

---

[٣٥] Murphy's Law زاراوەیەکی گاڵتەئامێزە بەمانای هاتنەدی پێشبینی بۆ بەهەڵە دەرکەوتنی کار یان رووداوێك.-وەرگێر





تەمومژ بۆی هەیە لەکاتی خۆیدا رێ لەبینینی دوژمن بگرێ، راوەستانی تفەنگ لەکاتی تەقەکردنداو نەگەیشتنی راپۆرت بەدەستی ئەفسەری فەرماندە. باران دەتوانێ ببێتە هۆی دواکەوتنی فەوجێكو بەهۆی گۆڕانی ڕێپێوانی سێ سەعاتی فەوجەکە بۆ هەشت سەعات جارێکی تر گەیشتنی دوابخات، ماندو بوونی ئەسپ لەکاتی تێپەڕبوون بە قوڕولیتە، ئەنجامدانی ئەرکی سوارو نیزام پەکبخاو شتی تر.

پوختە: ئۆپەراسیۆنی جەنگ وەك هەمان شێوەی تێپەڕبونی تەزوە بە تەنێکی بەرگری کەردا. بەهەمان شێوە کەسادەترینو سروشتی ترین جموجۆڵەکان، واتە ڕێپێوان، ناتوانرێ لەئاودا بەئاسانی ئەنجامبدرێ، لەجەنگیشدا هەنگاوی باو ناتوانێ تەنانەت ئەنجامی هاوتاش بەدەست بهێنێ. کلاوزەڤتز دەیوت کە: هەرئەو مرونەتە متانەن کە (جەنگی راستەقینە لە جەنگی سەرکاغەز جیابکاتەوە) و تێگەیشتن لەگرنگی یەکەی خاڵی دەست بەکاربوونی هەمووتیۆری داڕێژەرێکە.

فەرماندە لەمەیدانی جەنگدا بەدەگمەن دەتوانێ بەتەواوی دڵنیابێ لەمەی کە دووژمن لەکوێیە یان خاوەن چ ئاستێکی توانای جەنگییەو کەم تا زۆر چ خەیاڵێکی لەسەردا هەیە. هەندێ جار تەنانەت ئاگاداری جێگای چەق بەستنو هەلومەرجی یەکەکانی خۆشی نییە. خودی ئەم فەرماندەیەو هەندێ جار زۆربەی ئەفسەرەکانی ژێر فەرمانی برسیو ماندوو دەهاتنە بەرچاوو







بەپێچەوانەی رواڵەتیان هەستیا بەترس دەکرد. ئەومەسەلە ژیانییەی کە لەم جۆرە هەلومەرجەدا، لەلێکدانەوە لۆجیستێکییەکانی ئەفسەرانی ستاددا حسابی بۆنەدەکرا بریتی بوو لەفاکتەری(مەعنەوییات). لەلێکدانەوەی کۆتاییدا نەك هێزی ماددی، بەڵکو مەعنەوییات پێکدادانە سەربازیەکان بەرەو پێشەوە دەبەن:

**هەموو جەنگێ لاوازی مرۆڤی بە تەئکیدەی داناوەو هەوڵی داوە سود لەم لاوازییە وەربگرێ.** (١٨٥)

یان بەوجۆرەی کە دیسانەوە خۆی دەڵێ:

**"مەیدانی جەنگ جێگای تاقیکردنەوەی هێزی روحیو مادییەکانە بەهۆی هێزی دواییەوە. دەتوانرێ بوترێ کەهێزی ماددی کەمێ زیاتر لەدەسکەدارێک دێتەبەرچاو، کەچی فاکتەرە روحییەکان میتالی گرانبەها، چەکی راستەقینەو کاریگەری بەئەزمونن".**

کەواتە، یەکەمین کتێب لەوهەشت کتێبەی کەتایبەت بوون بەجەنگ تارادەیەکی زۆر باسیان لە(هێزە رۆحییەکان) بەتایبەتی لەفەرماندەکان، سوپاو (بەڵام نەك بە تەواوی) لەخەڵك کردوە. کلاوزەڤتز بەتەواوی ئاگاداری گرنگی هێزی رۆحی خەڵك هەبوو، بەدرێژایی لێکۆڵینەوەکانی خۆی بابەتی زۆری لەوبارەیەوە نووسی. هەروەها دەربارەی جەنگیش ئەوەی فەرامۆش نەکردو بەچاکی ئاگاداری پەیوەندی نێوان پسپۆڕی سەربازی و پشتگیری





جەماوەری، تاڕادەیەکی مەعقول کە لەهێزی خۆبەخش دەتوانرێ چاوەڕوان بکرێ، هەبوو، بەڵام بۆ ڕێبەری کردنی راستەقینەی ئۆپەراسیۆنەکان، فاکتەرە بنەڕەتییەکان لێبڕاوانە پەیوەندییان بەزیرەکی جەنەڕاڵ و چۆنایەتی هێزەکانی ژێر فەرمانییەوە هەبوو. ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە کلاوزەڤتز بەشێوەیەکی گشتی باسی لێوە کردوە.

کلاوزەڤتز لەفەسڵێکدا بەناوی (دەربارەی زیرەکی سەربازی) باس لەتایبەتمەندییەکانی فەرماندە دەکا. ئەم گوتەیە لەو سەردەمەدا مایەی سود وەرگرتن و خراپ کەڵك وەرگرتنی زۆر ببۆوە. ناوبراو هەوڵیدا لەو ئەفسانانەی کەدەوروبەری تەنیبوو، جیای بکاتەوە.

بەلای کلاوزەڤتزەوە (زیرەکی) بەشتێکی ناسروشتی یان بەخششی خوداوەندی نییە، بەڵکو زۆرسادە بریتی بوو لە(لێهاتویی زیهنی ئێجگار پێشکەوتوو بۆ پیشەیەکی تایبەت). زیرەکی سەربازیش هەم وەك خەسڵەتەکانی تر بەندە بە(ستراکتۆری هەماهەنگی ئەو توخمانەوە کە لەوانەیە ببێتە هۆی پێشکەوتویی ئەم یان ئەو تواناییە، بێ ئەوەی لەگەڵ ئەوانی تردا ناکۆك بێ)(١٠٠)

ئەم توخمانە بریتین لەهۆشی لێواولێوو بوێری ماددیو رۆحی (ناوبراو دەیوت لەراستیدا تەنها شارستانییە پێشکەوتووەکان دەتوانن سەربازانی ئازا بەرهەم بهێنن). بەڵام کلاوزەڤتز بەتایبەتی جەختی لەسەر دووچۆنایەتی دەرکەوتوو لەم توخمانە دەکردەوە. چۆنایەتی یەکەم بریتی بوو لەوەی هەیە. هەمان ئەوەی فەرەنسییەکان بە(یەك نیگا) ناویان دەبرد، واتە







تێگەیشتنێکی تاڕادەیەك غەریزی کە لەساتەوەختی جەنگدا بۆی دەردەکەوێ چ روداوێك روویداوەو ئەنجامی کام کار زەرورەتی هەیە. هێزی دیاری کردنی پێویستییەکانە کەپاڵ بەفەرماندەوە دەنێ، تاڕادەیەك بێ بیرکردنەوەو هەروەها بێ پەنابردن بۆ رەوشە حساباتییە وردەکان بڕیار بدات، لەبارەی توانا و ئەو ئەگەرانەی دەبنە هۆی کەموکوڕی بڕیارەکانی کەسێکی ژێردەست تا ڕێگای دروست هەڵبژێرێ.

کلاوزەڤتز دەیوت فاکتەرێکی پێویستی تر بریتییە لەتوانایی بڕیاردان، ئەمەی بە(ورەی پتەو) ناوبرد. هەموشتێك لەوانەیە بەنادروستی قەناعەت بەجەنەڕاڵ بکا کەبڕیارەکەی هەڵەبووە، لەوانەیە: زانیاری ناکۆك یان لەمەخراپتر، ونبونی تەواوەتی زانیارییەکان، راڕایی تاکەکانی ژێرفەرمانیو ماندو بوونی وردە وردەیان: پوکانەوەی هێزی مەعنەوی تاکەکان، کە فەرماندە دەبێ لەپێناوی قەرەبوکردنەوەیدا مایەگوزاری بکا.

تا ئەوکاتەی یەکەیەك بەگەرموگوڕی، بەرۆحییەتو دڵگەرمی جەنگ بکا هێندە هەست بەپێویستی ئیدارەیەکی بەهێز ناکرێ، بەڵام ئەوکاتەی هەلومەرج بەرەو سەختی دەڕوا (ئەوکاتەی بردنەوەو دۆڕاندنی گەورە لەئارادایە دەبێ ئەمجۆرە چاوەڕوانکردنە هەبێ) کارەکان چیتر وەك مەکینەیەکی رۆنکراو ناچنە پێشەوە. خودی مەکینەکە دەست بە بەرگریکردن و ترازان دەکا. لەم دۆخەدا فەرماندە پێویستی بەهێزی ئیرادەی لەرادەبەدەر هەیە تابەسەر ئەم سستییەدا زاڵ بێ.

بەتێپەڕبونی کاتو ئەوکاتەی توانای تاك لەبن دێ، چیتر ئەم تاکە کاردانەوە بەرامبەر بەئیرادەی فەرماندە نیشان نادا و لەم دۆخەدا ئیرادەی فەرماندە خۆی بەتەنهایی دەبێ جێگای سستی گشتی بگرێتەوە. (١٠٤) گەوهەری عەزمی پتەو جیاوازی لەگەڵ چەنەبازیدا هەیە. ریشەی عەزمی پتەو لەتێگەیشتنی مەعقولدایەو لەستراکتۆری شازی هۆشو رۆحییەتی بەهێزەوە دەست دەکەوێ. مەسەلەی پەیوەندی نێوان عەزمی پتەو، جیدییەت، چەنەبازی و توانایی زیهنی بەشێوەیەکی گشتیو لەڕاستیدا بریتییە لەپێوەندی نێوان دوو تۆخمی ئاشنای ناکۆك بەیەك، واتە کەسایەتیو زیرەکی کە ئەم هەموو باسو خواسانەی فێرکردنی لێدەکەوێتەوەو، بەزیرەکیو وردبینی لەلاپەڕەکانی کتێبەکەدا، لەلایەن کلاوزەڤتزەوە تاووتوێ کراونو خۆ بەخۆی بەهایەکی سەربەخۆی هەیەو پێ لەبابەتە سەربازییەکان ئەولاتر دەنێ.

کلاوزەڤتز لەشوێنێکی تردا، لەفەسڵێك بەناوی (چاکە سەربازییەکانی سوپایەك) military virtues afan Army باس لەچۆنایەتییە ئەخلاقییەکانی پێویست بەسەربازانی دەکاو لەم فەسڵەدا جیاوازی دادەنێت لەنێوان ئەو رۆحییەتەی دەبێتە هۆی جۆشو خرۆشی سەربازانی پیشەیی لەگەڵ چۆنایەتییەکانی وەك ئازایەتی، وەچەرخان، پشودرێژی، خرۆشیو وروژاندن کە دەبنە مایەی وروژاندنی خەڵکی سادەی چەکدارو دەڵێ:

**"ئەوە هێندە گرنگی نییە کەئێمە تاچ ئەندازەیەک**





**هاووڵاتیو سەرباز وەک یەک لەقەڵەم دەدەین، هەروەها هەمان شێوەکە بەلێبراوەیی تەواوەوە جەنگ بە ئەرکێکی نەتەوەیی لەقەڵەم بدەین. . . کاری جەنگ هەمیشە تایبەتیو جیاواز دەبێ. سەرەنجام تائەو جێگایەی ئەوان (هاووڵاتی یان) خەریکی راهێنانی جەنگین، سەربازەکان خۆیان بەئەندامی جۆرە ناوەندێک لەقەڵەم دەدەن کەتێیدا، یاسا، نەریتو روحییەتی جەنگی لەپێشترین شتە"** (١٨٧)

لەدڵی هەموو سوپایەکدا پێویستە هەمیشە دەستەیەك کەسانی پیشەیی بۆجەنگ کردن ئامادەبنو ئەم جەنگ کردنەیان لەهەستی نیشتیمان پەروەری بەدەرنەبێ، بەڵکو وەك سەربازەکانی سەدەی هەژدەهەم، لەڕووی غروری پیشەیی پەتیەوە بێ.

کلاوزەڤتز دەربارەی نەریتی ئەو سوپا پیشەییە، دەستخۆشانە نوسیویەتی:

**"سوپایەک کە لەژێر ئاگری وێرانکەردا تەبایی خۆی لەدەست نەدا، سوپایەک بەترسی وەهمی، زیان بەتوندو تۆڵی خۆی نەگەیەنێو پشت ئەستور بەکەسانی خاوەن ئیرادە بەرخۆدان دەکا، سوپایەک غروری سەرکەوتن، هێزی ملکەچبونی فەرمانەکانی لێ ناسێنێتەوەو تەنانەت لەساتەوەختی تێکشکاندا، رێزومتمانەی خۆی بۆ ئەفسەرەکانی دەپارێزێ، سوپایەک کە هێزە مادی یەکەی وەک ماسولکەکانی لەشی پاڵەوانێک لەسایەی راهێنانی سەختو**

**قورسەوە بووە بەپۆڵ. . . سەرجەم ئەم ئەرکو تایبەتمەندێتی یانە، لەگەڵ چاکەی باوەڕێکی پتەو دامەزراو لەسەر شەرەفی تاکەکانی ئەوسوپایە گرنگی پەیدا دەکا. . . ئەمجۆرە سوپایە لێواولێو پڕە لەرۆحییەتی ڕاستەقینەی سەربازی".(١٨٧)**

کلاوزەڤتز دەیوت:

**پەیوەندی ئەم رۆحییەتە سەربازییە لەگەڵ یەکەکانی سوپایەک (کتومت وەک بەجێهێنانی دەسەڵاتی جەنەڕاڵێکە بەرامبەر بەسەرجەم سوپا)جەنەڕاڵ تەنها دەتوانێ ڕێبازی گشتیی وێنابکێشێ. (لەو جێگا هەستیارانەی یەکە دوور لەیەکترەکان پێویستی یان بەڕێنوێنی کردن دەبێ، روحیەتی سەربازی دەبێ فەرماندەیی بگرێتەدەست).(١٨٨)**

ئەگەر لەبەر هەرهۆیەك هەست بەبوونی ئەم روحییەتە نەکرێ، ئەوا پێویستە بۆ پەیداکردنی، پەنا بۆهۆکاری تر ببرێ، لەوانە پەنابۆ هێزی پێشکەوتوتری جەنەڕاڵو یان بەپەنابردن بۆ (چاکەکانی جەنگو تێکۆشان)ی خەڵك. ئەمجۆرە چۆنایەتییە تەنها بەهۆی جەنگی یەك لەدوای یەكو ڕاهێنانی ئێجگار سەختەوە دێتەدی، ئاشکرایە کە تەنانەت لەم دۆخەشدا لەوانەیە رواڵەتی مەسەلەکە فریودەرانە بێت، هەروەك کلاوزەڤتز تەنهاپاش بینینی چارەنوسی سوپای پروس لەساڵی(١٨٠٦) سەرنجی ئەم مەسەلەیەیدا.





پێویستە ئاگاداربین کە هاوبەستەگی بەرفراوان و ناسکی سەربازە دێرینە بەئەزمونەکانو جەنگی بەئەزمون لەگەڵ عیزەتی نەفسو غروری سوپای سیستماتێك بەراورد نەکرێ کە تەنها بەهۆی بڕیارنامەو ڕاهێنانی سەربازییەوە پەیوەندییان پێکەوە هەیە. سەختگیریو دیسپلینی ئاسنین لەوانەیە بتوانێ چاکە سەربازییەکانی یەکەیەك بپارێزێ، بەڵام ناتوانێ دروستی بکا. . . ئەمجۆرە سوپایە تەنها دەتوانێ لەسایەی چاکەکانی فەرماندەکەیەوە سەرکەوتوبێ. نەك هەرگیز لەبەر خاتری خۆی. (١٨٩)

کەواتە لەجەنگدا ئەوپەڕی حساب بۆ فاکتەری ئەخلاقی دەکرێ وهەموتیۆریەك کەبەهای تەواوی بەم فاکتەرە نەدابێ، نەیتوانیووە گرنگی پەیدا بکا. بەڵام رەنگدانەوەی مام ناوەندی ئەم فاکتەرە لەگەڵ فاکتەرە فیزیکییەکاندا چۆن بووە؟ واتە لەگەڵ ئەوکۆمەڵە مەسەلە رۆژانانەی لەبواری لۆجستیکی، تواناکانی چەکدارکردن، نەخشەکێشانو ئەوتاکتیکانەی نوسەرە پێشکەوتوەکان بەئاسانی جەختیان لەسەری کردبۆوە؟

لەڕاستیدا چۆن تیۆری دەربارەی ئەمجۆرە چۆنایەتییە ئاڵۆزانە دادەڕێژرا؟

کلاوزەڤتز دەڵێ:

**"ئەمە تایبەت بەسوپا نییە، بەڵکو لەزۆربەی چالاکییەکانی تردا، بەتایبەتی لەجیهانی هونەریشدا باوە، بۆیە لێرەشدا رووبەڕووی کاردانەوەی مام ناوەندی زۆر لێکچووی نێوان توانا مادییەکانو ئاستەنگەکان دەبینەوە. وێنەکێش یان پەیکەرتاش یان میعمار**





سود لەمادە وەک هۆکارێک بۆ بەرجەستەکردنی چۆنایەتی و رۆحییە ناماددی و پێوانە نەکراوەکان وەردەگرێ. ئامرازو هۆکاری ئەم هونەرمەندە لەوانەیە بۆ بەرجەستەکردنی مەرامەکانی بەس نەبێ، بەڵام (لایەنی کەم بۆیەک هونەرمەندی مامۆستا) ئەم کێماسییەی ئامرازەکان چارەنووسساز نییە. ئەو یاسایانەی لەلایەن یاسا دارێژەرانی ئیستاتیکاوە دانراون، لەڕاستیدا بۆ ناچارکردنی خەڵکی ئاسایی بۆ ملکەچبونی ئەو یاسایانە دانەنراون، ئەگەرچی گروپەکان دەتوانن تارادەیەک ئەمانە رەچاونەکەن. بەپێچەوانەوە لەسایەی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەدا، لەگەڵ چەند سنوردارکردنێک دەست بەلێکدانەوەی ئەوکارانە دەکەن کە ئەو گروپانە ئەنجامیان داوە. لەڕاستیدا چالاکی گروپ و مامۆستاکان لەپێشەکانی خۆیاندا بوون بەهۆکارێک بۆ ئەفراندنی یاساکان".

هەروەها لەبارەی جەنگەوە کلاوزەڤتز دەڵێ:

دەشێ لەسایەی فێربوون و لێکۆڵینەوەی ئەوکارانەی پێشتر ئەنجام دراون، فێری رەوشی فەرماندەیی جەنگ بین، ئەمەش بێگومان بەهۆی لێکۆڵینەوەی جەنگی ڕاستەقینە، نەک دۆخە ئەبستراکەکەی، چونکە تەنها لەم ڕێگایەوە کۆبەندی تیۆری جەنگ پەرەدەستێنێ.

رەوشێک کەنەک تەنها (وەک وێنەکێشان یان میعماری) بوار بۆتێگەیشتن لەدەستکەوتی مامۆستا گەورەکان دەرەخسێنێ،







بەڵکو بەهای ئەمەش دەزانێ کەچەند دەسکەوتی ئەمان، بەپێچەوانەی لاسایی کردن، داهێنەرانەیەو جگە لەبێ ئەلتەرناتیڤییان، دامێنی سنورە وەسفییەکانیان بۆ نەوەکانی دوای خۆیان فراوانتر کردووەتەوە.

جگەلەوە رەوشی لێکۆڵینەوەی مێژووی جەنگیش بەهەمان شێوەبوو، چونکە (لەهونەری جەنگدا ئەزموون گرینگی زیاتری لەهەموو واقیعیەتێکی دابڕاو هەیە): (١٦٤)

بەڵام دەبوایە لێکۆڵینەوەی مێژووی خودی جەنگ بەشێوەی قەزاوەتی رەخنەگرانە بێ، ئەگەر نا ناتوانرێ هیچ ئیعتیبارێک بومێژوونوسان ڕەچاوبکرێ.

کلاوزەڤتز بەمجۆرە ئاگادارمان دەکاتەوە:

بێ ئیعتیباری بەشی گەورەی مێژوو لەڕاستیدا بەرادەیەکە کەبەنزیکی ئەم ئیعتیبارەی لەکایەی سوودمەندی دەرکردوە.

بەشی زۆرتری ئەو بابەتانەی لەسەردەمی کۆن یان سەدەکانی ناوەڕاست بەیادگاری مابوونەوە، تەنانەت ئەوسەردەمەش کە بەئەفسانەی پەتی لەقەڵەم نەدەدران، لەوە زیاتر کەموکورت و نادروست بوون کە بەهایەکیان بۆلەبەرچاو بگیرێ.





کلاوزەڤتز ئامادەبوو وەك بەڵگەنامەی کاری لێکۆڵینەوە تەنها لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوجەنگانە بکا کە زانیاری ورد لەبارەیانەوە هەبێ و لەم سۆنگەیەوە سنوری لێکۆڵینەوەکانی بەکردەوە تایبەت بوون بەجەنگەکانی ئەوروپاو بەشێوەیەکی سەرەکی جەنگەکانی ئەوروپای خۆرئاوا لەدووسەدەی رابردوودا.

ئەم داتا مێژووییانە دەبوایە لەژێر سێ پرۆسەدا جیابکرێنەوە: پێش هەموو شتێ لێکۆڵینەوەکە دروست مێژوویی بوو، واتە جیاکردنەوەی راستی لەپڕوپاگەندە، تیۆری و ئەفسانە. پێکهێنانی ئەرشیفێکی جێ متمانە(بەهەمان شێوە کەلیۆپۆلدی[36] هاوچەرخی لاوی کلاوزەڤتز وتبوی: بەوجۆرەی کە بەڕاستی رویداوە[37]) لە پێشهاتەکان بەهەمان شێوە کە بەڕاستی رویانداوە. هەندێ جار ئەم مەسەلانە بەلای مێژونوسێکی جیددی مەسەلە سەربازیەکانەوە بەکارێکی تەواوی چارەسەر نەکراو دەدرێتە قەڵەم، هەرچۆنێ بێ چارەسەرکردنیان هەمیشە بەلای ئەمەوە ئەولەوییەتی هەیە. دووەم پرۆسەی ئاڵۆزی پەیوەندی نێوان عیللەت و مەعلول دێتەپێشەوە، واتە لێکدانەوەی ئەمەی کە چ پێشهاتێك رووی داوەو زانینی هۆی

[36] *Runke Leopold von (١٧٩٥ــ١٨٨٦) مێژوونوسی ناوداری ئەڵمان و دامەزرێنەری مێژوونووسینی بێلایەن ـ وەرگێر.

[37] Wie es eigentlich gewesen







رودانی پێشهاتەکە. تەنها پاش ئەمە دەتوانرا کاری قەزاوەتکردنی رەخنەگرانە ئەنجام بدرێ و دەست بە هەڵسەنگاندنی ئامرازە بەکارهاتوەکانی فەرماندەکان و لێکۆڵینەوەی سەرکەوتن یان تێکشکانیان بکرێ. بەڵام ئەگەر ئەنجامدانی ئەمجۆرە قەزاوەت کردنە لەئارادا نەبوایە یان کەسێك پێشتر بناغەی جۆری تیۆری دارِشتبا، ئەوا جۆری وەرگرتن (تلقی) کە لەهەلومەرجی زاڵدا کام هەنگاو بۆ جەنەڕاڵ لەهەمووی گونجاوترە، دەبوە کۆبەندی تیۆریەك و بەکاربردنی لەڕاستیدا چالاکیەکی هەمیشەیی و بەرامبەر بوو. زانستی مێژویی چوارچێوەی تیۆری پێکدەهێنێ و تیۆری تیشك دەخاتە سەر قەزاوەتکردنی مێژوویی. بەڵام کلاوزەڤتز دوپاتی دەکردەوە کە:

**"ئەگەر رەخنە دابەزێتە ئاستی بەکاربردنی چوارچێوەی تیۆری، ئەوا پەیامی رەخنە یەکسەر لەدەست دەچێ. . . رەخنەگر هەرگیز نابێ سود لەئەنجامەکانی تیۆری وەک یاسا یان پێوەر وەربگرێ، بەڵکو تەنها (وەک سەربازێک) دەبێ یارمەتی مەسەلەی قەزاوەت کردنەکە بدا". (١٥٧) ئەگەر پێویست بکا رەخنەگر لەبەکاربردنی تیۆریدا وریابێ، ئەوا سەرباز جێگای خۆی هەیەو نابێ چاوەڕوان بێت، کەتیۆری دارێژ وەڵامی هەموو پرسیارەکانی بداتەوەو (توند توند وەک مەکینەیەکی راستی، نەخشە جەنگییەکان دەردەداتە دەرەوە).**

كلاوزەڤتز دانی پێدادەنێ كە:

تیۆری لەسەر ئاستی باڵای فەرماندەیی، رۆڵێكی كەمی هەبوو چونكە زۆر مەسەلەی نادیار لەئارادا هەبوو، سنوری تواناكان ئێجگار فراوان‌و تێگەیشتن لەوفاكتەرانەی كەدەبوایە حسابیان لەسەربكرێ ئێجگار جۆراو جۆرو پەرتەوازە بوون. لەمجۆرە هەلومەرجەدا پێویستی بە(دیدی) فەرماندەیەكی مەزن دەكردو بواری پێدەدا تاپاش لێكۆڵینەوە لەدۆخەكان رێگا چارەی خۆی بدۆزێتەوە. چونكە رێگاچارەی پێشینان ناتوانێ ببێتە رێنماییەكی جێ متمانە، دەبێ فەرماندە خۆی رێگا چارەی خۆی دروست بكا. هەرچەندە كەسێك زیاتر بە پلەكانی فەرماندەیدا بەرەوخوارتر بچوبایە ئەوا دامێنی فاكتەرەكان تەنگتر دەبۆوەو مەیدانی دەستوەردانی كاروباری رێكەوت‌و پێشبینی نەكراو كەمتر دەبوو، تائەوجێگایەی كە لەسەرئاستی تاكتیكی بچوك بەراستی ئەگەری ئەوە دەبوو كەبۆ روبەڕوبونەوەی هەلومەرجێكی دیاریكراو، كاربۆ بوارپێدانی بەرنامەی هەمیشەیی بكرێ‌و نامیلكەی رێنماكەرو كتێبی راهێنانی سیستماتیك بۆ ژێردەستانی گوێڕایەڵ‌و ئەوانەی توانای داهێنانیان نەبوو، بنوسرێتەوە تالەكاتی بەوردی جێبەجێكردنیاندا ئەگەری سەركەوتنیان زۆر زیادی بكردایە.

هەرچۆنێ بێ ئەمجۆرە رێنماییانە پێویست بوون، چونكە لەڕاستیدا ئەگەری دۆزینەوەی ئەفسەری فەرماندەی شایستە لەسەر ئاستە نزمەكان، بەجۆرێ بتوانرێ متمانە بەهێزی قەزاوەت كردن‌و (یەك تیڕوانینی) یان بكرێ زۆر نەبوون. پێویستە بەزۆربەیان بوترێ كە چی بكەن تابتوانن لەو





هەلومەرجە سنوردارانەدا كە لەڕوی ناچاریەوە دەبوایە فەرماندەیی بگرنە ئەستۆ، هەندێ كاردانەوەی پێشتر دیاریكراو لەخۆنیشان بدەن. لەراستیدا تیۆری بەلای ژمارەیەكی زۆری سەربازەوە دەگۆڕا بۆڕاهێنانی سەربازی‌و لەساتەوەختی شەڕوپێكداداندا لەڕوی ناچارییەوە جێگای بیركردنەوەی دەگرتەوە.

بەڵام كلاوزەڤتز دوپاتی دەكردەوەو دەیوت:

**"ئەگەر تیۆری داڕێژ بتوانێ لەسنوردارییەكانی خۆی تێبگا، تەنانەت دەتوانێ لەسەر ئاستێكی باڵا بەشداریەكی بەرچاوی هەبێ، رۆڵی تیۆری داڕێژ بریتییە لەفێركردنی قەزاوەت كردن بەفەرماندە نەك پێی بڵێ كە دەبێ چیبكا. پێویستە بەلایەنی كەمی سودوەرگرتن لەتیۆری دەبێ فەرماندە فێری ئەمە بكرێ كەبیروباوەڕەكانی رێكبخا:**

**تیۆری هەیەو لەم سۆنگەیەوە هەموكەسێ ناچار نییە كەهەموو جارێك لەسەرەتاوە دەست پێبكاو بابەتە خامەكان لەپاڵ یەكتر دانێ‌و سەرژمێریان بكا، بەڵكوهەمویان ئامادەو رێخراو دەبینێتەوە.**

**تیۆری مانای فێركردنی بیركردنەوە یان وردبینی زیاتر بەخشین بەئەندێشەی فەرماندەی ئایندەیە لەپێناوی رێنمایی كردنی بۆخۆفێركردن، نەك ئەمەی لەتەكیدا بچێتە مەیدانی جەنگەوە".**(١٤١)

لێرەدایە دەتوانین پەی بەکاریگەری لێکۆڵینەوە بەرایییەکانی کلاوزەڤتز دەربارەی تیۆری فێرکردن ببەین‌و دواتر فێری کردین کە خوێندکاری ژێر بابەتی وانەی خۆی ناکاتە ئامانج لەخۆیدا، بەڵکو دەیکاتە هۆکارێکی گەیشتن بەئامانج کە بریتییە لەپەروەردەکردنی لێهاتویی قوتابییان تا ئاستی کامڵی. لەوانەیە تیۆری دارێژ بنەماکانی رێنمایی کردن دانێ، ئەگەر لەڕاستیدا لێکۆڵینەوەکانی بووبنە هۆی پەیدابوون یان دەرکەوتنی ئەمجۆرە بنەمایانەو (کلاوزەڤتز لەبارەی ئەمەوە کە ئایا ئەمجۆرە بنەمایانە پێویستە دروست بکرێن یان دروست دەبن، وتویەتی کە (نازانم) یان (بەگومانم). بەدڵنیاییەوە ناوبراو خۆی (بنەماکانی جەنگی ) دانەنا، بەڵام هیچ بنەما یان هیچ ڕۆڵێ Wissen بەهای نییە مەگەر ئەمەی کە بەتەواوی هەرس و جەزب بکرێ. پێویستە فەرماندە تابعی بنەماکانی بێ، ئەمەش لەپێناو بەری داوەری کردنەکەی خۆی نەك بەری داوەری کردنی کەسێکی ترو ئاشکرایە کە نەك لەبەر خاتری جۆرێك (یاسا)ی بابەتی زانستی. کلاوزەڤتز بەڵگەی دەهێنایەوە کەهەرچی تیۆریەك لەچوارچێوەی بابەتی زانستێك بێتە دەرەوەو بەرەو شێوازی زیهنی جۆرێك لێهاتویی نزیك ببێتەوە ئەوا کاریگەرتر دەبێ. بەڕای کلاوزەڤتز مەسەلەکە نەك لەسەر (زانین Können) بەڵکو لەسەر (شارەزابوون Role) بوو.

ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە جەنگ هونەرە تا ئەوەی زانست بێ؟ کلاوزەڤتز لەمبارەیەوە هیچ گومانێکی نەبوو ووتویەتی:

**"زاراوەی (زانست) پێویستە بۆهەندێ لقی وەك ماتماتیك‌و**





**ئەستێرەناسی رەچاو بکرێ کەبابەتەکانیان زانستی پەتین".**(١٤٨)

بەڵام دوانەیی، گومڕایی بەدواوەیەو هەموو هونەرەکان لەرووی ناچارییەوە سود لە ژمارەیەك زانست وەردەگرن‌و هەموو زانستەکانیش لەڕووی ناچارییەوە سود لەقەزاوەت کردنەکان کە خۆی لەخۆیدا هونەری تێدایە وەردەگرن‌و جەنگ لەهەموو دۆخێکدا بەهیچ کلۆجێ بەم دووگوتارەوە بەند نییە.

کلاوزەڤتز دەڵێ:

**جەنگ ئەکشنێکی کۆمەڵایەتییە، بەشێکە لەژیانی مرۆڤ. جەنگ دەرەنجامی ناکۆکی بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانە کە بەخوێنڕشتن یەکلایی دەکرێنەوە. جیاوازی نێوان ئەم جەنگە لەگەڵ پێکدادانەکانی تر هەرلەم خاڵەدا خۆی دەبینێتەوە. دەتوانین لەبری بەراوردکردنی ئەم جەنگە لەگەڵ هونەرێک بەدڵنیایی زیاترەوە لەگەڵ کڕین‌و فرۆشدا بەراورد بکەین. کەئەمیش لەجیاوازی بەرژەوەندی‌و چالاکی مرۆییەوە سەرچاوە دەگرێ‌و زیاتر لەوەی لەگەڵ سیاسەت بەراوردی بکەین کەخۆی لەخۆیدا جۆرێ کڕین‌و فرۆشی فراوانترە.** (١٤٩)

کەواتە هەموتیۆرییەکی جەنگ لقێکە لەتیۆری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و پێویستە لەچوارچێوەی سیاسەتدا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ: (مندالێك کە جەنگ تێیدا پەروەردە دەبێ، جێگایەك کە توخمەکانی پێشتر

بەشاراوەییو بەشێوەی سەرەتایی هەبوو، وەك خەسڵەتەکانی بوونەوەری زیندوو لەژیانی نوتفەییدا.

لەفەسڵی ئایندەدا زیاتر باس لەبیروڕای کلاوزەڤتز دەربارەی پەیوەندی نێوان سیاسەتو جەنگ دەکەینو لێرەدا جێگای خۆیەتی ئەم فەسڵە بەپوختەیەك لەو ڕۆڵە کۆتایی بهێنین کە بەڕای ئەم تیۆری داڕێژە دەیتوانی لەڕێبەری کردنی جەنگدا بیگرێتە ئەستۆ:

تیۆری ئەوکات ئەرکی سەرەکی خۆی بەجێدەهێنێ کە توخمە پێکهێنەرەکانی جەنگ شیکار بکا: لەقۆناغی یەکەمدا دەستنیشانی بکا کەچی شتێ (لەکارکەوتووە)،

ئامرازە بەکارهاتووەکان بەتەواوی لێکبداتەوەو ئەگەری کاریگەرییەکانیان نیشانبدا، بەڕوونی وەسفی تایبەتمەندێتی ئامانجە جێ مەبەستەکان بکاو لەلێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانەدا سەرجەم لایەنەکانی هونەری جەنگ لێکبداتەوە. لەم دۆخەدا تیۆری دەبێتە ڕێنما بۆ هەموو ئەوکەسانەی دەیانەوێ جەنگ لەڕێگای لێکۆڵینەوەی کتێبەکانەوە فێربن: دەبێتە چرای ڕێگا، ڕێگا تەخت دەکاو قەزاوەت کردنەکەی پەرەپێ دەدا.(١٤١) بەڵام هەرگیز پێی نالێ دەبێ چی بکا.





## ئامانج و هۆکار لەجەنگدا

کلاوزەڤتز تا ئەو ئەندازەیەی تیۆری داڕێژەران ڕادەوسنوری خۆیان بناسنو تا ئەوڕادەیەی سەرنجی تەواو دەدەنە فاکتەرە مەعنەوییە لەئەژمار نەهاتووەکان، وەك توخمە ماددییە لەئەژمارهاتووەکان، جەختی لەسەر سودمەندی تیۆری داڕشتن دەربارەی جەنگ دەکردەوە. لەڕاستیدا کاروکاردانەوەی ئەم فاکتەرانە، واتە ماددیو مەعنەوییەکان، بناغەی سەرجەم لێکۆڵینەوە تیۆرییەکانی پێکدەهێناو بەلای ناوبراوەوە جەنگ بریتی بوو لەکێشمەکێشی بەردەوامی نێوان ئەم دوانەو هەریەکێکیان دزەی دەکردە ئەوی ترەوەو کاری لێدەکرد.

واتە دۆخێکی دیالەکتیکی لەنێوان ئەم دوو چەمکە ناکۆکەدا هەبوو، بەڵام لەپێوەندی لەگەڵ یەکتردا کلاوزەڤتز بەتەواوی خستبوە ژێرتیشکی خۆیەوە، بەهەمان شێوە کە سەرنجی ژمارەیەکی زۆر بیریاری ئەڵمانیای هاوچەرخیشی بەخۆوە خەریك کردبوو، ڕەفتاری پەیوەندی نێوان هێزە ماددیو مەعنەوییەکان نمونەیەکی ئەم وەرگرتنە بوو. نمونەیەکی تر بریتی بوو لەزانستی مێژوییو قەزاوەتکردنی ڕەخنەگرانە، کەدواتر باسی لێوەدەکەین. کەواتە لەسەردەمی کلاوزەڤتزدا ناکۆکی نێوان (ئایدا)و



ڕواڵەتەکانی، لەنێوان جەنگی (ڕەها) و (ڕاستەقینە)دا، کۆمەڵێ زاراوەی ناسراوبوون. بەهەمان شێوە ناکۆکی نێوان هێرشو بەرگریکردنو لەهەمووی گرنگتر لەنێوان ئامانج و هۆکار. ئەم دیالێکتیکە بەشێوەی هێگلی نەبوو کەسێنتزەکەی خود بەخود ئەنتی تێزێك بخولقێنێ، بەڵکو پەیوەندی بەکارو کاردانەوەی بەردەوامی دوو جەمسەری ناکۆکەوە هەبوو، تەنها هەردو لایەنە بەرانبەرەکەی بەتەواوی دەیانتوانی لێی تێبگەن. بەبێ ئاشنابوون بەو دیالیکتیکەی نێوان هێزە ئەخلاقیو مادد‌ییەکان، هیچ کەس نەیدەتوانی لە(سروشتی) جەنگ تێبگا، بەڵام هیچ کەس نەیدەتوانی بەبێ تێگەیشتن لەپەیوەندی نێوان ئامانج و هۆکار بتوانێ تیۆرییەك دەربارەی بەڕێوەبردنو ڕێبەری کردن بخولقێنێ.

بەتایبەتی لەڕووی ئامانجی سیاسی جەنگو ئەو هۆکارە سەربازییە بۆ بەدەستهێنانی کلاوزەڤتز لەساڵانی کۆتایی تەمەنیدا ئەنجامگیرییە بەناوبانگەکەی خۆی ئەنجامدا:

**(جەنگ هیچ نییە جگە لەدرێژەپێدانی سیاسەت بەرەوشێکی تر)و یان وردتر لەوەش (درێژەپێدانی ئاسایی سیاسەتە بەهاوبەشی هۆکارێکی تر).** (٦٩و٦٠٥)

بەڵام پێشتر تێبینی کرا کە کلاوزەڤتز لەنووسینە سەرەتاییەکانیدا لە ٥ ـ ١٨٠٤ چۆن بایەخی بەئامانجی سیاسیانەی جەنگ دەدا، بێ ئەوەی بانگەشەی ئەوەبکا کە دەیەوێ مەسەلەیەکی بنەڕەتی یان مشتومڕهەڵگر







دەربڕێ. لەوانەیە ئەم ئایدیایە لەو سەردەمەدا ئێجگار سادە لەنێوان شارن هۆرستو ناوەندەکەیدا لەئارابووبێ. لە هەمانکاتدا کلاوس ڤیتس تیۆری دووجەنگی وەك یەك بابەتی ئاسایی خستەڕوو:

جەنگێك کە ((یا بەتەواوی دوژمن نابود دەکا. . . یان هەلومەرجی ئاشتی بەسەردا دەسەپێنێ)). ناوبراو لەڕاستیدا تەنها گرنگی بەخودی جەنگ نەدەدا، بەڵکوپێی وابوو کەئۆپەراسیۆنەکانی میانی جەنگ ـ وەك هۆکارێکی هێنانەدی چەند ئامانجێکی تایبەت ـ دەبێ کاریگەرییەکانیان بەدرێژایی هەمان ئۆپەراسیۆن هەڵبسەنگێندرێ. لەبەرئەوەش بوو کە سەرباری هەموو بەڵگەکان ڕەخنەی لە بلوگرت. کلاوزەڤتز باوەڕی وابوو کە پێناسەکەی" بلو" بۆستراتیجیو تاکتیك لەکاتی پەڕینەوەی پیادە نیزام لەمەودای یان پشت مەودای دەسڕێژی دوژمندا ((ئەوپەڕی نامەنتقییە))، چونکە سەرنجی خاڵە بنەڕەتییەکە نادا و دووپاتی دەکردەوە کەئامانجی هەموو هوونەرێك بریتییە لە سوودوەرگرتن لەهۆکاری Mittel بەردەست بۆئامانجێکی Zweek پێشتر دیاریکراو. پێناسەی خودی کلاوزەڤتز بۆتاکتیكو ستراتیجی ئێجگار روون بوو: ((تاکتیك بریتییە لەزانیاری سوودوەرگرتن لەهێزە چەکدارەکان لەجەنگدا و ستراتیج بریتییە لەزانیاری سوود وەرگرتن لەپێکدادانە تاك تاکەکان بۆمەرامی جەنگ)).

لەسەرتاسەری نوسینەکانی کلاوزەڤتز دا دوانەیی هۆکارو ئامانج بەدی دەکرێ، هەرچۆنێ بێ جیاوازییەکی زۆری لەنێوان مەرامی کۆتایی جەنگو مەیدانە ناوبەناوەکاندا دادەنا. گوتەی کۆتایی، بە مەرامی فەرماندە

سەربازییە سەرکردەکان دادەنرا، بەڵام هەندێ ئیمکانات هەبوون تاکو ستراتیجیست بەمەرامی خۆی بگەیەنێ. هیچ سەرکەوتنێکی سەربازی بەتەنهایی نەیدەتوانی ببێتە پێوەری داوەری کردن، چونکە تەنها بەقۆناغێکی نەخشەی کۆتایی ستراتیجیست لەقەڵەم دەدرا. ئەو ئامانجانەی کە جێبەجێکردنیان بە یەکەکانی سەر بە سوپا دەسپێردرا، وەك داگیرکردنی پردی قەڵایەك، یان ویلایەتێك، پەکخستنی یەکەیەکی دوژمن، ئەمانە هەموو ئەو دەستکەوتانە بوون کە لەسۆنگەیانەوە جەنەڕاڵ بە مەرامە باڵاکانی خۆی دەگەیشتو سەرەنجام ئەنجامگەلێك کە لەبنەڕەتەوە سەربازی نەبوون، بەڵام سیاسی بوون، بەدەست دەهات ((ئامانجگەلێك کە ڕاستەوخۆ ئاشتییان لێدەکەوتەوە))٠ (١٤٣)

ئەگەری ئەمە هەبوو کە هەلومەرجی سیاسی بخوازێ، داوای بەدەستهێنانی چەند ئامانجێك لەستراتیجیست بکرێ، بەڵام کلاوزەڤتز دووپاتی دەکردەوە تەنها یەك هۆکار بۆ بەدەستهێنانیان هەیە: ((جەنگ کردن)). ئەمەش هەمان ئەو شتە بوو بلۆی بە هەڵەدا برد. ئەو توانایانەی لەبەر دەست فەرمانددەدا بوونو ئەو توخمە ماددییانەی بەهۆیەوە لێهاتویی داهێنەرانەی خۆی بەکار دەبرد، نەك خودی هێزە چەکدارەکان یان تەنانەت چالاکییەکانیان، بەڵکو بریتی بوو لە ئۆپەراسیۆنە جەنگییەکانیان. کلاوس ڤیتس پێمان دەڵێ:

**ئامانج لەسەربازگیری، یونیفۆرم لەبەرکردن، چەکدارکردنو ڕاهێنانی، مەرام لەدابینکردنی جێگای حەوانەوەو خواردنو**





**خواردنەوەو ڕێپێوانی ئەم سەربازە بەتەواوی ئەمەیە کەدەبێ لەجێگای گونجاو و لەکاتی گونجاودا بجەنگێ.** (٩٥)

کلاوزەڤتز هیچ ئامانجێکی تر جگە لەمەی نەبوو کە: سەرجەم ڕێکخراوەکانی چاودێری کردنو لۆجستیك،،کە مێشکی زۆرێ لەنوسەرە سەربازییەکانی بەخۆیەوە خەریك کردوە، بەتەواوی بۆ ئەمەیە کە ئیمکاناتی جەنگ بڕەخسێنن. کاتێك کەسێك ئەم مەسەلەیە دەردەبڕێ بەشتێکی بەڵگە نەویست دێتە بەرچاو، بەڵام شتێکە کە زۆرێ لەتیۆری داڕێژەرانی ستراتیجی حەز دەکەنو دەیانەوێ فەرامۆشی بکەن.

کلاوزەڤتز هەندێ جار بۆ ئەمجۆرە چالاکییە جەنگییە سودی لەوشەی derkmpf وەردەگرت، بەڵام زۆرجارو جارەجارە لەساتەوەختی بێ تاقەتی دا وشەی dasgefecht بەکاردەهێنا. گرفتی ئەم وشەیەی دوایی لەمەدایە کە دوو مانای جیاوازی هەیە، لەسەرێکەوە مانای کاری جەنگ کردن دەگەیەنێو لەسەرێکی ترەوە ئاماژەیە بۆ جۆرێکی تایبەت لەجەنگ کە کاتو ئامانجو سنوری تایبەتی هەیە، کە لەزاراوەی سەربازی بەریتانیادا ئاسایی بە پێکدادان Engagement لەقەڵەم دەدرێ. ئەم وشەیە لەبەکارهێنانی ئینگلیزی باوی ئەمریکادا هاوتایەکی وردتری هەیەو بریتییە لەوشەی Combat کە بەوردی دەلالەتە نادیارە ریشەییەکەی، مانای چالاکییەکی فراوان یان دیاریکراو دەگەیەنێ. بەڵام ئەم نادیارییە دەبێتە مایەی گومڕایی ئێمەو هەمان وشەی ((دەرگیری)) ئێجگار باشو ورد ڕوبەڕووبونەوەی هێزەکان بەیان دەکا، کە ئاسایی مەبەستەکەی کلاوزەڤتز



لەم زاراوەیە دەپێکێ: واتە روبەڕووبونەوەیەك كە لەڕووی ((فەزاو جێگا))وە سنوردارە بەکارایی یەك کەس لەکۆنترۆڵکردنیداو لەئامانجی Ziet مەبەستدا پوخت دەبێتەوە. لەلای کلاوزەڤتزەوە ئەم دەرگیرییانە بریتی بوون لەهەندێ توخم کە بناغەی ستراتیجی یان دادەڕشتو بەپایەکانی ستراکتۆری تەواوەتی جەنگەکە دادەنرا. ئەوانە هەم ئامانج بوونو هەم هۆکار. لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجەکاندا بوو کە هێزی کۆکراوەو پارێزراو ڕەوانەی مەیدانەکانی شەڕ دەکرا. لەپێناو هۆکاردا بوو کە دەستکەوتەکانیان دەبووە بەردە بازی گەیشتن بەئامانجی پاشتر. ئەمە بوو پەیوەندی ڕاستو دروستی نێوان تاکتیكو ستراتیجی. تاکتیکەکان پەیوەندییان بە دەرگیرییەکانەوە هەبوو، هەروەها پەیوەندی بە بەرنامە ریزیو جێبەجێکردنیانەوە، بەڵام ستراتیجی بریتی بوو لەرێکخستنی ئەم دەرگیرییانە لەپێناو گەیشتن بەئامانجی جەنگ.

کلاوزەڤتز دەڵێ:

**"لەتاکتیکدا، هێزی سەربازی راهێنراو بەجەنگ ((هۆکار))ەو ئامانج بریتییە لەسەرکەوتن. هۆکار بەلای پسپۆڕی ستراتیجییەوە بریتییە لەدەرگیری سەرکەوتوانە. بەڵام ئامانجەکەی بریتییە لە((گەیشتن بەو مەرامانەی کەراستەوخۆ ئاشتییان لێ دەکەوێتەوە".** (س ١٤٢)

کەواتە شکۆمەندترین سەرکەوتن ئەگەر نەبێتە هۆی گەیشتن بەئامانجی سیاسی، ئەوا لەبنەڕەتەوە هیچ بەهایەکی نییە، تەنانەت ئەگەر ئامانجەکە






نابودی تەواوەتی وڵاتی دوژمن یان سیاسەتی هەلومەرجی ئاشتی نمونەیی بێ.

بۆیە لەسەر باڵاترین ئاست هیچ جیاوازییەك لەنێوان ستراتیجیو حکومەتمەداریدا نییە. دەستکەوتەکانی پسپۆڕی ستراتیجی سەرەنجام نەك لەرێگای زاراوە سەربازییەکان، بەڵکو لەسایەی زاراوەی سیاسییەوە قەزاوەت دەکرێ. بەڵام پێوەری کارکردی ئەم پسپۆڕە ستراتیجییە وەك هەموو هونەرێکی تر بووە، واتە تا چەند سودی لەو ئامرازەی بەردەست بۆ گەیشتن بە ئامانجە مەبەستەکەی وەرگرتوە.

کلاوزەڤتز دەنوسێ:

**شازادەیەک یان جەنەڕاڵێک دەتوانێ لەرێگای رێکخستنی ئۆپەراسیۆنە جەنگییەکانو بەدروستی سود وەرگرتن لەتواناکانی، بێ زیادەڕەوی کردن، لێهاتوییەکانی خۆی نیشان بدا.** (١٧٧)

کلاوزەڤتز لەسایەی ئەم بنەمایانەوە دەیتوانی باس لەچاکەی کەسانی وەك پۆناپارتو فردریکی گەورە بکا کە لەپیشەی بە تەواوی جیاوازدا سەر مەشق بوون. ئامانجە ناسنوردارەکانی پۆناپارت تەنها بەهۆی بەکارهێنانی بێ بەزەییانەی ئەو ئیمکاناتە ناسنوردارەی لەبەر دەستیدا هەبوو، قابیلی بەدواداچوون بوو. لەوانە بوو بتوانرێ سەرزەنشتی ئامانجی سیاسی ناپلیۆن بکرێ، بەڵام رەوشی بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە لەلایەن ناوبراوەوە بەو جۆرە نەبوو. دەربارەی فردریك پێویستە بوترێ کە لەسۆنگەی ئامانجی سنورداری ئەمەوە بۆ پاراستنی ماڵو موڵکەکانی لەسیلزی لەساڵی ١٧٤١،

کارکردێکی سەربازی درەوشاوەی نیشان دا ئەمەش نەك لەبەر خاتری شکۆمەندی ڕێپێوانو مانۆڕەکانی، بەڵکو بەهۆی بەدوادا چونی ئامانجێکی گەورەو ئیمکاناتی سنوردارەوە بوو: ((ئەم هەوڵی نەدا پابەندی شتێکی زیاتر لەهێزی خۆی بێ، بەڵکو هەمیشە تا ئەو جێگایە دەچوە ژێر باری پابەندییەوە کە بۆ گەیشتن بەداواکارییەکانی پێویست بوون)).

فەرماندەیی فەردێك لەجەنگدا ڕاستەوخۆ نیشاندەری توخمی هێزی پشوو درێژی بوو، کە هەمیشە هاوسەنگی خۆی هەیەو هەرگیز دوچاری کزی نابێو لەساتەوەختی قەیراندا دەگاتە لوتکەی شکۆمەندی خۆی، بەڵام یەکسەر پاش ئەوە دەگەڕێتەوە دۆخی هەڵچونو داچونی ئارامو هەمیشە ئامادەی سازگار بوونی لەگەڵ بچوکترین گۆڕان لەهەلومەرجی سیاسیدا دەبێ)).

نمونەکەی فردریکی گەورەو پۆناپارت ئاماژەیە بۆ ئەمە کە جەنگەکان دەبوایە زیاتر لەلایەن شازادەکانەوە پراکتیزە بکرێن کە ڕێبەری کردنی سیاسیو سەربازییانەیان لەخۆدا کۆدەکردەوەو دەیانتوانی ڕای گشتی پشت گوێ بخەن. ئاشکرایە کە نەدەکرا هێندە دڵ بە گشتاندنەکەی ببەستێ، چونکە ڕێڕەوی جەنگ بە ڕواڵەت پرۆسەیەکی ئاڵۆزی هەیە (جگە لەوەی لەرۆژگاری خودی کلاوزەڤتز دا لەپروس بەو جۆرە بوو). کلاوزەڤتز بەدڵنیاییەوە نوسیویەتی:

**"بەهەر ڕێگایەک کە کێشەکان یەکلایی بکرێنەوە قسەی**





**کۆتایی پێویستە سەرانی سیاسی بیڵێن هەرچەندە سەرانی سیاسی لەهەڵە بێ بەری نەبوون، بەڵام ئەگەر حوکمڕانەکان تەنها لەهەوڵی جموجۆڵو ئۆپەراسیۆنی سەربازی تایبەتدا بن، کە ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی لەگەڵ کارکردە سروشتییەکانیدا ناسازگار بێ، ئەوا بڕیارە سیاسییەکان کاریگەرییەکی ئێجگار خراپیان لەسەر ئۆپەراسیۆنەکان دەبێت. کتومت وەکو کاتێک کەسێ زمانێکی بیانی بەچاکی نەزانێ ئەوە لەوانەیە لەوەسفکردنەکانیدا کەمو کوڕی هەبێ. حکومەت مەدارانیش هەندێ کات فەرمانی ئەو تۆ دەردەکەن کە دەبێتە مایەی بەرەو تێکشکان بردنی ئەو مەبەستانەی نیازی جێبەجێکردنیان هەیە.** (٦٠٨)

بۆ ڕێگرتن لەسەرهەڵدانی ئەوجۆرە مەسەلەیە، پێویستە سەرکردایەتی سیاسی تێگەیشتنێکی گشتی پەسەندی لەڕێبازی سەربازیدا هەبێو لەگەڵ فەرماندەیی سەربازی لەکۆنتاکتو گفتوگۆی بەردەوام دا بێ. کلاوزەڤتز دەنوسێ:

**ئەم مەرامە بە باشترین شێوە لەدوو ڕێگاوە دێتە دی، یەکەم ((فەرماندەی گشتی هێزەکان بکرێتە ئەندامی کابینەی حکومەت، چونکە لەم ڕێگایەوە کابینە دەتوانێ بەشداری ساتە گرنگەکانی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەم فەرماندەیە بێت)). دووەم پێکهێنانی خودی کابینە لەمەیدانی جەنگدا، هەمان کارێ کە کابینەی پروس لە ١٨١٣ـ ١٥ ئەنجامی دا.**

دارێژەرەوەی بەرهەمەکانی کلاوزەڤتز لەچاپی دوەم، کە لەبارەی جەنگ لەساڵی ١٨٥٣ بڵاوکرایەوە ئەو رستەیەی سەرەوەیان گۆڕیوەو دەڵێن: ((لەئەنجامدا ئەو (واتە فەرمانەدەی گشتی هێزەکان) دەتوانێ بەشداری کۆبوونەوەکانی کابینەو وەرگرتنی بڕیارەکان لەکاتە گرنگەکاندا بکا)). ژمارەیەك تۆژەر هۆی ئەم لادانە سەرەڕۆیانەیەی چەمکی گوزارشت کردنەکەی کلاوزەڤتز بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە تا بەپێچەوانەی مەیلی ئەوەوە، ڕۆڵێکی زیاتر بە سوپا لەسیاسەت دارشتندا بدرێ، بەڵام ئەم کارە خۆی لەخۆیدا دەکرێ بەهەوڵێکی بێهودە دانرێ بۆ لێکدانەوەی رستەیەك، کە بە هەڵێنجانی دروست، لەوانەیە تا رادەیەك نامەفهوم بێتە بەرچاو. سروشتی سیاسەت، سروشتی جەنگی دیاری دەکردو بەم پێودانگە پێویستی یە سیاسیەکان شێوازی ستراتیجییان دیاری دەکرد. کلاوزەڤتز چۆنێتی ڕوودانی ئەمەی روونکردوەتەوە، یان لایەنی کەم بەو شێوەیەی کە دەبوایە لەسەر بناغەی تیۆرییەکەی خۆی رووبدا.

ئەوەی لێرەدا پێویستە تیۆری دارێژ بیلێ ئەمەیە پێویستە خەسڵەتی دەسەڵاتخوازی هەردوو لایەنی ناکۆك ڕەچاو بکرێ، چونکە بەدەر لەم خەسڵەتە، چەقێکی قورسایی گرنگ، وەك ناوەندێکی پڕاو پڕ هێزو جووڵە دروست دەبێ، کە تێیدا هەموو شتەکان وابەستەی یەکترن‌و ئەمە هەمان ئەو شوێنەیە کە دەبێ هەموو تواناکانمانی بۆ تەرخان بکەین.(٥٩٥)





کلاوزەڤتز سێ نموونەی ئەم ((چەقی قورساییانە))ی هێناوەتەوە: سوپای دوژمن، پایتەختەکەی، ئەگەر هاوپەیمانێکی بەهێزی هەبوو (سوپای ئەم هاوپەیمانە).

کلاوزەڤتز نوسیویەتی:

**لەبەر ئەوەی هەموو ئەمانە ناسکن بەرامبەر بەهێرش کردن وەك تێکشکاندنی هێزی جەنگاوەری دوژمن، کەباشترین رێگایە بۆ دەستپێکردنی جەنگو لەهەموو دۆخێکدا سیمایەکی شکۆمەند بەجەنگەکە دەبەخشێ.** (٥٩٦)

لەوانەیە تێبینییە سیاسییەکان، ببێتە مایەی راستکردنەوەی ئیجباری یان پەکخستنی ئەم ئامانجە. کلاوزەڤتز بۆ سەرهەڵدانی ئەمجۆرە دۆخە دەڵێ:

**پێویستە ئێمە جگە لەئامادەگی بۆ دەستپێکردنی جەنگە بچوکەکانو لەپێناو بەتەواوی تۆقاندنی دوژمن، گۆشە نیگایەکیشمان لەدانوستاندن بێ.** (٦٠٤)

لەپەندەکانی ((جەنگی سنوردار))دا باسی ئەم بابەتە دەکەین، بەڵام کلاوزەڤتز بەروونی وتبووی کە ئەمجۆرە جەنگەی بەدڵ نییەو پێی وایە ستراتیجی ئایدیاڵ، بریتییە لەدیاریکردنی چەقی قورسایی دوژمن‌و پاشان تێکۆپێکدانی بەهەموو توانایەك. ئەگەر ساغ بێتەوە کە چەقی قورسایی، سوپای دوژمنە، ئەوا باشتر.



ئەگەر دوژمن هاوسەنگی خۆی لەدەستدا، ئەوا نابێ بواری خۆسازدانەوەی بدرێو لەهەمان قۆڵەوەو یەك لەدوای یەك پێویستە گورزی لێ بسرەوێندرێ.

واتە، لایەنی سەرکەوتوو پێویستە بەهەموو هێزێکەوە گورز بسرەوێنێو نابێ تەنها چاوی لەباڵێکی سوپای دوژمن بێ. نابێ سەرکەوتوو بۆ بەدەستهێنانی شت ڕێگای ئاسان هەڵبژێرێو بۆ داگیرکردنی ویلایەتێك سود لەهێزی پێشکەوتوتری خۆی وەربگرێو سەرکەوتنێکی گەورە بکاتە قوربانی پاراستنی ئاسایشی ناوچەیەکی ژێر ڕکێفی بچوك، بەڵکو بەهۆی پشکنینی بەردەوامی هێزی دوژمنو جەسارەتی تەواو بۆ خستنە ژێر ڕکێفی هەموو شتێك، بتوانرێ دوژمن بە تەواوی گۆت بکرێ. (٥٩٦)

ئەم وانە ستراتیجییە، لەبەرئەوەی توندو تیژی تێدا پیادە دەکرا، بەهای خۆی لەدەستدا بوو. لەوانەشە نەکرێ گلەیی لەکلاوزەڤتز بکرێ، کە گوایە جگە لە بەکارهێنانی ئامرازی جەنگ بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە ستراتیجیەکان، بیری لەشتێکی تر نەکردوەتەوە، لەوانە سود وەرگرتن لەدیبلۆماسیەت، لەجیاتی هێز بۆ دوورخستنەوەی هاوپەیمانەکانی دوژمن، یان سود وەرگرتن لەپڕوپاگەندە بۆ دزەکردنە ناو رای گشتی دوژمنەوە. چونکە لەوانە بوو ناوبراو وەڵاممان بەمە بداتەوە کە سود وەرگرتن لەم رەوشانە ئەرکی سەرکردایەتی سیاسییە، نەك فەرماندەی سەربازی. بەڵام لێبڕاوانە دەتوانین، رەخنە لەئاماژە نەکردنی کلاوزەڤتز بۆ توانای ئابوری دوژمن، لەدرێژەدان بەجەنگ، لە لیستی پێشنیازکراوی ((چەقە







قورساییەکان))دا بگرینو شی بکەینەوە. بێ لەمە، ئەم فاکتەرە، واتە توانای ئابوری، لەجەنگە تارادەیەك بەردەوامەکانی نێوان بەریتانیا، ئیسپانیا، هۆڵەنداو فەرەنسا لەماوەی ٢٠٠ ساڵی پێشتردا، ئامانجی بنەڕەتی بوو، ئەو جەنگانەی لەدەریاکاندا ئەنجام درانو کلاوزەڤتز لەبەر بایەخدان بەمێژوی هێزە زەمینییەکان، کەمترین بایەخی پێیان نەدا.

لەبەر ئەوەی وانە ستراتیجییەکانی کلاوزەڤتز تێکەڵو پێکەڵییەکی بێزارکەریان هەبوو، نەدەکرا بەئاسانی پوختەیەکی کۆبەندو وێژدانانە لەبارەیانەوە بخرێتە روو، بەڵام دەروازە کلیل ئاساکانی تایبەت بەستراتیجییەکە، بەشێوەیەکی پەرتەوازەو ناڕێکو پێك، لەسەر تاسەری کتێبی لەبارەی جەنگەوە باسکراوە، کە لەبنەڕەتەوە بریتییە لەچەند پێشبینی کردنێکی کەم روونو خوێنەر تەنها بۆی دەردەکەوێ: ((کۆمەڵە بابەتێکی ئەو تۆیە کە تیۆرییەکی جەنگی لێ دەرهێنراوە)). بەشێکی ئەم کۆمەڵەیە لەژێر ناوی ((گشتی یەکانی ستراتیجی))دا بریتییە لەتەنها کۆمەڵە فەسڵێك لەبارەی بابەتە جۆراو جۆرەکان، کە بەناوەرۆکێکی گشتی کەم رۆشن، پێکەوە گرێ دراون. خوێنەری سادە لەوانەیە بە تەواوی راستگۆیانە وای بۆبچێ مەیلی کلاوزەڤتز بۆ مەسەلە ستراتیجییەکان، بەگشتی، لەبەراورد لەگەڵ سەرنجو نیگەرانی ناوبراو بۆ ئەو شتەی، کە بەئامرازی بنەڕەتی پسپۆری ستراتیجی لەقەڵەمی دەدا، لاوەکی بووە، واتە (پێکدادانو بەتایبەتی جەنگی بنەڕەتی) ئەم ناونیشانەی کە کلاوزەڤتز



سەرجەم كتێبەكەی بۆ تەرخان كرد، لەوانەیە بەهێزترین‌و ڕێكخراوترین بەشی سەرتاسەری كتێبی لەبارەی جەنگەوە بێ.

بۆ ناساندنی وانەی ستراتیجی كلاوزەڤتز بەشێوەیەكی گشتی، لەوانەیە بتوانین لەسایەی نیشاندانی ئەم بیروباوەڕە دووپات‌و كینایە ئامێزەوە دەست پێبكەین:

"باشترین ستراتیجی ئەمەیە كە یەكەم لەڕووی كۆبەندی‌و دووەم لەڕووی لێبڕاوێتییەوە ئێجگار بەهێزبێ".(٢٠٤)

لێكۆڵینەوە لەمبارەیەوە، بەپێچەوانەی ڕواڵەتەكەیەوە ئێجگار نایابە. كلاوزەڤتز دەیوت كە:

**"هێزی پێشكەوتوتر هەمیشە باشترین دەرفەتی بۆسەركەوتن لەجەنگدا هەیە. ئاشكرایە كە پێشكەوتوتری لێهاتویی فەرماندەكانتان، ڕاهێنان‌و ئامادەگی یەكەكانتان‌و وەرەی هێزەكانتان، لەبەراورد لەگەڵ دوژمنتاندا، دڵخۆشكەرە، بەڵام ئەمانە ئەو مەسەلانەن، كە لە ڕووی ناچارییەوە لەسنوری كۆنترۆڵی ئێوەدا نین. بۆیە هەمیشە ژیرانەترین ڕەوش بریتییە لەمەی كە وادانرێ هەردولا لەروی ئەو چۆنایەتییە باسكراوانەی سەرەوە وەك یەك توانایان هەیە. تەنانەت ئەگەر واش نەبوو، ئەوا لەپشتی ئەمەوە سنوردارییەك هەیە كە لێهاتویی تەكتیكی‌و وەرەی باڵا ناتوانن كێماسی ژمارە قەرەبوو بكەنەوە، ئاشكرایە بەرگری كردن لەڕێڕەوە شاخاوییەكان بەدەر لەمجۆرە هەلومەرجەیە. درەنگ یان زوو**







**ژمارەو ئامار دوا قسە دەكەن‌و لەم سۆنگەیەوە لەشكرێكی مەزنتر، كە فەرماندە رادەكێشێتە مەیدانی جەنگەوە، توانای باشتر دەخاتە بەردەستی یەكەكانی ژێر دەستی تا لەپێكدادانە جیاجیاكانی خۆیاندا سەركەوتن بەدەست بهێنن".**

كلاوزەڤتز پاشان دەڵێ:

**ئەگەر، ئەگەری ژمارە نەبوو، ئەوا ((هێزەكانی بەردەست دەبوایە لێهاتوییەكی ئەوتۆیان هەبێ، كە تەنانەت لەدۆخی ونی پێشكەوتوتری ڕەهادا دەستیان بەپێشكەوتوتری ڕێژەیی لەقۆناغی چارەنوسسازدا بگا)).**(١٩٦)

لێرەدا سودوەرگرتن لەلێهاتویی ستراتیجست، دەبووە كارێكی زەروری، واتە هەمان ((یەك نیگا)) بۆ دەستنیشانكردنی قۆناغی چارەنوسسازو بڕیاردان بۆ چڕكردنەوەی سەرجەم تواناكان لەدژی دوژمن، بانگێشت كردنی هێزەكان لەبەرە لاوەكییەكان‌و فەرامۆش كردنی ئامانجە كەم بایەخترەكان. ئەمانە هەمان رازی سەركەوتنی پۆناپارت بوون، بەڵام كەسێكی وەك كلاوزەڤتز بایەخێكی ئەو تۆی بەمە نەدا. ژوومنی بەو جۆرەی بینیمان، لەنوسینەكانیدا، ئاماژەی بۆ هەمان بابەت كردوەو تەنها پاش بەرچاوكەوتنی لێكدانەوەكەی موهن، كلاوزەڤتز لێكدانەوەیەكی درێژتری بۆ ئەم بابەتە كردو تێیدا وتبووی: ((پووچ كردنەوەی سەرجەم رازی هونەری جەنگ، بەراكێشانی بۆ ئاستی فۆرمۆڵی پێشكەوتوتری ژمارەیی لەكات‌و





شوێنی دیاریکراودا، ساویلکەییەکی بێ ئەندازە بوو، چونکە چرکەیەکیش توانای خۆڕاگری بەرامبەر ڕاستییەکانی نەبوو)).

فۆرمۆڵەکەی ژومنی لەیەکەم چاپپێخشاندا جیاوازی لەگەڵ کلاوزەڤتز دا نەبوو:

**باشترین ستراتیجی ئەمەیە کە یەکەم لەکۆداو پاشان لەجێگای چارەنوسسازدا، ئێجگار بەهێز بێ.(٢٠٤)**

بەڵام لەکاتێکدا ژومنی چەندین فەسڵی بۆ لێکدانەوەی جێگای چارەنوسساز لەکوێدایەو چۆن دەبێ، تەرخان کردوە، کەچی کلاوزەڤتز مەسەلە سەرەکییەکەی بەمەسەلەیەکی ئەخلاقی لەقەڵەم داوەو بەهای داوەتە لێهاتویی فەرماندە لەگەیشتن بەبڕیارەکانی خۆی، سەرباری هەموو دڵەڕاوکێیەکی پێچەوانە، بۆ چڕکردنەوەی هێزەکانی لەدژی ئەو جێگا چارەنوسسازە.

لێکۆڵینەوەکانی کلاوزەڤتز دەربارەی ستراتیجی، ئەگەر نەڵێین بووە هۆی گۆڕینی بیروڕای باوی سەدەی هەژدەهەم، ئەوا لایەنی کەم بەهەوڵی ئەم، ئەو بیروباوەڕانە پشت گوێ خران: ئەمەی کە تێکەڵەیەك لەلێهاتویی ستراتیجی بتوانێ پێکدادانە تاکتیکییەکان بکاتە ناپێویست، بە واتایەکی تر، پسپۆڕی ستراتیجی لەوانەیە بە پەنابردن بۆ هەندێ ئامراز، جگە لەجەنگی سەخت، بەئامانجەکانی خۆی بگا.







بۆچی ئێمە دژی تیۆرییەکی لەرادەبەدەر ئاڵۆز بوەستینەوە، کە وا گومان دەکا ئەگەری ئەوە هەیە لەسایەی سودوەرگرتن لەرەوشێکی مامۆستایانەو تایبەتدا، بەزیان گەیاندنی جوزئی لەهێزەکانی دوژمن، ناڕاستەوخۆ ببێتە هۆی وێرانبونی گشتی ئەو هێزە، یان بانگەشە بۆ ئەمە دەکا کە بەهۆی سرەواندنی گورزی سنوردار، بەڵام لێهاتوانەوە، دەتوانرێ دوژمن گۆت بگرێو توانای ئیرادەی لەژێر دەست دەربهێنرێو بۆ رەخساندنی رێگایەکی کورت بەرەو سەرکەوتنێکی گەورە هەنگاو بنێ؟ راستییەکەی لەوانەیە پێکدادان لەجێگایەکی بە بەهاتر لەشوێنەکەی تردا بێو ئەگەری ئەمە هەیە لەڕووی ستراتیجییەوە، رێکخستنی پێکدادانەکان پێشکەوتنو پاشکەوتنێکی لێهاتوانەی هەبێ. لەراستیدا ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە ستراتیجی سەروکاری لەگەڵدا هەیەو نامانەوێ نکوڵی لێ بکەین. هەرچۆنێ بێ بەڕاستی ئێمە بانگەشەی ئەوە دەکەین کە تێکشکانی راستەوخۆی هێزەکانی دوژمن پێویستە هەمیشە مەسەلەی تەوەری بێو ئێمە ئێجگار سادە هەوڵی چەسپاندنی گرنگیدان بەم بنەما وێرانکارییە دەدەین.(٢٢٣)

ئەم بەئەنقەست ئاماژە کردنە بۆ ((پێشکەوتنو پاشکەوتنی ئەولەوییەتەکان لەستراتیجی))داو قبوڵکردنی ((ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە ستراتیجی سەروکاری لەگەڵدا هەیە))، ئەمانە سەرجەم دەربارەی بابەتێکن، کە نوسەرەکانی تری ستراتیجی لەوانە خودی





ژومنیو ئەدوارد بروس هاملی[38] نوسەری ئینگلیز، بەتەواوی باسیان کرد بوو. بەڵام پێویستە ئەم بابەتە لەگەڵ فەسڵێك لەبەشێکی تری لەبارەی جەنگەوە بەراورد بکرێ، واتە ئەو بابەتەی کە داڕێژەرانی کلاوزەڤتز بەدەستنوسی ناتەواو لەقەڵەمی دەدەن، کەچی بەبن مایەی بیری ناوبراو لەبارەی ستراتیجییەوە دادەنرێ.

کلاوزەڤتز لەژێر ناوی نامەفهومی ((ئەگەری پێکدادانەکان لەبەر ئەنجامەکانیان دەبوایە بەجیددی وەرگیرێن)) لێکدانەوەی زیاتری دەربارەی مەرامەکەی خۆی بۆ ((ئەولەوییەتی پێکدادانەکان))داوە بەدەستەوەو لێرەدایە کە دەڵێ: پێکدادانەکان دەتوانن بەئامانجەکانیان بگەن، مەبەست ئەوەیە تەنانەت ئەگەر لەبەر خاتری ئەم ئامانجانە جەنگێك بەرپا نەکرێ.

ئەگەر چەند یەکەیەك بۆ تارومارکردنی دوژمنێك رەوانە بکرێت کە لەدۆخی پاشەکشەدایەو دوژمن بەبێ پەنابردنە بەر جەنگ، یەکسەر چووبێتە ژێر باری گەمارۆدانەوە، ئەوا ئەم بڕیارە تەنها لەبەر ئەم هۆیە نییە کە یەکە نێردراوەکان هەلومەرجی ئامادەگی جەنگییان هەبووە. ئەگەر هێزێکی سوپاکەمان یەکێ لەویلایەتە بێ بەرگرییەکانی دوژمن داگیر بکا... ئەو فاکتەرەی کەوا دەکا ئەم ویلایەتە لەژێر دەستی هێزەکانماندا بمێنێتەوە، ئەوا

---

[38] *sir Edward Bruce Hamley (١٨٢٤ـ ١٨٩٣) جەنەڕاڵی ئینگلیزو نوسەری مەسەلە سەربازییەکان ـ وەرگێر.







نیگەرانی دوژمنە لەداگیر بوون لەجەنگێك کە بۆ گێڕانەوەی ویلایەتەکەی خۆی پێویستە ملی بۆ بدا. لەهەر دوو دۆخەکەدا ئەنجامەکە بە تەواوی بەندە بە ئەگەری سەرهەڵدانی داگیرکردنەکەوە. بە واتایەکی تر، ئەگەری گۆڕینی بۆ راستییەك هەیە. (١٨١)

جگە لەوە، ئەگەری ئەمەش هەیە کە دەست بە زنجیرەیەك دەرگیری بەرایی بکرێ بۆ بەدەستهێنانی ئەمجۆرە هەڵکەوتە پێشکەوتوترە لەبەرامبەر دوژمن بەهۆی دەست بەسەراگرتنی رێگاوبانەکان، پردەکان، گەنجینەی کەلوپەل، شارەکانو تەنانەت سەرجەم ولایەتەکە ئەگەر پێویست بێ.

کلاوزەڤتز دەڵێ:

**ئەمجۆرە داگیرکردنانە ((هەمیشە پێویستە تەنها وەك ئامرازێک بۆ پێشکەوتوتری زیاتر رەچاوبکرێن، چونکە سەرەنجام، ئەو کاتەی دوژمن چاوەڕوانی پێکدادان نیە، دەتوانین ئەم پێکدادانەی بەسەردا بسەپێنین)).**

لەوانەیە ئەم مەسەلەیە بیرمان بۆ ئەوە ببات کلاوزەڤتز زۆر حەزی بەسەرکەوتنی بێ خوێن ڕشتنو پەنا بردن بۆ مانۆڕێکی لێهاتوانە نەکردبێت، بەڵام سەرکەوتن ئەو کاتە دەتوانێ بەبێ خوێن ڕشتن بێتە دی کە ستراتیجێت ئامادەی خوێن رشتن، جەنگو داگیرکردن بەهەموو نرخێك بێو پێکدادانەکە بەسەر دوژمندا بسەپێنێ. کلاوزەڤتز لەبەشێکی تری (لەبارەی جەنگەوە) دەنوسێ:

**"ئەگەر هەموو ئۆپەراسیۆنەکان لەم باوەڕەوە سەرچاوەیان گرتبێ**

**کە توانای کۆتایی هێزە چەکدارەکان بەکردەوە تاقیدەکرێنەوە، ئەوا ئاکارەکەی پەسەند دەبێ".**

پاشان کلاوزەڤتز سود لەپێوەرێك وەردەگرێ کە دواتر تێڕامانەکانی مارکسو ئەنگلسی فراوان کرد:

**"بڕیاردان لەجەنگ بەهۆی هێزی سەربازییەوە، چ لەئۆپەراسیۆنی فراوانو چ سنورداردا، حوکمی بەنەختینە پارەدانی هەیە، لەسەودا بازرگانییەکاندا. گرفتی نێوان هەر دوولای سەوداکارو چۆنێتی ئەو ڕێککەوتنە نایابانەی بەدەستهاتوون گرنگ نین، چونکە هەرگیز ئەمجۆرە مەسەلانە بە یەکجارەکی بنبڕ ناکرێن".**

بەهەمان شێوە هەر چەندە مانۆڕەکان لێهاتوانەو یەکە سەربازییەکان کارامە بن، هەرچەندەی ڕێپێوانەکان داهێنەرانەو لێهاتوانە ئەنجام بدرێن، ئەوا هیچ کام لەمانە کەمترین بایەخیان نییە، مەگەر ئەوەی سەرەنجام جەنەڕاڵ بکەوتایە دۆخێکی جەنگیەوەو سەرکەوتوانە لێی دەرچوبایە.

کەواتە ئەوەی لە ((پارەدانە نەقدییەکان))دا رووی دەدا بایەخێکی زیاتری لەو حسابو جموجۆڵە هەبوو کە زەمینە خۆشکەریان بوو. کلاوزەڤتز دەنووسێ:

**هەموو ڕێکەوتنێکی لەمجۆرە ((بریتییە لەتاقیکردنەوەیەکی خوێناویو وێرانکارانەی هێزی ماددیو مەعنەوی))، ((یەکێ لەو دوولایەنەی کە سەرەنجام پارەی زیاتری بەردەکەوێ، سەرکەوتووە)).(٢٣١)**





ئەم تاقیکردنەوەیە بەڕادەیەك بۆ سەرکەوتنی هەموو ستراتیجییەك چارەنوسساز بوو، کە پاڵی بە کلاوزەڤتزەوە نا تا کتێبێکی بۆ تەرخان بکا.

کلاوزەڤتز هیچ گومانێکی دەربارەی ئامانجی پێکدادان نەبوو، پێکدادان بریتییە لەتێکشکاندنی Vernichtung هێزەکانی دوژمن. لەوانەیە چەند ئامانجێکی تریش هەبێ، وەك چەند دۆخێك کە پێشتر ئاماژەیان پێدرا، هەروەها کۆنترۆڵکردنی زەوی وزار، سەرچاوەو لۆجستیك بۆ ڕووبەروبونەوەی کۆتایی لەگەڵ دوژمنێك کە ئامادە نییە مل بۆ جەنگ بدا. بەڵام تەنانەت لەپێکدادانە لاوەکییەکانیشدا ئەگەری تێکشکاندنی هێزەکانی دوژمن بەراستی هەبوو. ئەم تێکشکاندنە بریتی نەبوو لەمەسەلەیەکی لاوەکی سادە بۆ هێنانەدی ئامانجی کۆتایی ستراتیجیست، بەڵکو خۆی لەخۆیدا بەشێك بوو لەئامانجی مەبەست. لەکۆتایدا سود لەپێوەرێکی بازرگانی تر وەردەگیرا، ئەو شتەی بالانسی جەنگی نیشان دەدا. کلاوزەڤتز لەلێکدانەوەیەکی وردتردا هەوڵی داوە تا رادەیەك لەتوندی بیروباوەڕەکانی خۆی کەم بکاتەوەو ((تێکشکاندنی هێزەکانی دوژمن)) لەپێناسەیەکی وردتردا بە ((کەمکردنەوەی هێزێك، کە بە بەراورد زیاترە لەتوانای خۆی)) بەرجەستە بکا.(٢٣٠) بێ لەوە لەشوێنێکی ترداو بەسودوەرگرتن لەنمونە هێنانەوە بازرگانییەکانی خۆی دەنوسێ:

لەوانەیە ئامانجی سەرەتایی، خۆی لەسودی بەدیهاتوو لەتێکشکاندنی بەرامبەرەکەدا حەشار دابێ. سودێکی لێبڕاو و بێ ئەملاو ئەولا، کە بە درێژایی بالانس کردنی شەڕەکە، بەجێگیری دەمێنێتەوەو هەمیشە



لەکۆتایی جەنگەکەدا نیشاندەری سودی پەتییە. بەڵام کلاوزەڤتز دووپاتی دەکردەوە کە مەبەستی لەو تێکشکاندنەی سەرەوە تێکشکاندنێکی مەعنەوییە نەك ماددی. مەبەستی تێکشکاندنی توانا بەرگرییەکانی دوژمن بوو ((کوشتنی شەهامەتی دوژمن وەك لەتاکەکانی)). تەنها پاش تێکشکاندنی توانا بەرگرییەکان، هاوسەنگی دوژمن تێکدەچێ‌و ئەگەری ئەمە دەرەخسی کە گورزی ترسناکتر بسرەوێندرێ، بەجۆرێ دوژمن توانای بەرگری کردنی نەمێنێ. زیانەکان بەدرێژایی جەنگ لەبنەڕەتەوە لەسەر بنەمای ژمارەی کوژراو و بریندارەکان لێك دەدرێنەوەو بەشێوەیەکی ئاسایی کەم تا زۆر بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەنێوان هەردوولا دابەش دەکرێن، بەڵام پاش جەنگ، ژمارەی تفەنگە دەستکەوتەکان‌و دیلەکان دەژمێردرێن ((چونکە تفەنگ‌و دیل هەمیشە بەهێمای سەرکەوتنی راستەقینە لەقەڵەم دەدرێن‌و پێوەری بابەتی‌و هەڵسەنگاندنیەتی)).(٢٣٢)

ئەم هەلومەرجە لەبارەی سەرجەم پێکدادانە گەورەو بچوکەکانەوە راست بوو، بەڵام کاریگەری رێژەی گەورەتر بریتی بوو لەو زیان‌و وێرانییەی، لەپێکدادانە گەورەکاندا کاری لەرۆحییەتی دوژمن دەکرد. لەڕاستیدا ئەگەر ئامانجی ستراتیجست بریتی بووبێ لەنابودکردنی هێزی بنەڕەتی دوژمن یان ((گەیشتن بە ئاشتییەکی یەکسەری)) ئەوا وەك کلاوزەڤتز وتویەتی ((باشترین دەستپێکردن، جەنگێکی مەزنی ناوەندییە)).(١٤٣ ـ ٥٩٦)






کلاوزەڤتز ئەم مامەڵە کردنەی بە dieshlacht ناودەبرد، کە وشەیەکە لەزمانی ئەڵمانیدا مانای ((قەساب))یش دەبەخشێ. کلاوزەڤتز پێنج فەسڵی یەك لەدوای یەکی بۆ ((قەسابی))و پرۆسەکانی پاشتر، واتە راوەدونانی سوپای تێکشکاو، تەرخان کرد. لەمجۆرە روبەروبونەوە بەرزانەدا، بەگوتەی ناوبراو، سەرجەم پێکدادانە تاکەکان ئاوێتەی یەکتر دەبن‌و دەکەونە ژێر فەرمانی خودی فەرمانەدەی گشتی هێزەکانەوە، ئەم جەنگە بەجەنگێکی چەق بەستوو لەقەڵەم دەدرا، تیشکی سوتێنەر، کە بەهۆی شوشەی زەرەبینەوە دروست دەبێ، تەواوی توانای وێرانکردنی خۆی لەیەك کات‌و شوێندا چڕ دەکاتەوەو ئەمجۆرە جەنگە بە پێچەوانەی پێکدادانە پلە دووەکانەوە، ئامرازێکی گەیشتن بە ئامانجی دوور نەبوو، بەڵکو ئامانجەکەی لەبوونی خودیدا بوو، هەڵگری ئامانجی خۆی بوو.

کلاوزەڤتز لەوەسفکردنی ئەمجۆرە جەنگەدا، ئاوازی هێمنانەو لێکدانەوەی بێ مەرامی خۆی دەخاتە لاوەوەو بەجۆش‌و خرۆشێکی ئەو تۆ دەست بۆ قەڵەم دەبا، بەجۆرێ ئەڵتەرناتیڤێك بۆ ئەمە لەکارەکانیدا ناتوانرێ پەیدا بکرێ. ئاشکرایە کە schlacht دەستمایەی جەنگەکانی ناپلیۆن بوو، خودی کلاوزەڤتز لایەنی کەم بەشداری سێ دۆخی کردوە: کارەساتی (یینا)، کوشتارگەی





خوێناوی بۆردودینو و ئەو جەنگە سەختە کۆتاییەی[39]، کە ئینگلیزەکان پێیان باشترە ناوی واتەرلۆی لێ بنێن[40]. جەنگێکی ئێجگار توند کە ستراتیجستە ئاساییەکانی پێشو (و ئەوانەی پاشتر) هەرگیز لێی تێنەگەیشتن‌و کلاوزەڤتز دەیویست روونی بکاتەوە. زۆربەی نوسینەکان بەئاشکرا بریتین لەروداو تۆمارکردن، وەك ئەم لێکدانەوەیەی خوارەوە کە فەرماندەیەك بە دەستپێکردنی تێکشکانێك دایناوە:

لەدەستدانی سەرجەم یەکەکانی تۆپخانە، بێ ئەوەی تۆپ هاوێژێك لەدوژمن وەربگیردرێتەوە، تارومار بوونی فەوجەکان بەهۆی سوارە نیزامەکانی دوژمنەوە، لەکاتێکداکە دوژمن بەدەست لێ نەدراوی ماوەتەوە، پاشەکشەی بێ بەرنامەی هێڵی ئاگر لەجێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر، هەوڵی بێهودە بۆ داگیرکردنی ناوچەی هەستیار، بەڵام یەکە هێرشبەرەکان بەهۆی تۆپبارانی وردی تۆپخانەی دوژمنەوە، پەراگەندە بکرێن، کزی‌و سستی توانای تۆپخانەکان لەبەراورد لەگەڵ دوژمن، کەمبونەوەی نائاسایی فەوجەکانی ژێر ئاگر بەفەرمانی خودی فەرماندە بۆ

---

[39] La Belle Alliance

[40] Waterloo ناوی ئەو جەنگە چارەنوسسازەیە کە لە١٨ی حوزەیرانی ١٨١٥ لەنزیك گوندێك بەهەمان ناوەوە لەبەلجیکا رویدا. تێکشکاندنی ناپلیۆن لەم جەنگەدا پاڵی پێوەنا بۆ دوەمین جار لە٢٢ی حوزەیراندا دەست لەکاربکێشێتەوە.







گوێزانەوەی بریندارەکان بۆ پشتی بەرەکان لەلایەن گروپی ڕاهێنراوەوە، تێکشکاندن‌و بەدیل چوونی سەربازەکان بەهۆی تەڵەکەبازی لەبەرەکانی جەنگ، دروستبونی مەترسی مسۆگەر لەسەر ریزی پاشەوە، ئەمانە سەرجەم ئاماژە بۆ ئاکامی فەرماندەیەك‌و جەنگەکەی دەکەن.(٢٥٠)

کلاوزەڤتز بەو پەڕی ڕاستگۆییەوە پێمان دەڵێ هەرچەندە قەتلوعام، بەفاکتەرێکی چارەنوسساز لەجەنگ یان پێکدادانێکدا دادەنرێ، بەڵام: لەڕووی ناچاریەوە تاقە ڕێگا نییە. لەماوەی دوایدا ئەو جەنگانەی کە چارەنوسیان، بەیەك پێکدادانەوە گرێی خواردوە، بوەتە باو وگشتی‌و ئەوانەی جەنگی سەرتاپاگیرو گشتییان لێ دەکەوێتەوە ئێجگار کەمن.(٢٦٠)

بێگومان جەخت کردن لەسەر ڕەشە کوژی ، بوونی هەلومەرج‌و دۆخی لەبارو چۆنایەتی وروژاندنی ئەم کارە، پێویستی دەکرد ناوبراو، وای بۆ بچێ کە هەمو شەڕێك سەرەنجام ئەمجۆرە ڕووبەڕوبونەوەیەی لێدەکەوێتەوە، کە تارادەیەك ئاسایی ئەولەوییەتی بەسەر شەڕەکانی تردا هەیە، چونکە سەرکەوتنی بێ خوێن ڕشتن پیشەی خەسێنراوەکانە.

بەشێوەیەکی گشتی ئێمە حەز بەو کەسانە ناکەین کە بەبێ خوێن رشتن دەیانەوێ سەرکەوتن بەدەست بهێنن، بەڵام ئەوەش ڕاستە رەشە کوژی کارێکی ترسناکەو پێویستە هانمان بدات تاجیددی تر تەماشای جەنگ بکەین، ئەمەش بەو مانایە نییە لێگەڕێین بە

بیانوی مرۆدۆستی، شیرەکانمان کول ببن، چونکە درەنگ یان زوو کەسێ بەشیرێکی تیژەوە ڕادەپەڕێ و دەستەکانمان دەبڕێتەوە.

هەڵێنجانەکەی کلاوزەڤتز لەچوارچێوەی گشتی توێژینەوەکەی خۆی و پێچەوانەی پێشینەی بنەمای ستراتیجییەکی ناکۆکی تر، کە وڵاتەکەی دوچاری کارەسات کرد، بەئەندازەی جۆش و خرۆشییەکەی ناوبراو، بێ کەموکوڕییە. لەنوسینەکانی کلاوزەڤتز دا دەتوانرێ چەند بڕگەیەك بدۆزرێتەوە کە ئاماژە بۆ کاریگەری ترسناکی ڕێنماییەکانی ناوبراو دەکەن، بەڵام کەسێك ئەزمونی جەنگەکانی ناپلیۆنی بینیبێ، ناتوانێ دژی ئەم ڕستەیەی ناوبراو بوەستێتەوە: ((قەتلوعام، لە تایبەتمەندییەکانی جەنگەو بەهاکەی خوێنە)). (٢٥٩)

کلاوزەڤتز سوور بوو لەسەر ئەوەی نەهێڵێ خوێنەری بەرهەمەکانی، ڕەچاوی ڕاستییەکی ترسناك نەکەن، واتە ئەمەی خۆی لەهەناوی ڕێککەوتننامە بەئەدەب و دابڕاو وپیشەییەکاندا حەشار داوە، کە بەپێی ئەمە هەموو شیکارێکی ستراتیجی پێش ئەم ژمارەیەکی زۆری پاشتر، بەگوتار دەجەنگان. ئەمە لایەنی کەمی ئەو خزمەتە نەبوو کە کلاوزەڤتز، وەك یەك بەمافی ڕەوای عەسکەری و مەدەنییەکانی دەزانی.





# جەنگی سنوردارو جەنگی سەرتا پاگیر

ئەو جیاوازییانەی کلاوزەڤتز لەنێوان جەنگی سنوردارو جەنگی سەرتاپاگیردا دەیکرد و بەلای بیریارانی سیاسی و ستراتیجی سەدەی بیستەمەوە بایەخدار بوون، دەرەنجامی ئەندێشەیەکی قووڵ و پێشینەدار نەبوو. وەك پێشتر باسکرا ئەو کاتەی کلاوزەڤتز بۆ یەکەمین جار وتی جەنگ بۆی هەیە دوو جۆر بێ، هێشتا تەمەنی ٢٤ ساڵ بوو: ئەو جەنگەی کە بۆ کۆتایی هێنان بەسەربەخۆیی سیاسی دوژمن و ئەو جەنگەی بۆ سەپاندنی هەلومەرجی ئاشتی خوازراو دەکرێ. هیچ نیشانەیەك لەبەر دەست نییە کە ناوبراو یان کەسێکی تر لەو کاتەدا شتێکی بەرچاوی لەم بیروباوەڕە، دەستکەوتبێ، بەڵام لەو یاداشتەدا، کە لەساڵی (١٨٢٧)ەوە بەجێماوە (پاش ٢٣ساڵ) واتە ئەو کاتەی ماوەی ١٢ساڵ بەسەر پرۆسەی دەستپێکردنی لەبارەی جەنگەوە تێپەڕیبوو، ٣/٤ی تەواو کردبوو، نوسیویەتی: بەلای ناوبراوەوە پێویستە تا دوبارە هەموویان تاوتوێ بکاتەوە بۆ ئەوەی ((هەردوو جۆری جەنگەکە، لەهەموو ڕوویەکەوەو بەشێوەیەکی ڕوونتر دیاری بکا)). (٦٩)

کەواتە هەرچەندە ئەمیش وەك هەموو کەسێك کە جەنگەکانی سەدەی

هەژدەهەمو جەنگەکانی ناپلیۆنی تاقی کردبووەوە، دەبوایە جیاوازی لەنێوان هەردوو جەنگەکەی هەمیشە لەمێشکدا بێ، بەڵام گرنگی بنەڕەتی ئەم دوانەییە بۆ تیۆرییەکەی لەمەدا بوو کە لەکاتی نوسینی بەرهەمەکانیدا ختورەی بەمێشکیدا کرد، واتە لەنیوە ڕێگای شەشەمین کتێبدا (لەبارەی جەنگەوە) بەبیریدا هات، واتە ئەو کاتەی لەبەشی تایبەت بە ((بەرگری))دا، سەرنجی دا کە فەرماندە لێرەدا زیاتر لەشوێنەکانی تر، پێویستی بەمەیە بزانێ ئایا لەکاتی جەنگدا ((بەشداری شەڕێکی بەتەواوی کۆنترۆڵکراو، کە لەپێویستی بڕیارێکەوە سەرچاوەی گرتوە، کردوە)) یان زیاتر لەجۆری ((جەنگێکی چاوەڕوانی))ی دەچێ)). (٤٨٨ ـ ٩) چونکە لەم فەسڵەداو پاشتر دەبینین کە بۆچی ئەم جیاوازییە، بە تایبەتی لەنەخشەسازی جەنگی بەرگری دا گرنگی هەیە.

کلاوزەڤتز بەپێویستی دەزانی کە نەك تەنها خوێنەری بەهەرمەکانی بزانێ، ئەم دوو جۆرە جەنگە هەیە، بەڵکو بەوردی پەی بەمە ببا کە بۆچی بەمجۆرەش بووە. لەڕاستیدا ناوبراو سێ وەسفی جیاجیای خستبووە روو: یەکەم مێژووی کۆمەڵایەتی، دووەم میتافیزیکیو سەرەنجام ئەزمونی. هەریەکە لەم دۆخانە لەبەشێکی تایبەتی (لەبارەی جەنگەوە) باسکراونو هەریەکەیان پەیوەندییەکی کەمی بەدوو دۆخەکەی ترەوە هەیە. لەڕاستیدا ئەمانە پەیوەندییەکی تەواویان پێکەوە نییە.

لەڕووی مێژوویەوە کلاوزەڤتز دەڵێ کە هەموو جەنگەکان بەرهەمی ئەوکۆمەڵانەن کە جەنگیان کردوە. هەروەها جەنگ وەك یەکەکانی تر،





ئەفرێندراوی بیروباوەڕ، هەستو هەڵومەرجی باوی سەردەمی خۆیەتیو بۆ لێکدانەوەی ئەمەی کە چۆن جەنگ بووەتە هۆی پەرەسەندنی جەنگاوەری، ناوبراو دەڵێ پێویستە بگەڕێتەوە بۆ یەکەمین لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵناسی جەنگ لەسەرەتاوە تا سەردەمی ئەم. کلاوزەڤتز بۆ ئەوەی بزانێ چۆن، جەنگ خولقاوەو بووەتە مایەی سەرنجی ئێلەکانی تاتار، کۆمارەکانی سەردەمی کۆن، ئیمپراتۆری ڕۆم، کاربەدەستانی سیاسی سەدەکانی ناوەڕاستو سەرکردە[٤١] بەکرێگیراوەکانی سەرەتای سەردەمی نوێ، کەوتە لێکۆڵینەوەی پەرەسەندنی حکومەتە سەرەڕۆکانی سەدەی هەژدەهەمی ئەورووپاو ئینجا دەریخست کە سوڵتانەکان، دەسەڵاتێکی سیاسیو ئابوری کاریگەری ئەوتۆیان بەسەر خەڵکی ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا هەبوو، بەجۆرێ دەیانتوانی بێ بەشەکانی تری کۆمەڵ مەکینەی جەنگی بخەنە گەڕ، واتە سوپای سیستماتیکی ئەوتۆ کە سەرچاوەی داراییو لۆجستیکی تایبەتی خۆیان هەبووە و دەسەڵاتی سوڵتانەکان هێندە بێ ئەملاو ئەولا بوو، وەك ((بڵێی خودی حکومەتی سەربەخۆ بوون))، بەڵام ئەم سەرچاوانە مەترسی تەواو بوونیان هەبوو.

بۆیە توانای سوڵتانەکان بۆ بەڕێوەبردنی جەنگ، لەسەر بڕی پارەی ناو خەزێنەکانیان دەوەستاو وەك سواڵکەرە لاسارەکان، دەستیان بۆ کەسانی

---

[٤١] * Condettieri یان Condottiere واتە سەرکردەی سەربازە بەکرێ گیراوەکانی سەدەی ١٤ ـ ١٦ی زایینی ـ وەرگێڕ.





خۆیی‌و بێگانە پان دەکردەوە... ئەگەر سوپای شانشینێك تێکبشکایە، ئەوا نەیدەتوانی سوپایەکی تر دروست بکات‌و لەپشت ئەم سوپایەوە هیچ شتێ بوونی نەبوو. کەواتە ئۆپەراسیۆنە جەنگییەکان بەو پەڕی وریاییەوە ئەنجام دەدران... سوپاکان لەسایەی سەنگەری مکوم‌و بارەگای پڕ لەکەلوپەل‌و تەیارەوە، وەك حکومەتێك لەناو حکومەتێکی تری لێهاتبوو، وردە وردە توندو تیژی بارگەی دەپێچایەوە. (٥٨٩ ـ ٩٠)

لەبەر ئەوەی پەرەسەندنی کاروباری کۆمەڵایەتی هاوچەرخ‌و سەربازی ـ سیاسی بەرادەیەك ئاوێتەی یەکتر ببوون، بەجۆرێ: ((ئەگەر تۆپێك لەئەوروپا بتەقیبایە، ئەوا هەموو حکومەتێك بەرژەوەندییەکانی خۆی لەمەترسی دا دەبینی یەوە))و لەم سۆنگەیەوە هەم توانای رێبەری کردنی جەنگ‌و هەم ئەو ئامانجانەی جەنگ، هەوڵی بەدەستهێنانی دەدا، دەکەوتنە ژێر سنورداریێتی یەکی توند ترەوە، بەڵام شۆڕشی فەرەنسا هەموو شتێکی سەرو ژێر کرد. ((لەناکاو جارێکی تر جەنگ بووە پیشەی کەسانی ئاسایی کۆمەڵێکی ٣٠ملیۆنی کە هەموویان خۆیان بە هاوولاتی لەقەڵەم دەدا)). (٥٩٢)

جەنگ بەدەر لەهەموو جۆرە لەمپەرێکی پەیماننامەییەوە سەری دەرهێناو بەرق‌و کینەوە سەرجەم لغاوەکانی پساند، ئەم پرۆسەیە قەرزاری جەماوەرێك بوو کە بەتازەیی بواری پێدرابوو بەشداری کاروبارە گرنگەکانی حکومەت بکاو ئەم بەشداریکردنە بەش بە حاڵی خۆی لەسەرێکەوە بەهۆی کاریگەری شۆڕش لەسەر هەلومەرجی ناوخۆیی حکومەتەکان بوو، لەسەرێکی ترەوە، لەو مەترسییەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە فەرەنسا بۆ







هەریەکە لەو وڵاتانەی دروست کردبوو. (٥٩٣)

کلاوزەڤتز بەوریاییەوە دەیڕوانییە ئەگەری بەهەمیشەیی بوونی ئەم گۆڕانانەو ڕەنگە لەڕووی سیاسییەوە، لەرادەبەدەر زیرەکانە بوو بێ، هەر چەندە ناوبراو، ئەم وریاکردنەوەیەی دابوو کە ((ئەو کاتەی سەنگەرەکان بڕوخێن (کە لەسەرێکەوە تەنها بەندە بە نەزانی مرۆڤ لەئەگەری پێشهاتی مەسەلەیەك) ئەوا دوبارە دروستکردنەوەی ئەم سەنگەرانە، کارێکی سانا نابێ)).

خاڵی گرنگ لەتیۆرییەکەی ناوبراو ئەمە بوو: ((هەموو تۆخمێك جەنگی تایبەتی خۆی هەیەو هەلومەرجی سنوردارو گریمانی پێشتر دانراوی خۆی هەیە)).

لەڕاستیدا هەمان بارودۆخە کەلتورییەکە، بڕیاری دەدا کە جەنگ دەبێ سەرتاپاگیر بێ یان سنوردارو کام سنوردارێتی پەیڕەو بکرێ.

هەرچۆنێ بێ ئەو کاتەی کلاوزەڤتز کاری پێداچونەوەی (لەبارەی جەنگەوە)ی دەستپێکرد، رەوشێکی تری هەڵبژاردو لەیەکەمین فەسڵی کتێبی یەکەمیدا، کە لەوانەیە دواهەمین ئەو بەشە تەواوە بێ نوسیویەتی ولێبڕاوانە بە تەنها بەشێك دادەنێ کە خۆی دانی پێداناوە لێی رازییە، ئاماژە بۆ چەمکی ((جەنگی تەواو)) دەکا، ئەمەیش نەك وەك شتێکی مەرجدار لەروی کەلتورییەوە، بەڵکو وەك ئامانجێکی ئەفلاتونی، کە لەراستیدا زۆربەی جەنگەکان نزیکییەکی کەموکورتیان لەگەڵدا هەیە. ئەمە جەنگێکی ئامانجدار بوو، واتە ((باش)) نەبوو ، بەڵام مەنتقی بوو،

بەتەعبیری ئەرستۆ ((سروشتی)) بوو. بەواتایەکی تر ئەم جەنگە لەڕووی فیترەتی سروشتی خۆیەوە، سەرتاپاگیر بوو. ئەم جەنگە بریتی بوو ((لەبەجێهێنانی زۆرو لەبەجێهێنانی زۆردا، هیچ رادەیەکی مەنتقی نییە)).(٧٧)

ئەم بۆچونەی کلاوزەڤتز بەو چەمکەی خۆی کە ((کاری بەرامبەر))ی ناونابوو، پاساو کرا بوو، هەمان ئەو شتەی ئەمڕۆ کە بە ((تەوژمتر کردن)) لەقەڵەمی دەدەین.

لەجەنگدا ئامانج بریتییە لەسەپاندنی ئیرادەی ئێوە بەسەر دوژمندا. واتە ((بەجێهێنانی زۆر ئەوەیە دوژمن ناچار بکەین مل بۆ ئیرادەی خۆمان بدا)).(٧٥)، ئێوە ناتوانن ئەم کارە بێ تێکشکاندنی هێزی بەرخۆدانی دوژمن ئەنجام بدەن، چونکە ئەگەر دوژمن پەکنەخەن، ئەوا لەدەرفەتی گونجاودا ئێوە پەکدەخا. لەم سۆنگەیەوە تا ئەو کاتەی دوژمن بچوکترین ئەگەری بەرخودانی هەبێ، بەحوکمی عەقڵ، بۆ بەرگریکردن لەخۆ، پێویستە هەوڵی لەناوبردنی بدەن: کاتی درەنگ کردنو رەچاوکردنی رادەو سنور نییە.

بەڕای کلاوزەڤتز ئەگەر، لەجیهانی واقیعدا، پێشهاتێکی لەمجۆرە ڕوویدا، ئەوا بەهۆی فاکتەرە جیاجیاکانی جەنگەوە بووە. جەنگ هەرگیز کارێکی خۆ بەخۆ کۆنترۆڵکراو نەبووە، بەجۆرێ هیچ پەیوەندییەکی بە هەنگاوێکی چارەنوسساز یان ژمارەیەك ئۆپەراسیۆنی هەماهەنگ، کە لەبۆشایی سیاسیدا روو دەدەن یان واقیعە زەمینە سازەکەی یان ئەو هەلومەرجەی مەبەستی رەخساندنی هەیە، نەبێ. مەرامی وڵاتانی بە شەڕ هاتوو، ماوەی





جەنگەکە لەسۆنگەی چەند تێبینییەکی وەك هەلومەرجی نێودەوڵەتی، پەیوەندییەکانی پێش دەستپێکردنی جەنگی نێوان هێزە بەشەڕهاتووەکان، تایبەتمەندێتی هێزە چەکدارەکان، هەلومەرجی مەیدانی جەنگو تێگەیشتن لەو هەلومەرجە نوێیەی، کە ئومێد هەبوو جەنگ بیخولقێنێ، دیاری دەکران. ئەم فاکتەرانە بە دوور لەهەمو جۆرە خواستێکی مەنتقی سەربازی ـ دەریدەخست کە چۆن جەنگەکە ئەنجام بدرێ. کلاوزەڤتز لەڕاستیدا نکۆڵی لەمە دەکرد جەنگ بتوانێ مەنتقی تایبەتی خۆی هەبێ، بەڵکو دەیوت جەنگ، دەتوانێ تەنها دەستوری زمانی خۆی هەبێ.

کلاوزەڤتز دوپاتی دەکردەوە جەنگ بەهۆی هەلومەرجی سیاسییەوە ڕوو دەدا: ((هەڵگیرسانی ئاگری جەنگ هەمیشە پەیوەندی بەژمارەیەك بابەتی سیاسییەوە هەیە)). لەمبارەیەوە نوسیویەتی: ((کەواتە جەنگ پرۆسەیەکی سیاسییە)).(٦٠٧)، سیاسەت عەقڵی رێ خۆشکەرەو جەنگ، تەنها هۆکارێك، بەڵام ئەمەش پێودانگێکی گومڕاکەر بوو، چونکە جەنگ نەیدەتوانی وەك مەسەلەیەکی جیا لەسیاسەت تاوتوێ بکرێ، هەر چەندە لەوانە بوو تابعی سیاسەت بێ. جەنگ بەشێك لەسیاسەتو یەکێ بوو لەسیماکانیو درێژەپێدانی پەیوەندی[٤٢] سیاسی بەهۆی پەنا بردن بۆ هۆکاری تر. ئێمە بەئەنقەست گوزارشتی ((پەنا بردن بۆ هۆکاری

[٤٢] Verkehr

تر)) بەکار دەهێنین، چونکە دەمانەوێ روونی بکەینەوە کە جەنگ خۆی لەخۆیدا پەیوەندی سیاسی هەڵناپەسێرێ یان نایگۆڕێتە شتێکی بە تەواوەتی جیاواز..

ئەو هێڵە بنەڕەتییانەی روداوە سەربازییەکان بە ڕێڕەوەکانیدا هاتووچۆ دەکەن، یان دەوەستن، سیاسین. هەمان ئەو هێڵانەی کە لەسەرتاسەری جەنگدا، بەردەوامن و ئاشتی پاشتریان لێدەکەوێتەوە... جەنگ ناتوانێ لەژیانی سیاسی جودابێتەوەو هەرکاتێ ئەمجۆرە گوزارەشتە لەبارەی جەنگەوە بەمێشکماندا ختورەی کرد، ئەوا ژمارەیەکی زۆر ئەڵقەی پەیوەست، کە ئەم دوو رەگەزە پێکەوە گرێ دەدەن، لێك دادەبڕێن و ڕووبەڕوی شتێکی بێ ئامانج و لەعەقڵ بەدەر دەبینەوە. (٦٠٥)

ئەم کۆبەندییە، ئێمە لەچەمکی سادەی ((دوو جۆر جەنگ)) دوور دەکاتەوەو ئەگەر وای دانێین بیرکردنەوەی سیاسی، گرنگی زیاتری هەیەو بزانین خواستی سیاسی لەوانەیە بێ ئەندازە فرەجۆر بێ، ئەوا جەنگ لێبڕاوانە دەتوانێ نەك دوو جۆر، بەڵکو فرە جۆربێ، وەك کلاوزەڤتز دەڵێ:

**جەنگ بۆی هەیە وەک ((شەڕی توندی نێوان دوو شمشێری کراوەبێ)) کە دەتوانن بەیەک سرەواندن کێشەکان یەکلایی بکەنەوە. هەروەها دەتوانێ ((تەنها شمشێر بازییەکی نمایشی بێ مەترسی بێ بۆ سوخمەو جووڵەی لادان و بەرپەرچدانەوەی پەلامار)). (٦٠٦) بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانێ هەموو شتێکی تری نێوان ئەم دووانەش بێ.**





تەمەنی کلاوزەڤتز بواری نەدا تا وەك سیمای بەرهەڵستکاری ئەم پولێنکردنە دوو جومسەرییە، باس لەکاریگەری پلەو پایەکانی ئەم پلەو بەندییە بکاو هەرگیز بەجیددی لێکۆڵینەوەی لەسەر جیا کەرەوەکەی نێوان دوونمونەکەی خۆی نەکردو تەنها وتی کە : یەکێکیان ئاشکرا ئەوەیە کە لەبیری هەموو ئەوانەی لەجەنگی ییناداد بەزیندویی ڕزگاریان بوو، هەیەو ئەویتریان ئەوە بوو کە دەستی بە جەنگی سنوردار کرد.

ئەگەر دوژمنەکەتان ئامادەبێ لایەنی زۆری هەوڵ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی بەکاربهێنێ، ئەوا ئێوە هیچ چارەیەك، جگە لە وەك خۆی بەرپەرچدانەوەتان بۆ نامێنێ، کەواتە پێویستە هەڵکشانی مەنتقی گەیشتن بە قۆناغی ((جەنگی تەواو)) قبوڵ بکەن و بەم بۆنەیەوە کلاوزەڤتز دوپاتی دەکاتەوە کە:

**دەبوایە ستراتیجستەکان هەمیشە ئامانجی جەنگی تەواو ((سەرتاپاگیر)) بەرونی لەمێشکیاندا داڕێژن. پێویستە ئێوە ((ئەو کاتەی دەتوانن و ئەو کاتەی کە پێویستە)) خۆتان لەچوارچێوەی ئامانج نزیک بکەنەوە. (٥٨١)**

بەگوێرەی ئەو کۆبەندییە چیتر جۆری جەنگ، وەك بڕیارە مەعقولەکانی سەرانی سیاسی، کە جاڕدەری ئاوازی جەنگ بوون، بەتەواوەتی بەپێی هەلومەرجە کەلتورییەکە دیاری نەدەکرا. بەڵام کلاوزەڤتز پێناسەیەکی سێهەمیشی بۆ جۆری سنورداری زیاتری جەنگەکان داوەتە دەستەوە، ئەم جۆرەیان پەیوەندی بە ماهییەتی سەرکردایەتی و بەڕێوەبەرێتی خودی





جەنگەوە هەیە.

کلاوزەڤتز لەمەسەلەی سەرکردایەتیو بەڕێوەبردنی جەنگدا، پارادۆکسێك سەرنجی راکێشا بوو کە چەندین جار ئاماژەی پێداوە ئەمەی بە ((هەڵپەساردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی)) ناو دەبرد. لەبنەڕەتەوە ئەگەری وا هەبوو گومان بکرێ جەنگ بریتییە لە بەجێهێنانی توندوتیژی هەمیشەییو کوشتاری تۆڵە کردنەوە. بەڵام هێزە سەربازییەکان بەکردەوە، تەنانەت لەگەرمەی پێکدادانەکاندا، زۆربەی کات ئاسایی کۆدەبوونەوەو هیچ شتێکیان نەدەکرد. ئەم مەسەلەیە بەشێکە لە تیۆرییەکانی کلاوزەڤتز دەربارەی واقعییەتەکانی ژیانی سەربازی، کە بووە هۆی ئەوەی ناوبراو وەك شیکارێکی سەربازیش هەڵکەوتێك بۆ خۆی بەدەست بهێنێ.

لەڕاستیدا هەر لەبەر ئەم سستییە بێزارکەرە بوو، کە کتومت وەك توخمی ((مرونەت)) رەفتاری دەکردو دەبووە هۆی جیاکردنەوەی واقعییەتی جەنگو مۆدێلە رازاوەکانی تیۆری دارێژەری ستراتیجی. بۆیە جەنگ بەو شێوەیەی کە بەڕاستی وتویانە لەنۆ بەش بێزاریو یەك بەشی ترس پێکهاتوە.

لێکدانەوەی کلاوزەڤتز بۆ ئەم دیاردەیە سەرەتا پەیوەندی بەشیکاری ناوبراو دەربارەی کاردانەوەی بەرامبەری هێرشو بەرگرییەوە هەبوو. ناوبراو دەڵێ هەر دوولا بەدەگمەن بەشێوەی هاوکات، ئامادەیی تەواویان بۆ دەستپێشگەری کردن هەیە.

(یەکێ لەو دۆخە دەگمەنانەی ڕوویدا بریتی بوو لەهەڵگیرسانی جەنگی گەورەی ساڵی ١٩١٤ واتە ئەو کاتەی سەرجەم زلهێزە بەشەڕهاتوەکان







دەستیان بە پەلاماردان کرد). هەرچەندە لەوانەیە هەر دوولایەنی ناکۆك، مەرامی دەستدرێژی یان هەبێ، بەڵام بەدوور دەزانرێ هەر دوولا یەك چرکە بۆ دەستپێکردنی هێرشەکە هەڵبژێرن. لەوانەیە یەکێ لەهەر دوولا بیەوێ چاوەڕوان بێ تا هێزی خۆی زیاد بکاو لەم سۆنگەیەوە ماوەیەك لەدۆخی بەرگری کردن دا دەمێنێتەوە. ئەم رەفتارە بەرگرییە، بەش بەحاڵی خۆیو لەوانەیە زۆر چاك کاری خۆی بکاو دوژمن لەپەلاماردان پاشگەز بکاتەوەو پاڵی پێوە بنێ تا چاوەڕێی هەلی گونجاوتر بکا. لەمجۆرە هەلومەرجەدا ئەگەری ئەمە هەیە بۆ ماوەیەکی درێژتر، هیچ پێشهاتێکی گرنگ روونەدا کلاوزەڤتز دەڵێ:

**سروشتی مرۆڤ هەمیشە بەمجۆرە بووەو لەم رووەوە بەزۆری هەمان پێشهات رویداوە. لەزانیاری دەربارەی دوژمن دڵنیا نەبووەو بەردەوام زیادڕۆیی دەربارەی توانای دەژمن، تا کەمکردنەوە کراوە: ((ترسو دوو دڵی خویەکی فیتری مرۆڤە))و لەم روەوە هەموو کەسێ لەرووی ناچارییەوە باس لەجۆرێ ((هێزی ئەخلاقی مەتین)) دەکا...**

**سروشتو خوی ئاسایی، لەترۆپکی دۆخە جەنگییەکاندا، زیاتر حەز بەپێشڕەوی کردنێکی سستانە دەکاو لەم سۆنگەیەوە ئەنگێزەی بەهێزترو بەردەوامتر، پێویستییان بەمە هەیە کە لەهەبوونی هێزی پێویست دڵنیا بێ.**(٢١٧)



بەشێوەیەکی گشتی، چەند ئامانجی سیاسی جەنگ بەرزە فڕو ((نایاب)) بێ، هێشتا ناتوانێ بەسەر سستی (تەمبەڵی) دا زاڵ بێ. کلاوزەڤتز دەڵێ:

**مرۆڤ لەوڵاتی خۆیدا بەئەندازەی ماسی لەئاودا سەروکاری لەگەڵ جەنگ هەیە... بۆیە ئەگەر ڕۆحی سەرەڕۆیی لەپلەی فەرماندەییدا نەبێت، ئەوا تەمبەڵی باڵا دەست دەبێ.**

ئەگەر ئەمجۆرە ((ڕۆحییەتی جەنگییە)) بۆ خولقاندنی ئەنگێزە، پەرۆشی گشتیو ئامانجە گەورەکان نەبوایە، لەوانە بوو جەنگ پێشکەوتنێکی کەمترو کەمتری بکردایە. جەنگ دەبوە ((شتێکی بێ ڕۆحو لەوروژاندن بە تاڵ دەبووەوە)). (٢١٨) بەهەمان شێوە کە لەسەدەی ١٨ باوبوو، لەهیچ شتێك نەدەچوو، جگە لە وازییەکی شانسو قومار[٤٣].

ئێمە دەزانین کە فاکتەری مەترسیو پێشوازی چ چۆنایەتییەکیان بەم جەنگانە بەخشیبوو، بەڵام دەبێ بزانین جەنگ بەبێ ئەنگێزەی سیاسیو جەماوەریو وەنی فەرماندەیەکی ئازا، نەك لەبەشداریکردن لەمەرج بەندییەکی گەورە، بەڵکو لە ((مشتومڕ لەسەر فلسێك)) دەچێ، کلاوزەڤتز دەڵێ:

**ئەمە لەکاتێکدا بوو کە لێهاتویی کەمی جەنەراڵەکانی**

[٤٣] Spiel






**سەردەمی ڕوکوکو[٤٤]، هێرشە قەدبڕەکانیان لەجەنگدا، مانۆڕوبۆسەکان ناوبانگێکی درۆزنانەیان پەیدا کردبوو، بەشێوەیەکی هەڵەو کارەساتبار ئەم باوەڕە لەئارادا بوو کە هونەری جەنگ لەو شتانەدا پوخت دەبێتەوە.**

لەبەر ڕۆشنایی ئەم لێکدانەوەیە، تەنانەت ئەگەر سروشتی جەنگ دۆخێکی ئەبستراکتی تا ڕادەیەك ڕەهایشی بووبێ، کەچی سروشتی ئەو مرۆڤانەی بەشداری جەنگەکانیان دەکرد، جەنگەکەیان کۆتو بەند دەکردو دەبوونە ڕێگر لەبەردەم رادەی ((کامڵ)) بوونی جەنگەکە[٤٥]. ڕەنگە پێویستی بکردایە جەنگەکە سنوردار بێ تا لایەنی کەم تابعی ئامانجە سیاسییەکانی خۆی بێ، بەڵام لێبڕاوانە باشتر وایە کە لەسۆنگەی لاوازی مرۆڤ وتوخمی خودی ململانێیەکانەوە سنوردار یان لایەنی کەم کۆتو بەند بکرێ. بۆ دەستگەیشتن بە ئامانجەکان، لەجەنگی سنورداریشدا، پێویستە زیاتر لەڕادەی ئاسایی هەوڵ بدرێو لەوانە وەك ئامانجێکی ((جەنگی سەرتاپاگیر)) ڕەچاو بکرێ. کەواتە ئەگەر پەنا بردن بۆ ((جەنگی سەرتاپاگیر)) پێویست بێو ئەگەری ڕێککەوتنی دەوڵەتمەردان بۆ داواکاری لەسوپا لەپێناو هێنانەدی ئەو جەنگەدا بەدوور بزانرێ، ئەگەر فەرماندەی سوپا

[٤٤] Rocaille ڕەوشێکی تەلار سازیو ئەدەبیاتو ڕێبازێکی مۆسیقا (وەرگێراو لەرەوشی باروك)ی سەر بەسەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەم ـ و.

[٤٥] Vollkommenheit





لەبەجێهێنانی سیاسەتێکی کاریگەردا، سەرگەرمی جەنگێکی سنوردار بێ، ئەوا دەبێ ((جەنگی سەرتاپاگیر)) وەك ئایدیاڵ بەدوور نەزانرێو ((لەکاتی پێویستو تواناییدا بە ئاراستەی ئەمجۆرە جەنگە هەنگاو بنرێ)).(٥٨١) لەئەنجامدا لەوانە بوو ـ وەك بیسمارك[٤٦] پاش نەوەیەك درکی پێکرد ـ ببێتە هۆی ئەم ئەندێشە مەنتقییە ئەگەر سەرباز ڕێگای هەڵە نەگرێتەبەرو بیەوێ دروستکەر، یان هۆی گۆڕینی جەنگی سنورداربێت بۆ جەنگی سەرتاپاگیر، ئەوا دەوڵەتمەرد دەبێ بە توندی چاودێری بکا، کەچی کلاوزەڤتز ئەم لایەنەی مەسەلەکەی فەرامۆش کردبوو.

وەك پێشتر باسکرا گرنگی جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆرە جەنگە، ئەو کات ختورەی بەمێشکی کلاوزەڤتز دا نەکرد، کە خەریکی نووسینەوەی یەکێ لەفەسڵە شیکراوترەکانی بوو، بەڵکو کاتێ سەرگەرمی نوسینەوەی بەشێکی دورو درێژو پڕ لەزانیاری تایبەت بە وردەکارییە هونەریو نەخشەکێشانەکان بوو، بەو پەڕی پەرۆشییەوە باسی لەبابەتی بەرگری کرد. ئەم کتێبە بەرهەمێ بوو کە داڕێژەرانی چاپی هەڵبژاردەی نوسینەکانی کلاوزەڤتز بە زۆری بە بیانوی قابیلی تێگەیشتنەوە، پێیان باشە لایبەرن، بەڵام ئەنجامدانی ئەم کارە وا دەکا خوێنەران لە پوختەی بۆچونەکانی کلاوزەڤتز بێبەش بن.

---

[٤٦] otto von Bismarck (١٨١٥ ـ ١٨٩٥) ناسراو بە سەرۆك وەزیری ئاسنینو دامەزرێنەری ئیمپراتۆری ئەڵمان (رایشی دووەم) ـ و.







بەتایبەتی توخمەکانی ڕەوش ناسی بەرهەمەکانی، هەروەها چەند پێشنیازێکی تایبەت بۆ بەرێوەبردنی جەنگ، کە لەدوا کتێبیدا (دەربارەی نەخشەکانی جەنگ، خراونەتە روو، تەنها لەبەر رۆشنایی چەند بنەمایەك کە ناوبراو بەش بەش لەپەیوەند لەگەڵ بابەتی بەرگریدا باسی کردوە، قابیلی تێگەیشتنە). بەرهەمێك کە بەرادەیەکی فراوان بایەخی پێداوەو ناوبراوی خستوەتە دەروازەی نوسینی ((هێرش بردنەوە))،کە دەکەوێتە بەشی دواترەوە.

کلاوزەڤتز مەسەلەی بەرگری کردنی بەم دوو خاڵە دەستپێکرد:

یەکەم ـ سەرەڕای ئامانجە نێگەتیڤەکەی ـ لەرووی شێوازەوە لەهێرش بردن بەهێزتر بوو. پاراستنو پاسەوانی کردن لەزەویو زاری داگیرکراو ئاسانترە لەبەدەستهێنانو داگیرکردنی هێزێکی لاوازتر، مەگەر لەرازی نابودکردنی، ئەگینا پەلاماری هێزی بەهێزتر نادا. بەڵکو لەدۆخی بەرگریدا دەمێنێتەوەو لەگەڵ ئەو پەڕی سود وەرگرتن لەهەلکەوتی بەرگری سەرگەرمی چاککردنی دۆخە لاوازەکەی خۆی دەبێ. کلاوزەڤتز دەڵێ: لەجەنگیشدا وەك یاسا، رزگار بوون هی مۆڵکدارەکانە.

هەرچۆنێ بێ، مەسەلەی بەرگری کردن نە دەکرا بە تەواوەتی نێگەتیڤانە بێ. خاڵی دووەمی کلاوزەڤتز ئەمە بوو کە بەرگری کردن لەبنەڕەتەوە لەدوو قۆناغ پێکهاتوە: چاوەڕوانی کردن تا



گورزت لێ بسرەوێندرێ پاشان بەرپەرچدانەوەی[47]. هەنگاوی دوایی، واتە گورزی بەرامبەر لەدژی هێرشکەر بریتی بوو لەبن مایەی گشت چەمکی ((بەرگری)). یەکەیەکی سەربازی هەلومەرجی جیاجیای بەرگری کردن دەگرێتە خۆ تا بە سوودوەرگرتن لەم دۆخانە جەنگ بکا.

هەڵبژاردنی هەلومەرجی جەنگ لەلایەن یەکە سەربازییەکانەوە لەبەر ئەمە بوو کە توانای جەنگی خۆی تا ئەوپەڕی زیاد بکا ـ بە تایبەتی هێزی دەستڕێژ کردن. کلاوزەڤتز دەڵێ:

**بەرگری کردن وەک قەڵغانە، بەڵام قەڵغانێکی کاریگەر بۆ ((سرەواندنی گورزی پڕ بەدڵ)). (٣٥٧) نێوە لەسەنگەردا تەنها دانەدەنیشتن، تا دوژمن بەهێرش کردن لەناوتان بەرێ، بەڵکو بەئاگر وەڵامتان دەدایەوە. لەڕاستیدا لەهەموو جەنگێکدا ئاسایی یەکەمین فیشەک لەلایەن بەرگریکەرەوە دەتەقێندرێ.**

کلاوزەڤتز خۆی لەچەند گوزارشتێکدا ئاماژە بۆ ئەم خاڵە دەکاو پاشتر لینین بەگاڵتە جارییەوە ئەم وتەیە دووپات دەکاتەوە:

هێرشکەر هەمیشە ئاشتیخوازە (وەك پۆناپارت هەمیشە بانگەشەی بۆ دەکردو پێی باش بوو کاروباری ولاتان بەبێ بەرگری کردن بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. بۆ پەکخستنی هێرشبەر، پێویستە هەموو تاکێ جگە

[47] Abwehr






لەنیشاندانی پەرۆشی بۆ جەنگ کردن، ئامادەگی جەنگ کردنیشی هەبێ. بە واتایەکی تر، ئەوە لاوازەکانە کە بەزۆری زیاتر پێویستییان بە بەرگری کردن هەیە، ئەو کەسانەی کە هەمیشە دەبێ چەکدار بن تا نەدۆڕێن). (٣٧٠)

ستراتیجی بەرگری کردن بریتی بوو لەڕەخساندنی هاوسەنگییەکی گونجاو لەنێوان هەردوو توخمی چاوەڕوانیو بەرگری کردن لەکاتو شوێنی خۆی، بۆ لەکێلان دەرهێنانی ((شیری درەوشاوەی تۆڵە)) کە کلاوزەڤتز وەك ((گرنگترین چرکەی بەرگریکەر)) ناوی دەبا. ئنجا شەبەنگێکی فراوانی توانا دەکەوتە بەردەست: دەستکردن بە دژە هێرشی بروسك ئاسا لەساتەوەختی پەڕینەوەی دوژمن لەسنورـ لایەنی کەمی چاوەڕوانی بۆ دژە هێرشی یەکسەری ـ بگرە تا پاشەکشەی درێژخایەن بۆ ناو سنوری ولات، واتە هەمان ئەو کارەی کە روسەکان لەساڵی ١٨١٢و جارێکی تر لەساڵی ١٩٤١و ١٩٤٢ ئەنجامیانداو تاکو پێش دەستکردن بە دژە هێرش، تا دوا چرکەی لوان دەست دەستیان کرد. کلاوزەڤتز دەڵێ:

هەموو شتێ بەندە بەمەی کە لایەنی بەر هێرش کەوتوو دەیەوێ لەبنەڕەتەوە دوژمن بە هێزەکانی خۆی نابود بکا یان بە ((هەوڵو کۆششەکانی خۆی))٠(٣٨٤)

کلاوزەڤتز دەربارەی ئەم ستراتیجییەی دوایی، واتە هێرشی بەرامبەر، بیری بۆ ئەمە دەچێ کە ئیمتیازەکان بە قازانجی بەرگریکەر تەواو دەبێت، چونکە لەڕێڕەوی هێڵەکانی لۆجستیکی خۆیی‌و لەنێوان دانیشتوانی خۆیدا پاشەکشە دەکا. بەپێچەوانەی دوژمنەوە کە لەژێر ئاگری هێرشبەراندا




دەپەڕێتەوەو دووچاری گرفتی لۆجستیکی رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر دەبێتەوەو هێزەکانی لاوازتر دەبنو هەرچەندە بەرەو پێشەوە بچێ، دەوروبەرەکە بۆی پڕ مەترسیتر دەبێو سەرەنجام هاوسەنگی ئیمتیاز، ئەو کاتە تێکدەچێ، کە هێرشبەر دەگاتە نزمترین پلەی لاوازی خۆیو بەرگریکەر باشترین هێزی خۆی کۆکردبێتەوە. کلاوزەڤتز ئەم چرکەیە بە ((خاڵی تروپك)) ناودەبا. ئەو کاتەی کە شیری دەرەوشاوەی تۆڵە دەبێ لەکێلان دەربهێنرێو رەشمەی دژە هێرش رەها بکرێ. لێهاتویی ستراتیجیست لەمەدایە کە کاتی چرکەی گونجاو دیاری بکا.

دەوترێ گوایە کلاوس ڤتیس لەشیکارەکانیدا لەرادەبەدەر کەوتبووە ژێر کاریگەری شەڕی (١٨١٢)ەوە، لەمبارەیەوە دەکرێ قسەوباس بکرێ، جگە لەمە لەماوەی ژیانی ناوبراودا چەندین شەڕی تریش روویان داوە. مەبەست تەنها جەنگەکانی ١٨٠٥و ١٨٠٦ نییە کە سوپای بێ هاوتا سەرەڕای پێشرەوی کردن، لەپەلوپۆ نەکەوت بەڵکو لەکاری خۆی غەرا بوو. یان کاتێ ئەو هێزانەی لەپاشەکشەدان، هەرچی زیاتر خاکی خۆیان بە قازانجی دوژمن چۆڵ بکەن، زیاتر رۆحییەتی خۆیان لەدەست دەدەن یان ئەو کاتەی کە دوژمن گیروگرفتی لۆجستیکی خۆی بە پارەی دوژمن یەکلایی دەکاتەوە. ئاشکرایە چەند ولاتێکیش لەئەوروپادا هەبوون کە بەرگریکارەکانیان دەرفەتی پاشەکشەی فراوانیان بۆ ناوخۆ هەبوو، بێ ئەوەی دەستیان لەناوچە یان بەرژەوەندی ژیانی پێویست بۆ درێژەدان بەجەنگ هەڵگرتبێ. بەڵام لەهەر شوێنێ کە ئەم ئەگەرە بەڕاستی






هەبووبێت، دەتوانرا بەشێوەیەکی ئێجگار کاریگەر سوودی لێ وەربگیردرێ، بەهەمان شێوە کە هێرشبەرە یەك لەدوای یەکەکانی رووس ئەنجامیاندا. تەنانەت ژوفر لەساڵی ١٩١٤ لەناوچەیەکی دیاریکراوی فەرەنسا توانی رێو شوێنێکی ئەوتۆ برەخسێنێ کە هێزەکانی ئەڵمانیا بەزۆری ((بەهۆی خۆ سەغڵەت کردنەوە)) بوون بە هۆی تێکشکانی خۆیان، واتە پێش ئەوەی ((شیری دەروشاوەی تۆڵە)) لەمارن بخرێتە گەڕ.

بەگشتی کلاوزەڤتز روونی کردووەتەوە کە چەند کاری درێژەدان بە بەرگری، لەگەڵ پەنابردن بۆ ڕەوشی پاشەکشەی وورد و بە بەرنامەو پاشەکشەکردن بە جەنگ کردنەوە سەختەو لەوانەیە بڕی سەرچاوە قابیل بە دەستهاتوەکان زیاد بکا. لەقۆناغی یەکەمدا، لەسۆنگەی سیستمە سیاسییەکانی ئەو کاتەی ئەوروپاو ئەو مەیلە گشتییەی لەنێوان سەرکردەکانیدا هەبوو لەپێناو پاراستنی هاوتایی هیز، حکومەتە بێلایەنەکان بەروالەت حەزیان دەکرد بەهۆی کۆمەك کردنی قوربانییانی دەستدرێژییەوە، هاوسەنگی ڕاگرن. ئەمەش بریتی بوو لەهەڵسەنگاندنێکی گەشبینانە چونکە بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ سەرچاوەی مێژوویيدا نەدەگونجا. لەسەرێکی ترەوە هەندێ سەرچاوە لە دەوروبەری سروشتییەوە دەست دەکەوتن، لەگەڵ ئەو سەرچاوە ناسروشتییانەی ئەندازیارانی سوپا بەرهەمیان دەهێناو هەموویان لەلایەن کلاوزەڤتزەوە بەوپەڕی لێهاتوییەوە لێکدانەوەو شیکاریان بۆ کرابوو، دواجار لەلایەن جەماوەریشەوە پشتیوانی لێ دەکرا، واتە ئەو فاکتەرەی کە سەرجەم ستراتیجیستەکانی پێشو زۆربەی

کەسانی پاش ئەم حسابیان بۆ نەکردبوو. کلاوزەڤتز لەشوێنێك لە (دەربارەی جەنگ)دا ئاماژەی بۆ پەیوەندی نێوان سوپا هەمیشەییەکانو هێزی جەماوەر کردووەو شتێکی دەربارەی تواناو لاوازییەکانی وتەی دوایی نووسیوە.

باسکردنی ئەم مەسەلانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونو چالاکییەکانی، بەتایبەتی بە درێژایی زستانی ١٨١٢ـ ١٨١٣ کە لەپروسی خۆرهەلات سەرگەرمی رێکخستنی هێزێکی بەرگری جەماوەری بوو. کەواتە کلاوزەڤتز بەتەواوی لەسەر حەق بوو تا لەمبارەیەوە بدوێو فەسڵێکی لەژێر ناوی ((جەماوەری چەکدار)) بۆ بەشێکی لەبارەی بەرگرییەوە زیادکرد کە بەتایبەتی پەیوەندی بەجەنگی پارتیزانییەوە هەبوو. ناوبراو دانی بەمەدا دەنا کە زانیاری ئێجگار کەم لەمبارەیەوە هەیەو ((ئەمجۆرە جەنگە هێشتا هێندە نەگشتێنراوەو ئەو کەسانەی بۆ هەر ماوەیەك بینیویانە، راپۆرتی تەواویان لەبارەیەوە ئامادە نەکردووە)).(٤٨٣) هەروەها ئەم مەسەلەیە بابەتێکی مشتومڕاوی ئەوتۆ بوو، بە جۆرێ هەم لەناو ئەو تاکە سەربازییانەی باوەڕیان وابوو کە ئەم کارە بە فیڕۆدانی سەرچاوەکانەو هەم بەتایبەت لەناو ئەو کەسانەی راپەڕینی جەماوەرییان بە ((دۆخێك لەهەلومەرجی یاسایی)) لەقەڵەم دەداو بیریان بۆ ئەمە دەچوو ((بەهەمان رادە کە بۆ دوژمن ترسناکە، هێندەش بۆ نەزمی کۆمەڵایەتیو خودی وڵات ترسناکە)). (٤٧٩) کلاوزەڤتز دەربارەی بابەتی یەکەم دەڵێ کە ئەو سەرچاوانەی لەجەنگی پارتیزانیدا بەکاردەهێنرێن لەوانەیە بۆ هیچ





مەرامێکی تر قابیلی بەدەستهێنان نەبن. بەڵام لەبارەی مەسەلەی دواییەوە دەڵێ راپەڕینی جەماوەری پێویستە وەك بەشێك لەداڕووخانی گشتی تەماشا بکرێ کە پڕە لەکێشەی باو. ((پرۆسەی بەرفراوانو بە تەوژمی یاخیبوونو ئاژاوە کە وەك جەنگە)). لەم بارەیەشەوە وەك شێوە جوانەکانی تری هونەری جەنگ ئەگەر ((گەلێك زیرەکانە بەکاری بهێنێ، ئەوا بە زۆری بەسەر ئەو گەلانەی تردا سەردەکەوێ، کە لێی بێبەشن)).

لەم دۆخەدا تەنها یەك پرسیار دەمێنێتەوە: ئایا مرۆڤ لەکۆدا سوود لەم پەرەسەندنی توخمی جەنگە وەردەگرێ. پرسیارێك کە وەڵامەکەی لەڕووی پێویستییەوە هەمان ئەوەیە کە لەوەڵامی خودی جەنگدا دەڵێ: پێویستە ئێمە هەردووکیان بە فەیلەسوفەکان بسپێرین.

ئەو پرسیارانەی لەلایەن کلاوزەڤتزەوە، لەم بەشەدا وروژێنراون تا ئەم رۆژگارەش هەندێ باسو خواسو گفتوگۆی بە خرۆشی وروژاندوە، بەڵام ناوبراو بەپێچەوانەی ژمارەیەك تیۆری داڕێژەری پاشترەوە، هەرگیز جەنگی پارتیزانی بەشێوەیەکی جودا تاوتوێ نەکرد. جەنگی پارتیزانی بەلای کلاوزەڤتزەوە بە یەکێ لەئیمکانات، لەشەبەنگی ئیمکانە بەرگرییەکان دادەنرا کە دەیتوانی تەنها ((لەچوارچێوەی جەنگێکدا، کە لەلایەن سەرکردایەتی سوپایەکی سیستماتێكو بە هەماهەنگی لەگەڵ پرۆژەو نەخشەی بەتەواوی سەرتاپا گیرەوە رینوێنی بکرێ)) رەچاو بکرێ. (٤٨٠)

ئەمجۆرە بەرنامەیە دەیتوانی لەپێناو راپەڕینی جەماوەریدا، لەهەنگاوێکی لاوەکیدا، پێش دستپێکردنی جەنگی لێبڕاو یان تەنها وەك رێگاچارەیەك بۆ




پاش تێکشکان ڕەچاو بکرێ. کلاوزەڤتز باوەڕی وابوو لەهەموو دۆخێکدا هەرگیز نابێ پەنابردن بۆ جەنگی پارتیزانی فەرامۆش بکرێ.

حکومەت هەرگیز نابێ وا گومان بکا کە چارەنووسی وڵاتو سەرجەم بوونی ئەم وڵاتە تەنها بەیەك جەنگەوە بەندە. . . بچوکیو لاوازی وڵاتێك، لەبەراورد لەگەڵ دوژمنەکەی، گرنگی نییە. . . نابێ چاوپۆشی لەدوا هەوڵەکان بکرێو وای بۆ بچین ڕۆحی مردوە. . . ئەم هەنگاوانە، ئەو کاتەی هاوشان بێ لەگەڵ ئومێدی کۆمەکی وڵاتانی تر، ئەوانەی حەز بەمانەوەمان دەکەن، ئەوا دڵ گەرمتر دەبێ. ئەو حکومەتەی جەنگی بنەڕەتی بدۆڕێنێ، تەنها دەیەوێ ئیمکاناتێ بڕەخسێنێ تا هاووڵاتیان هەرچی زووتر بگەڕێنەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیانو سەربخەنە سەر سەرینو لەخەمی هەست کردن بە تێکشکانو نائومێدیدا قووڵ ببنەوە.

وونبونی شەهامەتو حەز نەکردن بە بینینی قۆناغی کۆتایی، بەهۆی لاوازی حکومەتەوە، هەرچۆنێ بێ دەرەنجامی ناهەماهەنگییەکی فراوانەو ئەم مەسەلەیە نیشاندەری ئەمەیە حکومەت شایستەی بەدەستهێنانی سەرکەوتن لەجەنگدا نەبووەو لەوانەیە تەنها لەبەر ئەم هۆیە بێ کە لێی بێبەش بووە. (٤٨٣)

ئەم بەشەی کتێبەکەی کلاوزەڤتز کە نموونەی بەرجەستەی نووسینە سیاسییەکانیەتی، لێکدانەوەیەکی ڕوونە بۆ ئەمەی بۆچی ناوبراو هێندە دژی بە وریاییو موحافزەکاری ڕاویژکردنی فردریك ویلهالمی سێهەم بووە.






کەواتە ئەگەر دوژمن بیر لەڕوخاندنی حکومەتەکانی نەدەکردو بە پێچەوانەوە هەندێ مەرامی سنورداری هەبوو، کە لەسەدەی هەژدەهەمدا باو بوو، واتە داگیرکردنی ژمارەیەك ویلایەتی سەر سنور یان لکاندنیان یان بەگرەوگرتنی ئەو ناوچانە لەپێناو دانوستاندنی ئاشتی، ئەو کات چی ڕوودەدا؟ ئەگەر پەلامارەکەی دوژمن بریتی بووایە لەئۆپەراسیۆنێکی غافڵگیرانە لەپێناو ئەنجامدانی هێرشێکی چارەنووسساز لەشوێنێکی تردا، ئەوکات چی ڕووی دەدا؟ ئەگەر دوژمن لەڕووی ناچارییەوە تەنها بەفەرمانی هاوپەیمانێکی گەورە پەلاماری بدابایەو تەنها لەسایەی بەرنامە ڕیزییەکی لێهاتوانەی ئەوەوە ئامادەبووایە دەست لەدەستدرێژی هەڵگرێ، چی دەبوو؟ ئەم دۆخانە چەندین جۆری بەتەواوی جیاوازی لەستراتیجی بەرگری لەخۆگرتبوو بۆ نموونە پاشەکشەکردن بۆ ناوەوە، کەمکردنەوەی هێزەکانی سەرسنور بۆ کۆکردنەوەیان بۆ جەنگێکی گەورەو چارەنووسسازو سەرەنجام ئامادەکردنی نەخشەیەکی بەتەواوی گونجاو. پاشان ستراتیجی دروست بریتی بوو لەمەی کە تا ڕادەو کاتی شیاو، زەویو زارێکی زیاتر بپارێزرێ. ئەگەر ستراتیجیست لەکاتی ڕێکخستنی سەربازیدا بیزانیبایە کام جۆری جەنگ دەبێ بگرێتە بەر، بایەخێکی زۆری هەبوو. ئایا دەبێ ((کەم یان زۆر هاوشێوەی جەنگێکی چاودێری کردن بێ، یان بەپێچەوانەوە جەنگێکی بە تەواوی ڕێنۆوێنی کراوو لەژێر کاریگەری گوشاری توند لەپێناو بڕیاردانداا بێ))٠ (٤٨٨)

پێویستە بگوترێ کە ئەم تێبینییە سیاسییانە لە هەمان



سەرەتاوە لەتیزە سەربازییەکانی کلاوزەڤتزدا رۆڵێکی گرنگیان هەبوو.

لەفەسڵی ٢٨ی کتێبی شەشەمی (لەبارەی جەنگەوە) کلاوزەڤتز دەستی بە لێکدانەوەی دووجۆر جەنگ بۆ خستنە رووی مەسەلە بەتەواوی جیاجیاکان بۆ فەرماندەکان کرد (ئەم کارە تا ئەو کاتە ئەنجام نەدرابوو، دواتریش دەرفەتی تەواوی بۆ تاوتۆێ کردنی، نەڕەخسا). لەدوا کتێبدا (هەشتەم) واتە لەبارەی نەخشەکانی جەنگ، ئەم دوو جەنگەی لێك جودا کردەوەو بنەمای ستراتیجی گونجاوی هەریەکەیانی تا رادەیەك بە دوورودرێژی شیکردەوە. بەشی یەکەمی کتێبەکە تایبەتە بە توێژینەوەی هەڵسەنگێندراو دەربارەی ئەولەوییەتی ئامانجی سیاسی کە پێشتریش ئاماژەمان پێداو کلاوزەڤتز لەوانەبوو لەبارەیەوە زۆرترین زانیاری هەبێ. ئەوکاتەی دەربارەی ئەم خاڵە بنەرەتییە بە تەواوی ئامادەگی زهنیی هەبوو، تەنها خەریکی پاکنوس کردنی تەواوی کارەکان بوو، بەڵام مردن بواری تەواوکردنیانی نەدا.







# میراتی کلاوزەڤتز

پلەوپایە خوازییە شەرمنانەکەی کلاوزەڤتز لەپێناو ئەفراندنی بەرهەمێك کە ((پاش ٢یان ٣ ساڵ لەبیر نەکرێ)) سەرەتا هێندە نەهاتە دی. چاپکردنی بەرهەمەکانی ناوبراو، کە یەك ساڵ پاش مردنی لەساڵی ١٨٣٢ بە هەوڵی هاوسەرەکەی رەوانەی بازاڕکرا، رێزی لێنرا، بەڵام ئەنجامێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتەوە. لەلێکۆڵینەوەی بەرهەمێکی سەربازیدا، کە لەساڵی ١٨٦٧ لەئەورووپادا کرا، لێبڕاوانە راگەیەنرا کە کلاوزەڤتز کەسێکی ((ناسراو بەڵام کەم خوێندەوار)) بووە. ئەگەر مولتکە[٤٨]، ئەندازیاری ناسراوی سەرکەوتنی سوپای پروس بەسەر نەمساو فەرەنساو ئەوانی تردا، پاش سەرکەوتنەکان لەلای بیسمارکی خولقێنەری ئیمپراتۆری ئەڵمانیا لەساڵی ١٨٧١، دانی بەمەدا نەنایە کە: پاش کتێبی پیرۆزو هۆمیر، کلاوزەڤتز نووسەرێکە بەرهەمەکانی زۆرترین کاریگەرییان لەسەری هەبووە، ئەوا لەوانەبوو (کتێبی لەبارەی جەنگەوە) بگۆڕابایە بۆ دۆڵێکی لەبیرکراو.

---

٤٨ *. Helmuth Jonannes Ludwig Von Moltke (١٨٤٨ـ ١٩١٦) جەنەراڵو سەرۆکی ستادی سوپای ئەڵمانیا. و.

پاش پشتگیرییەکەی مولکتە، کلاوزەڤتز یەکسەر بووە مۆدێلی ڕۆژو ساڵی ١٨٧٣ لەیەکێ لەگۆڤارە سەربازییەکانی ئەڵمانیادا بە ئیلهام وەرگرتن لەسەرانی سوپا راگەیەندرا کە ((کلاوزەڤتز وەك بەرجەستەترین بیریار لەزانستی سەربازیدا هەڵکەوتی خۆی لەسوپای ئەڵمانیادا بەدەستهێناوە)). ئنجا گۆڤارەکە نووسیویەتی: جەنگی ساڵەکانی ١٨٦٦و ١٨٧٠ ئاشکرایان کرد چارەنووسی هەمووشتێك لەجەنگدا تا چ ئەندازەیەك پەیوەندی بە ((دیسیپلینی بەهێز، چەکی باش، تاکتیکی بنەڕەتی لەبار، راهێنانی سەربازیی شایستە، هێڵی شەمەندەفەر، بەرنامەڕیزی ژیرانەی لۆجستیك و کۆنتاکتەوە هەیە. ئەم چەمکە بە تەواوی ژیرانانە کە تا ئەم رادەیە لەسوپادا رەواجیان پەیدا کردوەو بوون بەهۆی ئەمجۆرە گۆڕانانە، بەرەنجامی خەلاقییەتی ویرانکارانەی کلاوزەڤتزە)). ئەوەی کلاوزەڤتز وێرانی کرد بریتی بوو لەبەرنامەی رەسمی مانۆڕ، کە پێش ساڵی ١٨٧٠ بەگشتی لەکۆلیجی جەنگدا دەخوێندرا. بەرنامەیەك کە گرنگییەکەی قەرزاری تەمەنی ژومنی بوو، کە سەرئەنجام لەساڵی ١٨٦٩ لەتەمەنی ٩٠ ساڵیدا مرد. هەمان ئەو کەسەی کتێبە پێکهاتە جوانە فێرکارییەکانی بۆ هەموو زمانە سەرەکییەکانی ئەوروپا وەرگێردرابوو. تەعالیمەکانی ژومنی بە زوویی ڕەنگی رەوشە فێرکارییەکانی فەرەنسا، روسیاو ئەمریکا بەخشیو پاش کاریگەری دانان لەسەر ڤیلیزن[49] لەپروسو هاملی لەبەریتانیا رەواجی

[49] Karl Wilhelm Von Willisen (١٧٩٠ـ ١٨٧٩) جەنەڕاڵە ناسراوەکانی سوپای ئەڵمانیا.





لەسوپای هەردووکیاندا پەیدا کرد. رۆدۆلف ڤۆن کامیرەر[50] یەکێ لەکاربەدەستانی پاشتر بە کەمێك ترس و لەرزەوە نووسیویەتی:

**بەڵام بەپێچەوانەی کلاوزەڤتزەوە، لەوانەیە ژومنی رۆحی رێنمایی مولتکە بووبێ. (ئەو) ئێمەی لەهەمووی ئەو خۆ نواندنە دەستکردەی باڵی بەسەر تیۆری جەنگدا کێشابوو، رزگار کردو سەرەنجام مەرامی بنەڕەتی نیشانماندا.**

مۆلتکە لەسەردەمی کلاوزەڤتزدا، خوێندکاری کۆلیجی جەنگ بوو، بەڵام هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نەبوو، بە ووتەی ئیبرهارد کیسل، بیلۆگراف نووسەکەی، بەڵگەو نیشانەی زۆر لەیادداشتی رۆژانەو نامەکانیدا دەربارەی ئەمەی کە ئیجگار بەوردی بەرهەمەکانی کلاوزەڤتزی خوێندبێتەوە، نابینرێ. تیۆرییەکانی کلاوزە ڤتز دەربارەی گرنگیی هێزە مەعنەوییەکان، پەرۆشی راوەدونان و نابودکردنی دوژمن بە پەنابردن بۆ جەنگ، پێویستیی وەرچەرخان و متمانە بەخۆکردن و چەق بەستن، بەویژدانەوە پاش ساڵی ١٨١٥ لەسوپای پروسدا سەری هەڵدا. لەڕاستیدا ئەم تایبەتمەندێتییانە بە خەسڵەتی زۆربەی ئەفسەرانی چاو لەئایندەو لیبراڵی ئەو سەردەمە لەقەڵەم دەدران، ناکۆك بوون لەگەڵ چەمکی رەسمی ستراتیجی، کە لەلایەن باڵادەستە موحافزەکارەکانەوە سەپێنرابوو. مۆلتکە تەنها ئەو بەشەی تیۆرییەکانی کلاوزەڤتزی وەرگرت و شاگردەکانی لێ

[50] Rudo lf von Caemmerer



فێرکرد کە لەگەڵ بیروباوەڕەکانی خۆیدا دەگونجا. ئەو ئەندێشەیەی کلاوزەڤتز کە لەئەڵمانیادا ڕەواجی پەیدا کردو لەڕاستیدا لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا بەهۆی مۆڵتکەوە جیهانی گرتەوە، بەگشتی دەتوانرێ بوترێ بە نزیکی وەك بڵاوبونەوەی ئەندێشەی مارکس لەناو خەڵکی روسیا بەهۆی لنینەوە بوو. ئەم ئەندێشانە هەڵە نەبوون، بەڵام تەحریف کرابوون و ئێجگار کەموکورت بوون. ڕەنگدانەوەی کلاوزەڤتز لەنووسینەکانی مۆڵتکەدا بەرادەیەکە، کە بەرهەمەکانی ناوبراو دەگەیەنێتە لێواری دزینی (انتحال) ئەدەبی.

سەرکەوتن، بە بەکارهێنانی هێزی چەکدار، فاکتەرێکی چارەنووسسازە لەجەنگدا. چونکە ئەم سەرکەوتنە خۆی بەتەنهایی ئیرادەی دوژمن تێکدەشکێنێ و ناچاری دەکا خۆی بەدەستەوە بدا. ئەمەش بریتیی نییە لەداگیرکردنی زەوییەکی باریکی دوژمن، یان داگیرکردنی قەڵایەك، کە لەئەنجامی جەنگەکە بەدەستهاتووە، بەڵکو بریتییە لەتێشکاندنی هێزی دوژمن. ئەم تێکشکاندنە لەڕاستیدا ئامانجی بنەڕەتی ئۆپەراسیۆنەکان پێکدەهێنێ.

هەڵەیە ئەگەر وا بیر بکەینەوە کەسێك دەتوانێ نەخشەی جەنگ بکێشێ و لەسەرەتاوە تا کۆتایی، قۆناغ بەقۆناغ موتابەعەی بکا.

یەکەمین پێکدادان لەگەڵ دوژمنی سەرەکیدا دەبێتە مایەی ڕەخساندنی... هەلومەرجێکی بە تەواوی نوێ. بەووردی تێگەیشتن لەو گۆڕانانە، کە لەکاریگەری ڕووداوەکان لەسەر هەلومەرجی






سەربازییەوە سەرچاوە دەگرن، ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی پێویست لەکاتێکی بەرێژە کورتداو پراکتیزە کردنیان بەرێگای شیاو، هەموو ئەمانە بریتین لەو هەنگاوانەی کە سەرفەرماندەیی دەتوانێ ئەنجامیان بدا.

تیۆری ستراتیجی، بەدەگمەن پێ لەبنەما سەرەتاییەکانی عەقڵی تەندروست ئەولاتر دەنێ... بەهای ستراتیجی تا ڕادەیەکی زۆر لەبەکارهێنانی بابەتییانەیدا خۆی حەشارداوە، گرنگی کاری تاکە کەس لەجەنگدا، کەمترە لەچونێتی ئەنجامدانی.

عەزمی پتەوو پایەدار بۆ بەرەو پێشەوە بردنی ئامانجێکی سادە، دڵنیاترین ڕێگای گەیشتنە بە هەموو ئامانجێك.

ئەم ڕاو بۆچوونانە پاش ٢٠ ساڵ و لە ١٨٧٠دا، لەناو نەوەیەکی تەواوی نووسەرانی مەسەلە ستراتیجییەکانی ئەڵمانیادا، کە زۆربەیان لەستادی مۆڵتکەدا خزمەتیان دەکرد، ڕەواجی پەیدا کرد.

ڤێردی دوو ڤێرنۆ[٥١] یەکێك بوو لەبەرجەستە ترینیان و نووسیویەتی:

"هەوڵی گۆڕینی ستراتیجی بۆ سستمێکی زانستیی لەپێشدا دیاریکراو، ئاماژەیە بۆ تێنەگەیشتن لە سروشتەکەی. . . ووردبینی لەچەمك و

---

٥١ *Julius Von Verdy du Vernois (١٨٣٢ـ ١٩١٠) جەنەڕاڵ، نووسەری سەربازی و وەزیری جەنگی ئەڵمانیا- وەرگێڕ.+

مومارەسە لە بەجێهێنانی نەخشەیەکی دیارکراودا، باشترین ڕێنماییکارمانە لەتێپەڕاندنی کۆسپەکان".

ئاشکرایە ئەم سادەییە لەنەخشەو هێز لەجێبەجێکردندا، دەبوایە بە ئامادەگی سەرجەم ئاستە سەربازییەکان بۆچوونە ژێرباری لێپرسراوێتییەوە، تەواو بکرێ. ڤێردی دەڵێ:

"هەموو تاکێ پێویستە باوەڕێکی پتەوی هەبێ کە باشترە لەچوارچێوەی سنوری لێپرسراوێتی خۆیدا هەنگاوێ بنێ، نەك ئەمەی بەبێکاریو چاوەڕوانی وەرگرتنی فەرماندا دانیشێ".

ئەو شتەی ڤێردیو نەوەکەی سەرەنجام پێی گەیشتن، بریتی بوو لەمەی کە ((چۆنایەتی سەربازی زیاتر ریشەی لەسروشتدا هەیە تا زانست)) واتە هەمان کۆبەندی تەواوی کلاوزەڤتزو هەمان ئەو شتەی سەربازییە پرۆفیشناڵەکان لەو کاتەوە تا ئێستا بەدەنگی بەرز دووپاتیان کردوەتەوە. هەمان تیۆری کلاوزەڤتز بوو، کە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا سوپای ئەڵمانیای خستە ژێرکاریگەری خۆیەوە. فەرەنساییەکان کەمێ دواکەوتن لەدۆزینەوەی چاکەکانی راوێژکاری گەورەی دوژمنی خۆیاندا، بەڵام لەساڵی ١٩٠٠ لەفەرەنسا سوپایەك پێکهات کە بە ((عاشقی راستەقینەی))[٥٢] کلاوزەڤتز لەقەڵەم دەدرا. هەروەها چەند کەسانێکی تریش دەیانووت کلاوزەڤتز، بەو لێڵییە تایبەتە توتن ئاسایەی خۆی، هەمان ئەو شتە دەڵێ

[٥٢] Engouement





کە ناپلیۆن بە فەساحەتو هێزی ئیجگار زیاترەوە ووتویەتی. بەڵام بەتەواوی جەختکردن لەسەر ((هێزە مەعنەوییەکان)) هەم، لەگەڵ نەریتەکانی خودی سوپای فەرەنسا لەپێش شۆڕشو لەم دواییانە، لەسایەی ئەزموونە بە دەستهاتووەکانی جەنگە ئیستعمارییەکان، هاوتا بوو، هەم لەگەڵ فەلسەفەی تەکانی ژیانیی[٥٣] کە لەلایەن هێزی بیرگسنی فەیلەسوفەوە هێنری ببوە مۆدی رۆژ، هەماهەنگییەکی تەواوی هەبوو. بەناوبانگترین شاگردی کلاوزەڤتز لەفەرەنسا مارشاڵی ئاییندە فردیناند فۆش[٥٤] بوو، کە کتێبێکی بەناوی بنەماکانی جەنگ لەساڵی ١٩٠٣ بڵاوبوەوەو بابەتەکانی ئەم کتێبە لەڕاستیدا بەگشتی (نەك لەهەموو شوێنێکدا بە ئاشکرا) بریتی بوو لەتیۆرییەکانی کلاوزەڤتز. لەکتێبەکەی فۆش دا هاتووە:

تێکشکان لەڕاستیدا، ئەنجامی نکۆڵی لێنەکراوی دۆخی نائومێدی و ترسە، کە دەرەنجامی رۆحی دۆڕاوە بەهۆی بەکاربردنی هەردوو فاکتەری رۆحیو ماددییەوە لەیەك کاتدا لەلایەن لایەنی براوەوە. ئەمە دەستنیشانکردنێکی خراپ نەبوو، جگە لەوە پێشهاتەکانی ئەیلولی ساڵی ١٩١٤مۆری پشتگیری پێوەنا هەمان ئەو کاتەی جەنەراڵ ژوفر[٥٥]، سەرباری

[٥٣] elanvıtal .

[٥٤] Ferdinand foch (١٨٥١ ـ ١٩٢٩) مارشاڵی سوپای فەرەنسا . وەرگێڕ

[٥٥] Joseph Jacques Joffer (١٨٥٢ ـ ١٩٣١) ناسراو بە (بابا ژوفر) مارشاڵی سوپای فەرەنسا. وەرگێڕ



چوونە ژێر باری هەندێ شکست لەسەر سنوری فەڕەنسا، چونکە جەنگەکانی ساڵی ١٨٧٠ لەبەراورد لەگەڵ ئەوانە لێکچوی پێکدادانێکی بچووك بوو، خوێن ساردی خۆی پاراستو خۆی نەدۆڕاندو لەمارن دەستی بە دژە هێرش کرد، بەڵام جەنەڕاڵ گاملین[56]ـ ی جێگری نەیتوانی ئەم کارە لەساڵی ١٩٤٠دا ئەنجام بدا.

هۆی تێکشکانە بەراییەکانی ژوفر بریتی بوو لەپەلاماردانی هەڵنەسەنگێندراوو بەپەلە. هەروەها بۆ دەستپێکردنی ئەمجۆرە هێرشانە هەمان ئەو کارەی دووبارەکردەوە کە هەموو جەنەڕاڵێکی تر لەئەوروپادا کردبویان. ئەمانە چۆن قوتابییەکی کلاوزەڤتز بوون، کە لەساڵی ١٩١٤ ڕەچاوی تیۆرییە ئاشکراکەی ناوبراو، واتە بەرگری کردن جەنگێکی گرنگترە، نەکرد بەهایان بۆ تەعلیماتەکانیان دانەنا؟ تیۆرییەك کە بەهۆی پێشکەوتنی چەکی ئاگرینەوە لەسەردەمی مردنی کلاوزەڤتز بەدواوە، زیاتر بەهێزتر پتەو دەبوو؟ مۆڵتکە خۆی تەنانەت لەساڵانی ١٨٦٠ ئەم مەسەلەیەی بەجیددی گرتو کاری بۆ تەواوکردنی تیۆری ((ستراتیجی هێرش، بەرگری کردنی تەکتیکی)) کرد تا پیادە نیزامەکانی خۆی والێبکا بتوانن سوود لەتفەنگی تازەی تۆپڕی* خۆیان وەربگرن، پاش ٤٠ ساڵ،

[56] Gamelin (١٨٧٢ـ ١٩٥٨) مارشاڵی سوپای فەڕەنسا لەبەر لێنەهاتوویی دادگایی کراو ٢ ساڵ زیندانی کراـ و.

* تۆپڕ: واتە تاپڕ.







ئەوکاتەی کە نەك تەنها مەودای تفەنگەکان سێ هێندە زیادیان کرد، بەڵکو ووردبینیو قەوارەی ئاگری تفەنگیش بەسوود وەرگرتن لەتفەنگی ریز (رەشاش) پەرەی سەند، خۆشی لەلاپەڕەکانی تری لەبارەی جەنگەوە، چاوی بە بابەتێك کەوت، کە بۆ پاساو دان بە بۆچوونەکانی خۆی، ئەولەوییەت بە هێرشی سوود بەخش دەدا:

هێرش کردن، بەڵام هێرشکردنێکی چڕ، دەستە دەستە، رزگاربوون لەمەدایە. ئەگەر بەدورستی سوود لەنەفەرەکان وەربگیردرێ، دەتوانین بەیارمەتی پێشکەوتوتری ماددی خۆمان بەسەر ئاگری بێ بەزەیی دوژمندا سەرکەوین. بە هەبوونی تۆپی زیاتر، دەتوانین تۆپخانەی دوژمن کپ بکەین. دەربارەی تفەنگو سەرەنیزەش مەسەلەکە هەر بەو جۆرەیە، بەڵام ئەگەر بزانین چۆن سوود لە هەموویان وەربگرین.

بەپوختییەکەی، باشترین ستراتیجی سەرەتا بەشێوەیەکی رەهاو دواتر لەقۆناغێکی چارەنووسسازدا، خۆی لەهێزی ئەم ستراتیجییەدا حەشارداوە.

تەعلیماتەکانی کلاوزەڤتز دەربارەی ئەولەوییەتی بەرگری کردن لەپێش ساڵی ١٩١٤ لەلایەن ستراتیجیستەکانەوە، وەك بابەتێکی نەك هێندە خۆش تەماشا دەکراو داوای فەرامۆش کردنی یان بیانوی پاساوکراویان بۆ دەکرد. فۆن کامیەر، بیبلۆگراف نووسی کلاوزەڤتز لەساڵی ١٩١٥، لەوەسفکردنی بەرگری، لەگۆشەنیگای کلاوزەڤتزەوە نوسیویەتی: ((جەنگێکی بەهێزتر بە ئامانجی نێگەتیڤ)) کە ((کەمو زۆر دژایەتی کردنی ئەم عیبارەتە هەرگیز

لەبن نایا)). کۆلمار فۆن دیر گولتز[57] کە نزیکەی هەموو بەرهەمی نووسەرە ئەڵمانییەکانی لەبارەی ستراتیجییەوە خوێندبووەوە، لەکتێبە بەناوبانگەکەی خۆی بەناوی (ئامادەباشی میللی)، کە لەساڵی ١٨٨٣ بڵاوبووەوە، دەڵێ: ئەگەر کلاوزەڤتز تەمەنێکی بۆ دووبارە پێداچونەوەی بەرهەمەکانی هەبوایە، ئەوا بیروباوەڕەکانی خۆی لەمبارەیەوە دەگۆڕی، چونکە ئەم مەسەلەیە لەگەڵ تەعالیمەکانی لەبارەی نابودکردنی دوژمندا ناکۆکە. فۆن دیرگولتز نووسیویەتی: ئەو کەسەی لەهەڵکەوتی بەرگریدایە، جەنگ ناکا.(بەڵکو تەحەمولی جەنگ دەکا... خۆش بەحاڵی ئەو سەربازەی کە چارەنووس دەرفەتی بەشداریکردنی هێرشی پێ بەخشیوە!).

ستراتیجیستەکانی پێش ساڵی ١٩١٤ لەڕاستیدا بەشێوەیەکی ڕوو لەزیاد لەلایەن کلاوزەڤتزو تیۆرییەکەی ناپلیۆن لەبارەی جەنگی چارەنووسساز، بۆ سەرنگون کردنی دوژمن، هیپنۆتیزم کرابوون. هەمان جەنگی وێرانکارانە[58] کە کلاوزەڤتز ژمارەیەك لاپەڕەی زۆری بۆ نووسینەوەیان تەرخان کردبوو، کەواتە نەك تەنها تەعالیمەکانی کلاوزەڤتز دەربارەی ئەولەوییەتی بەرگری کردن، فەرامۆش کرا، بەڵکو تیۆری یان لەڕاستیدا دەستمایەی تیۆرییەکەی لەبارەی

---

[57] Colmar von der Goltz (١٨٤٣- ١٩١٦) مارشالی سوپای ئەڵمانیاو تورکیای عوسمانی ـە.

[58] Vernichtungsschlacht.





هەردوو جۆری جەنگیشەوە دووچاری هەمان چارەنووس بوون. لەساڵی ١٩٠٠ ئیعتبار بۆ ڕاگەیاندنی هەموو جۆرە ئەگەرێك کە جەنگ لەئەوروپادا بتوانێ شتێك جگە لەجەنگی سەرتاپاگیر بێ، نەبوو. فۆن دیرگولتز لە وەسفکردنی ڕای گشتیی هاوولاتیانی خۆیدا نووسیویەتی:

ئەگەر دوو زلهێزی ئەوروپایی ناکۆکی لەگەڵ یەکتر پەیدا بکەن، ئەوا هەموو هێزە سیستماتیکەکانیان یەکسەر ئامادەی بڕیاردان لەبارەی جەنگەوە دەبن. سەرجەم تێبینییە سیاسییەکانو نەوەی نائومێدی جەنگەکانی هاوپەیمانێتی بە نەزۆکی دەمێننەوە. . . تەواوی دەسەڵاتی ئەخلاقی ئامادەی جەنگ کردن دەبن لەپێناو ژیانو مردندا، تەواوی هۆشو لێهاتویی هەموو دەستەو کۆمەڵێ بۆ وێرانکردنی لایەنی بەرامبەر بەکاردەهێنرێ.

ئەم تیۆرییانە تایبەت بە ئەڵمانەکان نەبوو، ئەوکاتەی پرسیار لەفۆش دەکرا دەیووت:

"ئێوە لەئیستا بەدواوە پێویستە ئەو پەڕی هەوڵ بۆدۆزینەوەی ئامانجی جەنگ بدەن، چونکە لایەنی دۆڕاو ئەمەتا بەهیچ کلۆجێ، پێش بێبەری کردنی لەهەموو توانایەکی بەرپەرچدانەوە، سەری خۆ بەدەستەوەدان شۆڕ ناکا، ئەوەی پێویستە ئێوە هەوڵی ئەنجامدانی بدەن بریتییە لەنابودکردنی هەمان تواناکانی بەرپەرچدانەوە".



بەڵام ئەگەر جەنگ لەوە بەدواوە پێویستی بکردایە سەرتاپاگیربێ، ئەوا کام هەڵکەوت بۆ لێبڕاوێتی کلاوزەڤتز دەمایەوە کە دەیووت جەنگ ئامرازی سیاسەتەو سەرکردایەتی سەربازی دەبێ فەرمان لەسەرکردایەتی سیاسی خۆیان وەربگرن؟ ئەم لایەنەی تەعالیمەکانی کلاوزەڤتز بۆ هەموو کەسێ لەوە ئاشکراتر بوو کە رەچاو نەکرێ.. لەڕاستیدا پێویستە بووترێ کێبڕکێی نێوان مۆڵتکەو بیسمارك لەسەر هەڵبژاردنی ستراتیجی لەساڵی ١٨٧٠ نموونەیەکی ناسراوی ئەو مەسەلانە بوو کە پاشتر سەری هەڵدا. گۆلتز ئەمەی لەبەرچاو نەگرت، بەڵام رێگاچارەیەکی زیرەکانەی پەیدا کرد:

جەنگ هەمیشە لەخزمەتی سیاسەتدایە.. بەبێ سیاسەتێکی ژیرانە، سەرکەوتن مەحاڵە لەجەنگدا بەدەست بێت. لەبایەخی جەنگ بەهیچ کلۆجێ کەم نابێتەوە.. ئەگەر فەرماندەی گشتی هێزەکانو دەسەڵاتدارانی گەورە کۆك بن لەسەر: ((لەهەموو هەلومەرجێکدا، باشترین خزمەتکردنی جەنگ بۆ ئامانجە سیاسییەکان، بریتییە لەتێکشکاندنی تەواوی دوژمن)).

ئەو مەسەلەیە دەستو پێی دەسەڵاتدارانی دەبەستەوە. باش ٣٠ ساڵ جین کۆڵن Jean colin ی مێژوونووسی سەربازی فەڕەنسا، کە کتێبەکەی بەناوی (گۆڕانەکانی جەنگ) لەساڵی ١٩١١ چاپکرا، لەوبەری راین






گوتارێکی هاوشێوەی دەچڕی:

لەسۆنگەی هەلومەرجی هاوبەشی جەنگە نوێیەکانەوە، چیتر ئەگەری دوورە پەرێزی لەبڕیاری زێدەڕۆیی بەهۆی جەنگەوە نییە. دوو سوپا تەواوی مەیدانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان داگیر دەکەنو بەرەو رووی یەکتر دەجولێنو هیچ مەسەلەیەك جگە لەبەدەستهێنانی سەرکەوتن لەئارادا نییەو لەم سۆنگەیەوە ئەو رێنماییانەی پێویستە حکومەت لەبارەی ئامانجی سیاسیی جەنگەوە بەجەنەڕاڵی رابگەیەنێ، لەکاروباری ئیجگار کەم بایەخدا قەتیس دەبێ. ئەو کاتەی بڕیار بۆ فراوانکردنی جەنگ دەدرێ، ئێجگار پێویستە دەستی جەنەڕاڵەکە بۆ رێنمایی کردنی جەنگ، بەو جۆرەی خۆی بەچاکی دەزانێ، بەکراوەیی بهێڵرێتەوە، تاکو ئەگەر لەبەجێهێنانی بڕیارەکەیدا سستیو نالێهاتویی کەمی نواند، هەست بە ناڕەحەتی لەو فەرمانەی دەریکردووە نەکا.

سەرجەم ئەم پێشبینییانە دروست دەرچوون. لەڕاستیدا هەلومەرجی ماددیو کۆمەڵایەتی ئەوروپا، لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، بووە مایەی چەکدار بوونی ژمارەیەك وڵاتی ئەوتۆ، کە لەڕاستیدا جەنگ کردن بەرەوشی ((شەڕی سنوردار)) بەلایانەوە مەحاڵ بوو. تەنانەت ئەگەر جموجوڵی ئەم سوپایانە سازگار بووایە لەگەڵ ئاوازی ((جۆشو خرۆشی نەتەوەکان))، کە کلاوزەڤتز بۆستایش کردنی فردریکی گەورە دەیوتەوە، یان لەگەڵ توخمی سێهەم، لە ((سێ ئیستسناییەکە))ی ناوبراودا سازگار بووایە، کەچی دیسانەوە ئەنجامدانی مەحاڵ بوو. پەرەسەندنی تیۆرییەکانی دیموکراسی،

لەبری کەمکردنەوەی شەڕەنگێزی نەتەوەکان، لەجاران زیاتر ئەم شەڕەنگێزییەی زیاد کرد. بە ووتەی کلاوزەڤتز زیادبوونی سەرجەم ئەو جەنگانەی ولاتان بەرپایان دەکرد، زیاتر لێکچوویی ئەم جەنگانەی لەگەڵ تیۆرییەکی ناوبراو لەبارەی ((جەنگی تەواو))ەوە نیشان دەدا. رەخنەگرانی کلاوزەڤتز، لەوانە لیدل هارت کە پاشتر بەهۆی کاریگەری ناوبراو لەسەر ئەو ڕەوشە وێرانکارانەی یەکەمین جەنگی جیهانو بەتایبەتی بەرەی رۆژئاوا، کە بەپێی ئەوە سەرکردایەتی کرا، بە کەمتەرخەمیان دادەنا. نەبوونی وردبینی لەستراتیجیی کاراو بڕیاری سەر سەختانەی فەرماندە سەربازییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، بەهەر نرخێکی شیاو، وای دەکرد ئەم فەرماندانە بەخۆشحاڵییەوە زیانی قورس قبوڵ بکەنو ئەمەیان نەك بەنیشانەیەکی نالێهاتوویی سەربازی بەڵکو لەهێزێکی مەعنەوییەوە سەرچاوەی گرتبێ لەقەڵەم دەدا. لایەنگرانی کلاوزەڤتز دەیانتوانی لەسۆنگەی ئەو مەسەلانەوە، کە پێدەچوون بایەخی خۆیان لەدەست دەدەن، لەوەڵامدا بڵێن کە جەنگ تەنها بەهۆی ئەمجۆرە ((ئەزموونی مەعنەویو هێزە ماددییەکان، لەگەڵ پەنابردن بۆ دۆخی دوایی)) ئاشتبونەوەی لێدەکەوێتەوەو هیچ ئاستێکی لێهاتویی سەربازی ناتوانێ بە هەرزان ئامانجی سیاسیی وەك لەپاراستن یان نابود بوونی ئیمپراتۆری هایسبورگ، پەرەپێدان یان رێگرتن لەپێشەوایی کردنی ئەڵمانیا لەئەوروپا، پاراستنی پێشکەوتوتری هێزی دەریایی بەریتانیاو یەکپارچەیی خاکی فەڕەنسا، بەدەست بێنێ. بەڵام خودی کلاوزەڤتز دەتوانێ هەندێ بۆچوونمان بیربخاتەوە





کە تیایاندا سەرکردایەتی جەنگی بە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی جەنگەوە گرێ داوەو دەڵێ:

"هەموو سەردەمێك جۆری جەنگ، هەلومەجی تایبەتو پێشداوەری کردنی تایبەتی خۆی هەبووە.. لەم سۆنگەیەوە لەبەر رۆشنایی تایبەتمەندییەکانی هەموو سەردەمێك دەبێ قەزاوەت لەسەر پێشهاتەکانی ئەو سەردەمە بکرێ سەرەنجام تا ئەو کاتەی کەسێك خۆی نەخاتە ناو هەلومەرجی زەمەنیی فەرماندەکانی پێشوەوە، ئەگەری تێگەیشتنی ئەو فەرماندانە نییە".(٥٩٣)

سەرکردایەتی جەنگی یەکەمی جیهان بەو جۆرەی بینیمان، لەبەر ئەمە نەبوو کە بەرێکەوت لێپرساوە گەورە سەربازییەکان بەرهەمەکانی کلاوزەڤتز - یان خوێندبێتەوە، بەڵکو لەژێر کاریگەری ستراکتۆری کۆمەڵایەتیو سیاسیی زەمەنی خۆیدا بووە. ئاشکرایە کە رەخنە گرتنی ژیرانە لەرێنماییەکانی کلاوزەڤتز لەبارەی سەرکردایەتی کردنی جەنگ، بەهەمان شێوە کە لەلایەن مولتکەو شاگردەکانیەوە لێکدرایەوە، ئازادە، ئەگەرچی شیکارە وەسفییەکانی ناتوانرێ لەسەر هەڵە بنیاتنرا بێ.

بێ گومان هەمان ئەم لایەنی تەعلیماتەکانی کلاوزەڤتز کاریگەرییەکی زۆر لەسەر مارکسو ئەنجلس داناو هەروەها لینینو تروتسکیش بەش بەحاڵی خۆیان لێی کاریگەر بوون. جەنگ ئامرازێکی سیاسی بووەو سیاسەت بەرهەمێکی ڕاستەقینەی



فاکتەرە بنەڕەتییە کۆمەڵایەتییەکانە کە لەڕووی ناچارییەوە دەبوایە پێش باسکردنی هەموو تیۆرییەکی موعتەبەری سەربازی بە ووردی سەرنجی بدرێ. ڕێبازی مارکسیزم - لینینزم - جاران و ئێستاش - باوەڕی وابوو کە ناسینێکی زانستییانەی بۆ ئەم فاکتەرە ((بابەتی))یانە ئەفراندووە. ئاماژەی یەك لەدوای یەك و بەهەڵەدا چوو بۆ کلاوزەڤتز، کە سەرباری پێشینەی بۆرژوا- سوپا سالارییەکانی، لەنووسینەکانی لینیندا دەبینرێ، کە ببوە مایەی پەسەندیی ناوبراو بۆ ڕێبازی مارکیزم - لینینیزم. شتێکی زیاتر لەڕێزی ئەکیوناس[59] بۆ ئەرستۆ کە بوو بەهۆی پەسەندکردنی ئەو فەیلەسوفە لەلایەن کەنیسەی سەدەکانی ناوەڕاستەوە. ئەو سوپا نوێیەی پاش شۆڕش لەلایەن یەکێتیی سۆڤێتەوە بنیاتنرایەوەو جەنگی ناوخۆیی و سوود لەتیۆرییەکەی کلاوزەڤتز دەربارەی پەیوەندی نێوان جەنگ و سیاسەت، وەك بناغەی ئەندێشەی سەربازی وەرگیرا. ئێستا ژمارەی کتێبە دەرسییە سەربازییە چاپ کراوەکان، کە لایەنی کەم ئاماژەیەکی سەرپێیی بۆ کلاوزەڤتز نەکردبێ، کەمن. هەرچۆنێ بێ

[59] St Thomas Aquinas ناسراو بە ((حەکیمی ئاسمانی))و ((گای لاڵ)) ئەکوینای لەکتێبە ناتەواوەکەیدا بەناوی Summa theologiae (١٢٦٦- ١٢٧٣) یان دەروازەی ئیلاهیات، هەوڵی گونجاندنی فەلسەفەی ئەرستۆی لەگەڵ بیروباوەڕی مەسیحیداو سەرئەنجام لەلایەن کەنیسەوە پشگیری لێکرا- وەرگێر.






لەڕۆژئاوا، پاش ساڵی ١٩١٨ ئەم لایەنەی تەعلیماتەکانی کلاوزەڤتز، بەهەمان ئەو ئەندازەیەی کە تیۆرییە ستراتیجییەکەی بە کارەساتبار لەقەڵەم دەدرێ، بە شەیتانی دادەنرێ. بەلای لیبراڵە ئینگلیزو ئەمەریکییەکانەوە بە بەردەوامی ووتە وەرگرتن، یان بەهەڵە هێنانەوەی رستەی کورتی ((جەنگ درێژەپێدانی سیاسەتە بەلام بە هۆکارێکی تر)) نەك وەك خواستێکی جیدی لەشیکاری سیاسیدا، بەڵکو وەك بەڵگەیەکی تەکان بەخشی بەدبینی سەربازی دادەنرا.

تیۆرییە ستراتیجیەکەی کلاوزەڤتز بەتایبەتی لەلایەن بیریارە ئینگلیزەکانەوە بەتوندی مەحکوم کرا، چونکە ئەمان بیریان بۆ ئەمە دەچوو کە لەبری بە ڕێخستنی حەمامی خوێن، کە بەرواڵەت تیۆری دارێژە ئەوروپییەکان لەژێر کاریگەری تەعلیماتەکانی کلاوزەڤتزدا بانگەشەیان بۆ دەکرد، رەوشی مرۆیی و کاریگەرتریان بۆ سەرکردایەتی کردنی جەنگ دۆزیبیەوە.

تەنانەت پێش ساڵی ١٩١٤ نەبوونی هیچ جۆرە تێڕوانینێك بۆ جەنگی دەریایی، یان ئابووری لەبەرهەمەکانی کلاوزەڤتز لەبەریتانیادا خرابووە بەر ڕەخنە. بەڵام هەرچۆنێ بێ بەریتانیا کەمێ پاش دەسپێکردنی سەدە، لەگەڵ زیادبوونی ئەگەری جەنگ لەدژی ئەڵمانیا، بۆ یەکەمین جار پاش ساڵی ١٨١٥، کاری بۆ تەیارکردنی رۆحی و ماددی سوپای خۆی کرد لەپێناو بەشداریکردن لەجەنگێکی فراوان لەئەوروپادا. بەلێکۆڵینەوەی



بەرهەمە گرنگەکانی هەردوو وڵاتی فەڕەنساو ئەڵمانیا دەربارەی جەنگی ئەوروپا، وای کرد تا نووسەرە سەربازییەکانی بەریتانیا وەك سپنسەر ویکنسۆن Spenser Wikinson وف. ن ماد F. N. Maude یەکڕاست بکەونە سۆراغی کلاوزەڤتز. ((لەبارەی جەنگ)) بۆ یەکەمین جار ساڵی ۱۸۷۳ وەرگێڕدراو ساڵی ۱۹۰۸ لەگەڵ پاشکۆ جیاجیاکانی چاپکرا. لەساڵی ۱۹۱٤ سەرکردایەتی سەربازی بەریتانیا لەسۆنگەی باوەڕبوون بە پێشکەوتووتری هێزی مەعنەوی، پێویستیی دۆزینەوەی چەقی قورسایی سوپای دوژمنو تێکشکاندنی ئەم چەقە لەجەنگێکی چارەنووسسازو بەهەر بەهایەك، بەهیچ کلۆجێ لەهاوچەرخە ئەوروپییەکانیان کەمتر نەبوون. ئەمانیش وەك هاوچەرخە ئەوروپییەکانیان باوەڕیان وابوو کە جەنگ سەرەڕای خوێناوی بوون، زۆر درێژە ناکێشێو ئەو کاتەی پێشهات هەڵەکانیانی سەلماند، غەمو مەراقی خۆیان لەرکەبەرایەتی قووڵو ترسناکدا خەرج کرد کە سەرئەنجام ئەو بڕیارە بوێرانەی لێ کەوتەوە کە کلاوزەڤتز بۆ فەرماندەکانی خۆی دەریکردبوو:

گوێ بەدەنگی هاواری ئەو کەسانە مەدەن کە دەڵێن ڕێگای سەرکەوتن دەردە سەر کەمتری هەیەو بیر لەمە بکەنەوە کە لەوانەیە ((لەپێناو سرەواندنی گورزی ناڕاستەوخۆو وێرانکەر لەدوژمن، پێویست بکا سوود لەرەوشێکی داهێنەرانەی تایبەت، وەربگری کە زیانی راستەوخۆی جوزئی بەهێزی دوژمن بگەیەنرێ)). (۲۲۸)







ئەمە هەمان ئەو بانگەشەیە بوو کەچ لەو کاتەداو چ پاش ئەوە لەلایەن رەخنەگرانی ستراتیجی بەریتانیاوە لەبەرەی رۆژئاوادا خرایە روو. پێش ساڵی ۱۹۱٤ جۆلیان کۆربیت Julian Corbett ی مێژووناس لەدەریاوانیدا ووتبووی بەریتانیا لە ماوەی چەندین سەدەدا پێکهاتەی ((ستراتیجیی دەریایی)) پتەوکردوە بەتەواوی جیاوازی لەگەڵ ستراتیجییە ئەوروپییەکەی کلاوزەڤتزدا هەیەو بریتییە لە سوود وەرگرتنی دوانە لەهێزی دەریایی هەم بۆ گوشاری راستەوخۆی ئابوری خستنەسەر دوژمنی ئەوروپاییو هەم بۆ سنوردارکردنی دەستتێوەردانە سەربازییەکان لەئەوروپادا، بە جۆرێ کە ولینگتن لەماوەی جەنگەکانی ناپلیۆن لەنیمچە دوورگەدا[٦٠] ئەنجامی دابوو، لەڕاستیدا ئەنجامەکەی دەیتوانی هاورێژە نەبێ لەگەڵ ڕەهەندەکانیدا. ئەمە هەمان ئەو ستراتیجییە بوو کە لێپرسراوانی هێزی دەریایی بەریتانیا، لەپێش جەنگ، لایەنگری بوونو وەك دژە ستراتیجیی مایەی پەسەندی سوپا، واتە دەستتێوەردانی یەکسەریو بەربڵاو لەئەوروپادا دەیانخستە روو. رەزامەندی لەسەر ئەم گەڵاڵەیەی ئەمان نەکرا، بەڵام ئەو کاتەی لەکۆتایی ساڵی ۱۹۱٤دا شەڕەکانی رۆژئاوا بە بنبەست گەیشتن، ستراتیجی هێزی

---

[٦٠] مەبەست نیمچە دورگەی ئیبرییە کە ببووە مەیدانی پێنجەمین قۆناغی جەنگەکانی ناپلیۆن کە لەساڵی ۱۸۰۸ تا ۱۸۱٤ی خایاند. لەم جەنگانەدا هێزەکانی بەریتانیا، پورتوگالو ئیسپانیا بەوپەڕی سەرکەوتووییەوە دژی ناپلیۆن وەستانو لینگتن توانی نازناوی ((دوك)) بەدەست بهێنێ ـوەرگێر.

دەریایی زیندوکرایەوەو لەجەنگی دەردەنیل[61]دا سوودی لێوەرگیرا. ئەوانەی ئەم جەنگەیان لێکداوەتەوە. دەڵێن:

"رەوشێکی داهێنەرانەی تایبەت بۆ زیان گەیاندنی ڕاستەوخۆی جوزئی بەهێزی دوژمن (تا ئەوەی کە) گورزێکی مەزنی ناڕاستەوخۆی وێرانکەر بسرەوێندرێ".

بەهۆی تێکشکاندنی تاکتیکییانە[62] لەدەردەنیل، مەحاڵ بوو قەزاوەت بکرێ لەبارەی ئەمەی ئایا ستراتیجی ((ناراستەوخۆ)) کە جێ مەبەست بوو، ئەنجامی دڵخواستی لێ کەوتەوە یان نا. لەهەموو پێشهاتەکاندا، خەرجی سەپێنراو بەهۆی گەڕانەوە بۆ ستراتیجی ((قارەیی)) بۆ پاشماوەی جەنگەکە کاریگەرییەکی گشتی هەیە کە بەتێپەڕبوونی چەندین ساڵ کاریگەر دەبێ. ئەمە هەمان ڕێگای بەدەستهێنانی سەرکەوتنی مرۆیی ترو ئابوری تر بوو کە لەسایەی تەعلیماتەکانی لیدل هارتەوە بەرجەستە ببوو، هەروەك کتێبەکانی بەناوی (ستراتیجی بەر خودی ناڕاستەوخۆ)و (ڕەوشی بەریتانیا

[61] مەبەست جەنگی ساڵی ١٩١٥ی نێوان هاوپەیمانان‌و ئیمپراتۆری عوسمانییە لەسەر بەکراوەیی هێشتنەوەی تەنگەکە بۆ هاتوچۆی کەشتییە بازرگانییەکان ـ وەرگێڕ.

[62] هاوپەیمانان لەجەنگی گالیبولیدا نەیانتوانی دەردەنیل داگیر بکەن‌و تەنها پاش روخاندنی ئیمپراتۆری عوسمانی‌و داگیرکردنی قوستەنتینە (١٩١٨) توانییان بەسەر دەردەنیلدا زاڵ بن‌و بەگوێرەی پەیمانی ((سیڤرە))ی ساڵی ١٩٢٠ ئەم تەنگەیان وەك تەنگەیەکی نێو دەوڵەتی راگەیاند. ـ وەرگێڕ.





لەجەنگدا) لەلایەن خوێنەرانەوە پێشوازییان لێکراو کاریگەرییەکی زۆری لەرێکخستنی سیاسەتی بەریتانیای ساڵانی ١٩٣٠دا هەبوو. بەم پێیە لەکاتێکدا کلاوزەڤتز لەیەکێتیی سۆڤێتدا تا پلەی خودای ستراتیجی بەرزبووەوەو لەئەڵمانیادا هێشتا بە کەسایەتییەکی ئیجگار هێژا لەقەڵەم دەدرا (لەڕاستیدا لەسەردەمی نازییەکاندا بەنزیکی وەك بتێك تەماشادەکرا) کەچی لەبەریتانیادا تەعلیماتەکانی درابووە دەستی فەرامۆشی‌و تەنها لەم دواییانەدا نەبێ کە جارێکی تر هاتەوە مەیدان.

تازەگەرییە گرنگە ستراتیجییەکانی ساڵانی نێوان هەردوو جەنگ، بریتی بوو لەپێشکەوتنی هێزی ئاسمانی. ئەو تیۆری دارێژەرانەی سوور بوون لەسەر پەرەپێدان‌و تەواوکردنی، پشتیان بە ووتەکانی کلاوزەڤتز دەبەست، بەڵام تەنها ژمارەیەکیان ناوی ناوبراویان دەبرد. ئەم تیۆری دارێژەرانە توێژینەوەکانی خۆیان بە چەمکی ((چەقی قورسایی))یەکەی کلاوزەڤتز دەستپێکردو دەیانووت: ئەزموونی جەنگی یەکەمی جیهان دەریخست کە نابێ چیتر لەسوپای دوژمندا بۆ چەقی قورسایی بگەڕێی. فاکتەری ژیانی، ئەمەتا لەرۆحییەتی دانیشتوانی شاردا خۆی حەشارداوە. تێکشکاندنی بەرەی ناوخۆ بوو وایکرد سەرەتا روسیاو پاشان هێزەکانی تەوەر (میحوەر) هەڵوەشێنەوە، نەك تێکشکانی چەکدارانەیان. جگە لەوە ئەمڕۆ هێزی ئاسمانی بواری هێرشی راستەوخۆ کردنە سەری ئەم چەقە قورساییەی رەخساندوە.





ئەنجامی ناکۆکییەکە ئەمە بوو کە ((ناوەندی هەموو هێزو جموجۆڵەکان، کە هەمووشتێ بەمانەوە بەندە. کە.. هەموو توانایەکمان دەبێ بۆ ئەوە تەرخان بکەین)).(٥٩٦)

سەرپێچی کردنی سەربازییە بە تەمەنترەکان لەملدان بۆ ئەم بانگەشانەو گفتوگۆ تایبەتەکانی بەم بوارە، پرۆسەی بڕیاردانی بێ وێنە زیاد سەخت کرد، کە بەدرێژایی ماوەی جەنگی دووەمی جیهان لەلایەن هاوپەیمانانەوە رەچاو دەکرا، ئەمەش ناکۆکییەك بوو کە لەهەموو روویەکەوە دەچووەوە سەرشیکارەکەی کلاوزەڤتز. لەهەردوو لا، جگە لەژاپۆن، بڕیارە ستراتیجییەکان بە تەواوی لەژێر کۆنترۆڵی سیاسیدا بوون، کلاوزەڤتز دەبوایە پشتگیری لەهەوڵەکانی هیتلەر، لەسالانی سەرەتادا، بۆ سوود وەرگرتن لەسوپاکەی وەك ئامرازێکی سیاسەتەکانی بکا، بەڵام پێویستە ئەم خاڵەش بووترێ کە تاچ ئەندازەیەك سروشتی دیاری نەکراوی ئامانجەکانیو بە دوور لەتواناکانی، جەنگی گۆڕیوەتە جۆرە تەواوەکەی. کلاوزەڤتز لەوانەیە پشتگیری گرنگی رای گشتی لەکۆبەندی ستراتیجی هاوپەیمانانندا بکردایەو لەوانەبوو بلێ کە چۆن هێزەکەی لەساتەوەختی راپەڕینی کتوپڕدا، بە کردەوە سیاسەتی ((خۆ بەدەستەوەدانی بێ مەرج)) دەکاتە شتێکی حەتمیو هەموو جۆرە پێداچوونەوەیەکی سیاسەتی خۆرئاوا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بەرامبەر بە یەکێتیی سۆڤیەت بە درێژایی سالانی دوایی جەنگ چەند پڕگیروگرفت دەبێ. حکومەتە دیموکراتەکان دەسەڵاتی رێبەری کردنی مۆسیقایەکی سازگاری تایبەت بە سەردەمی فردریکی گەورەیان







نەبوو. کلاوزەڤتز لەوانەبوو بە پەرۆشەوە ئەو مەسەلانە رابگەیەنێ کەهاوپەیمانان بۆ دیاریکردنی ((چەقی قورسایی))ی دوژمن روو بەرووی دەبونەوە. هەروەها دەرئەنجامی بڕیاری سەرفەرماندەیی بالای ئەمریکا لەسالی ١٩٤١ کە لەجیاتی روو بەڕووبوونەوەی دوژمنی سەرسەختی خۆی واتە ژاپۆن رووبەرووی دوژمنە بەهێزترەکەی، واتە ئەڵمانیا بووەوە. لەهەمووی گرنگتر کلاوزەڤتز بە نەمری دەمایەوە ئەگەر بەڵگەی زۆری بۆ هەڵێنجانەکانی خۆی لەبارەی بەرژەوەندی بە هێزتر بوون (سەرەتا لەهەر جێگایەكو پاشان لەساتە چارەنووسسازەکاندا) بدۆزیبایەوە. دواجار لەسایەی پەنابردن بۆ پێشکەوتوتری هێزی سەرکوتکەرەوە، سەرکەوتن لەجەنگدا دەهاتە دی.

دەرکەوتنی چەکی ئەتۆم بەپلەی یەکەم گۆڕانێکی بنەڕەتی لەئەندێشەی ستراتیجیدا دروست نەکردو بە درێژایی دووەمین جەنگی جیهان مشتومڕی نێوان لایەنگرانی هێزی ئاسمانیو زۆربەی ستراتیجیستە کلاسیکەکان بەسوود وەرگرتن لەهێزی زەمینی بۆ داگیرکردنی ناوچەیی، کە هێرشی ئاسمانی لەدژی ئەڵمانیاو ژاپۆن تیایدا بلوێ، یەکلایی کرایەوەو لەسایەی ئەمجۆرە تێکهەڵکێش کردنی هێزەوە، سەرەنجام نەك تەنها ئامانج، بەڵکو توانایی خودی ئەم هێزانە بۆ بەرخۆدانیش تێکشکێندرا.

ئامادەگی هەردوو هێزی دەریاییو زەمینی بۆ هێنانەدی ئۆپەراسیۆنەکانی هێزی ئاسمانی کارێکی پێویست بوو، هەروەها لەچەند

ساڵی یەکەمی چاخی ئەتۆمدا هەر وابوو. چەکی ئەتۆمی ئەمریکا دەیتوانی بۆمب هاوێژەکانو خزمەتگوزارە دیاریکراوەکانیان رزگار بکەن کە لەبنکەکانیانەوە، بەتایبەتی لەئەوروپای رۆژئاواوە، دەبوایە بەر لەهێرشی زەمینی یەکێتیی سۆڤیەت بگرن. تەنها پەرەسەندنی چەکی ئەتۆمو هێزی بەنزیکی پێشبینی نەکراوی ئەم چەکانە لەوێرانکردنی بەربڵاوو پاشان موشەکی بالیستیکی کیشوەر بڕ بوون، کە مۆرکێکی بەتەواوی تازەیان بەرێبەری کردنی جەنگ بەخشی، تا بەبێ ملدان بۆ یەکەمین تێکشکانی هێزی سەربازی خۆ، هەموو مەرامێکی بەرگری کردنی دوژمن بە یەکجاری نابود بکرێ.

ئەمە مانای وابوو جەنگی تەواو بەپێی پێناسەکەی کلاوزەڤتز چیتر ئامانجێکی ئەفلاتونی نییە، بەڵکو پێشهاتێکی فیزیکییەو ئەمەتا جەنگ دەتوانێ «لەگورز سراواندنێکی کتوپڕ»دا پوخت بکرێتەوە، کلاوزەڤتز لەچەند گوزارشتێکی پێغەمبەر ئاسادا دەڵێ:

**"ئەگەر جەنگ لەبڕیارێکی لێبڕاو یان کۆمەڵە بڕیارێکی لێک نزیکەوە سەرچاوەی گرتبێ، ئەوا پێویستە ڕێ خۆشکردنەکان ڕەوتێکی گشتییان هەبێ، چونکە هیچ هەڵەیەک هەرگیز شایانی راستکردنەوە نابێ. تەنها بنەمایەک کە لەجیهانی واقعدا بۆ ڕێ خۆشکردن بتوانرێ بەدەست بهێنرێ، بریتییە لەپەی بردن بە هەنگاوەکانی دوژمن وەک لە رادەی دەستنیشان کردنەکە،**





**ئەوانی تر لەوانەیە جارێکی تر دابەزن بۆ ئاستی لێکدانەوەیەکی ڕووت".** (٧٩).

ئەمە وەسفکردنێکی غەمەنگێزو ووردی ستراتیجی ئەتۆمی بوو لەسەردەمی هاوچەرخداو کلاوزەڤتز باوەڕی وابوو ئەمجۆرە هەلومەرجە هەرگیز دروست نابێ، چونکە «خودی سروشتیی سەرچاوەکان (ئەوانەی بۆ جەنگ کردن لەئارادان) و ئامرازی کارکردن لەسەر ئەم سەرچاوانە، لەکۆدا ناتوانن لەیەك کاتدا دەستەبەر بکرێن. ئەم سەرچاوانە لەراستیدا هێزی جەنگ کردنن، واتە وڵات بەو تایبەتمەندێتییە سروشتیو دانیشتوانییەی خۆیو هاوپەیمانەکانی هەیانە». هەلومەرجی ئاڵۆزی ئەم بەشەی سەرچاوەکان، وای کرد جەنگ ببێتە کارێکی هێندە درێژخایەنو پێشبینی نەکراوو تا رادەیەك دەبووە مایەی ململانێو ناسەقامگیری، بەجۆرێ نەیدەهێشت سەرجەم هەوڵەکان پلەی لێبڕاوێتی وەربگرن.

ئێستا سەرجەم ئەو لەمپەرە ناوخۆییانەی تایبەت بە «جەنگی سەرتاپاگیر» نەماونو بۆ یەکەمین جار ئەگەری بە تەواوی بەرجەستە بوونی بە کردەوە ڕەخساوە. بەڵام نەك بەو شێوەیەی کلاوزەڤتز دەیوت کە لەسایەی جۆشو خرۆشی جەماوەری ئازادەوە (هەرچەندە هەر ئەمە بوو کە دوو جەنگی جیهانی بۆ «جەنگی سەرتاپاگیر» گۆڕی)، بەڵکو بەهۆی فاکتەرێکەوە کە نە ئەوو نەهیچ بیریارێکی جیددی تری سەردەمی ناوبراو هەرگیز پەییان پێ نەبرد: واتە تەکنۆلۆجیا. وەك چۆن لەرۆژگاری کلاوزەڤتز، لەسەر بنەمای گرفتەکانی جیهانی واقع، هەوڵی مرۆیی بۆ

تێپەڕبوون بە ئاسۆی سنوردارییەکان کارێکی پێویست بوو، لەسەردەمی ئێمەشدا، بۆ سەپاندنی ئەمجۆرە سنورە، پێویست بەو هەوڵە هەیە.

خودی کلاوزەڤتز بەو شێوەیەی پاشتر دەبینین، دەربارەی جەنگی سەرتاپاگیر ئاماژەی بۆ دوو گرفت کردبوو، یەکەم میکانیزمی بڕێك (ستۆپ) کە بەهۆی ناکۆکی ناوخۆیی‌و ئەوی تریان دەرەکی، کە بەهۆی مەرامی سیاسییەوە دەسەپێندرێ (هەردووکیان بریتی بوون لەو هەلومەرج‌و بارودۆخە سیاسییەی پەیوەندییان بە دەستپێکردنی جەنگەوە نەبوو، لەگەڵ ئەو هەلومەرجە سیاسییەی کە بریار بوو، سەرەتاکانی هێنانەدی ئەم هەلومەرجە بڕەخسێندرێ. کەواتە بەهەمان شێوە کە ئامۆژگارییەکەی کلاوزەڤتز دەربارەی جۆری جەنگەکان بەجێ‌و سوودبەخش بوو، لەبارەی جۆرە ئەتۆمییەکەیشەوە دەکرێ بەمجۆرە بێ:

**هیچ کەس، یان لەراستیدا هیچ کەس بە عەقڵێکی تەندروستەوە جەنگێک هەڵناگیرسێنێ، مەگەر پێشتر بۆی روون بووبێتەوە کە بەم جەنگە دەستی بەچی دەگاو چۆن دەتوانێ کۆنترۆڵ‌و سەرکردایەتی بکا.** (٥٧٩)

مەسەلەی مەرامی سیاسی‌و ئامانجی جەنگ لەبەراورد لەگەڵ رۆژگاری کلاوزەڤتز، گرنگییەکی زیاتری پەیداکردووە، چونکە لەکاتێکدا کلاوزەڤتز ئامانجی سیاسی بەدەست بالای شتێك لەقەڵەم دەدا، کە بتوانێ فەرماندەیی کردنی مەسەلەی زاڵبون بەسەر ئەو لەمپەرانەی لەئەنجامی سستی مرۆییەوە، لەجەنگێکی ئاسایی‌و سنورداردا دروست دەبن، لەئەستۆ





بگرێ، بەڵام لەسەردەمی ئەتۆمدا، ئامانجی سیاسی، بەهۆی دیاری کردنی سنوری کارێك کە هێزی وێرانکاری تایبەت بەخودی ئەم کارە، بەجۆرێ هەرگیز ختورەی بەمێشکی کلاوزەڤتزدا نەدەکردو بە خێرایی دەگاتە ئەو پەڕی پلەی خۆی، بەنهێنی دەهێڵرێتەوە.

ئەمەیە دەستمایەی تیۆری بەرپەرچدانەوەی ئەتۆمی، کە بناغەکەی لەسەر ئەم گریمانە دانراوە، هیچ ئامانجێکی سیاسی ئەوەندە پۆزەتیڤ نییە تا لایەنێك بتوانێ لەبەرامبەریدا نابودی نیشتیمانەکەی خۆی بەهۆی هێزی ئەتۆمی لایەنی بەرامبەرەوە ببینێ.

(لەڕاستیدا ژمارەیەك تیۆری داڕێژەی ئەمریکایی لەسۆنگەی فراوانخوازییەکانی یەکێتیی سۆڤیەتەوە، ئەم جۆرە گریمانەیان بە پووچ دادەنا. بێگومان لەبەر چەند هۆیەك کەمن بە قەناعەتکەریان نازانم).

سەرەنجام، بەدەستهێنانی سەرکەوتن، بە ووتەی کلاوزەڤتز بە «بەهایەکی گران‌و غەیر قابیلی قبوڵ» (٩١) دێتە دی. هەروەها لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ چەمکی پەیوەست بەو بەرپەرچدانەوە ئەتۆمییە بکرێ کە کلاوزەڤتز دەربارەی پێکدادانە بێ جەنگەکان باسی کردوەو بایەخی کاریگەرییەکانیانی بەهاوتای پێکدادانە ئەنجام دراوەکان لەقەڵەم داوە. بەرپەرچدانەوەی ئەتۆمی تا رادەیەك بەگشتی لە لێکدانەوەکاندا، هەمان کاریگەری پێکدادانی بێ جەنگی هەیەو لەم سۆنگەیەوە کاری فاکتەری بەرپەرچدانەوە لەلایەن یەکێ لەدوژمنانەوە، دەبێتە هۆی دروستکردنی سنوردارێتیەکی توند لەئامانجە سیاسییەکانی دوژمنی بەرامبەردا، کە بە



ڕواڵەت لەسایەی ئامرازی سەربازیدا، هەوڵی بەدەستهێنانی دەدا، بەهەمان شێوەش دەربارەی ئامرازێك کە بە ڕواڵەت بڕیار بووە بۆ بەدەستهێنانیان بەکار بهێنرێ.

جگە لەوە ئەندێشەی کلاوزەڤتز لەسەرێکی ترەوە پەیوەندی بەمەسەلەکانی جەنگی ئەتۆمیشەوە هەبوو، چونکە ئامانجی بە پەلەی سیاسی هەموو مشتومڕێکی نێودەوڵەتی لەوانەیە لەسەر دەسڕۆیی بەسەر سەرزەمینێکدا بووبێ، تەنانەت ئەگەر هۆیە بنەڕەتیەکەی خۆی لەرکەبەرایەتی کردنی ئایدیۆلۆجی، یان نیگەرانییەکانی تایبەت بە هاوسەنگی هێزدا حەشاردا بووبێ. دەتوانرێ بوترێ کە بێگومان مەرامی خاکیشی تێدا بووە (وەك بارودۆخەکەی بەلجیکیا لەیەکەمین جەنگی جیهان بەرامبەر بە ئەڵمانیاو بەریتانیا) بۆ ئەوەی لەدانوستاندنەکانی ئاشتیو لەپێناو مەرامی سیاسیو سومبلی ئاشتیخوازیدا بەکاربهێنرێ. ((٨١))

واتە بەرواڵەت وا دەهاتە بەرچاو کە جەنگ دەیەوێ، تەنانەت ئەگەر دۆخێکی خێراش دەرنەکەوێ، خۆی دووچاری دەرگیرییەك لەپێناو کۆنترۆڵ کردنی خاکێك بکا، هەرچەندە لەوانەیە گرفتاری فراوانتر لەپشتیەوە خۆی حەشار دابێ. سەرەنجام بەجارێ توخمە کلاسیکییەکانی ((خاك))و ((هێزە چەکدارەکان)) دووبارە دەخرێنە ناو حساباتی ستراتیجییەوەو لەگەڵ ئەمانەدا سەروگێولاکی ((ناکۆکی))ش پەیدا دەبێتەوە. لەمجۆرە هەلومەرجەدا هەموو ئەو تێڕامانانەی لەلایەن کلاوزەڤتزەوە شیکارو لێك درابوونەوە، پەیوەندییان بە یەك سەدە پێش یان ١٥٠٠ ساڵ پێشترەوە هەبووە.






بەڵام مەسەلەی داگیرکردنی سەر زەمینێك خۆی لەخۆیدا پێویست بە چاودێری کردنی خەڵکانێك دەکا کە لەم سەرزەوییەدا دەژینو لەمبارەیەوە گۆشەنیگای کلاوزەڤتز بۆنەیەکی دێرینەی هەیە. پێویستە بوترێ، سەرجەم ڕێنماییەکانی ناوبراو دەربارەی بەشداریکردنی خەڵك لەجەنگا، لە فەسڵی بەناوبانگی ((جەماوەری چەکداردا)) بەرچاو ناکەوێ و هەمیشە لەجێگای خۆیدا دروست بە بەڵگە نەهێنراوەتەوە، بەڵام ئەوەی کلاوزەڤتز ویستویەتی لەبارەی پرۆسەی سیاسیی مەودا دوورەوە بیڵێ، بریتی بووە لەئیجباری کردنی ئەمجۆرە بەشداریکردنە، چ جای ئەمەی کەسێکی رازی یان نارازی هەبێ. جەماوەر بە رواڵەت زۆرکەم بوار دەدا چارەنووسە سیاسییەکەی بە دوور لەبەرچاوی دیاری بکرێ. ماوسی تۆنگو تیۆری داڕێژەرانی جەنگی شۆڕشگێڕانە، گرنگییەکی بەرچاویان دەدایە ئەم ڕەهەندە کۆمەڵایەتییە، کە لەوانەیە تەنها لەمەیدانی ((جەنگە رزگاریخوازەکاندا)) بگونجایە، بەڵام ئەمە بابەتێکە ستراتیجیستەکان لەهەموو بارودۆخێکدا دەیکەنە دەستمایەی خۆیان. نوخبەی مارکسیستە سەربازییەکان لەڕووی کێشە تەوەرییەکانەوە، لەبەراورد لەگەڵ بەرهەڵستکارە جۆراو جۆرەکانیان لەرۆژئاوا، کە لەژێر کاریگەری توندی تەکنەلۆجیو جیۆپۆلەتیکدان، رەوشێکی بیرکردنەوەی ئیجگار واقعبینانە تریان هەیە. ئەگەر جەماوەر خۆی لەکاتی پێویستدا ئامادە نەبێ بەشداری بەرگری کردن لەوڵات بکا، ئەوا لەماوەیەکی دووردا ناتوانێ بە ئاسودەیی بمێنێو ئەگەر ئامادە نەبێ بۆ ماوەیەکی نادیاریکراو، سەرکەوتنی بێگانە قبوڵ بکا، ئەوا ئەم سەرکەوتنە بۆ



ماوەیەکی دوور درێژە ناکێشێ. کەواتە جێی خۆیەتی وەك کلاوزەڤتز، بابەتەکە بەو پێناسەیەی خۆی بۆ جەنگ وەك ((سێکوچکەیەکی بەرجەستە)) کۆتایی پێبهێنین.

توندو تیژیی ئەزەلی، کە تێکەڵەیەکە لەنەفرەتو دوژمنایەتی، وەك هێزی کیۆری سروشت کاردەکاو یاری (شانسو ئەگەر) کە رۆحی داهێنەری ئازادانە تێدا دەخولێتەوەو توخمە وا بەستەکەی، وەك ئامرازی سیاسی، کە دەیکاتە تابعی تەنها عەقڵ. سیمای یەکەمی ئەم سیانە بەزۆری پەیوەندیی بە جەماوەرەوە هەیە.، دووەم بە فەرمانەدەو سوپاکەیەوەو سێهەم بە حکومەتەوە. ئەم سێ مەیلە، کە وەك سێ کۆمەڵە یاسای جیاجیا لەقەڵەم دەدرێنو لەرووی بابەتەوە ریشەی قوڵیان هەیە، هێشتا لەرووی پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا لەقن. ئەو تیۆرییەی هەر یەکە لەمانە رەچاو نەکا یان هەوڵی دیاریکردنی پەیوەندییەکی هەمیشەیی لەنێوانیاندا بدا، ئەوا پێچەوانەی واقع رەفتار دەکا، بەرادەیەك کە تەنها لەبەر ئەم هۆیە، بەتیۆرییەکی بە تەواوی پووچ دادەنرێ.

ئەمە بوو سەرەنجامی ووتاری کلاوزەڤتز. کۆتاییەك، کە دەکرێ بۆ دەستپێکی کاری بیریاری هاوچەرخی ستراتیجی، ببێتە سەرەتایەکی باش.




